# پەراوێزەکانی شانۆ

## نیهاد جامی

## کەرکوک ٢٠٠٨



ناوی کتێب: پەراوێزەکانی شانۆ

ناوی نووسەر: نیهاد جامی

جۆری کتێب: گفتوگۆی شانۆیی

تایپ و هەڵەچنی: شکۆ عومەر

بەرگ: عومەر سەیدە

دەرهێنانی هونەری: گۆڤاری شانۆکار

تیراژ: ٥٠٠

چاپخانە: ئەرابخا

زنجیرەی (٢)

لەپرۆژەی چاپکردنی کتێبی

تیپی شانۆی سێ کانی کەرکوک

**بۆ هونەرمەند فواد جەلال ئەو کاتەی ڕاپەڕین سەری هەڵدا و خەڵک گرفتی گیرفانی هەبوو ئەو لە پڕۆژەیەکی ئەزموونکاری بەناوی ئەمیبای کەلاوەکان ئێمەی بۆ پڕۆژەی ئیشکردن لەسەر جەستە و دەنگ کۆکردەوە ئەم کتێبە ئەمەک و وەفا و خۆشەویستیە بۆ ئەو شانۆکارە لەهەر کوێیەکی ئەم دنیایە بێت**



## دەروازەیەك بۆ گفتوگۆ

نووسینەوەی ئەزموونی کارکردن بەشیکی ڕوونی سیماکانی ئەزموونەکە دەردەخەن، بۆیە ئەو شێوە لەگەڵ تازە بوونی لەڕۆشنبیری شانۆیمان، بەلاّم هەولّێکی ناوازەیە بۆ خوێندنەوەی ئەزموونەکانمان، سەرچاوەیەکیشە بۆ قسە لەسەر کردن لەسەر هەولّی ئەزموونکاری و ئەزموونە جیاوازەکانی کاری شانۆییمان، بۆ ئەوەش ئێمە کتێبی (شانۆی پۆست مۆدێرنیتی) مان بۆ تەرخان کرد، ئەوەی لەم کتێبەش دەخوێنرێتەوە، هەر بەشێکی تری ئەو ئەزموونانەیە، بەلاّم لەشێوازێکی جیاواز، بەهۆی ئەوەی ئەمجارەیان هەلّنەساوین بە توێژینەوەیکی شانۆیی، بەلّکو لەڕێگەی گفتوگۆ و دەیالۆگەوە، بۆ ئەوەی سنووری توێژینەوە بگوازینەوە بۆ دەیالۆگ، ئەوەش بەرەنجامی ساتەوەختی کارکردنی ئێمەیە لە شانۆدا، دەشیَ قسەکردنەکان هەندێکیان پەیوەست بووبن بەو دۆخەی ساتەوەختی ئەزموونەکە گرتوویەتیە خۆی، بەلاّم بڕوای تەواومان بەوە هەبوو کە ئەوانە دیدی ئێمەنە لەسەر ئەو ئەزمونانە بەتایبەت ئەو دیدارەی سەرەتای کتێبەکە کە لەبنەڕەتدا بۆ مالّپەری فوانیسی شانۆی ئوردنی ئەنجامدراوە، ویستوومان سیماکانی ئەزموونی شانۆیمانی تیا بخەینە ڕوو، دیارە ئەو کتێبە گفتوگۆی جیاواز دێنێتە کایەوە، بەلاّم دواجار ئەوانە قسەی ئێمەن لەسەر ئەزموونەکان، قسەکردنێکی ڕەخنەییە لەسەر کارەکان و بەتایبەت بەدوای (٩) کاری شانۆیی ئەمڕۆ ئەو کتێبە یەکێکە لە پێداویستیەکانی گوتاری ڕەخنەییمان، تاوەکو ئەمجارە بۆچوونی ئێمە لەسەر کارەکانمان ڕوون بێت، سوپاس و پەرۆشی هەموو ئەمانەش لەیاد ناکەین کە لەکاتی کارە شانۆیەکان ئەم دیدارانەیان لەگەڵ ئەنجام داوین، سووربوونی ئەوان لەسەر ئەو جۆرە دیدارانە وای کردووە عەشقی ئێمە زیاتر لەناو ئەو شانۆیە قوولّبێتەوە، ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئەمڕۆ ئەو کتێبەش لەدایك نەدەبوو، لێرەدا خۆم بە قەرزاری هەموو ئەوانە دەزانم کە گفتوگۆکانیان لەگەلّماندا ئەنجامداوە، ڕۆلی ئەوان هەرگیز لە ڕۆلّی هیچ ئەندامێکی تیپی شانۆی ئەزمونگەری لە ئەزمونەکان کەمتر نابینین، بۆیە داوایان لێدەکەم بە گەورەیی خۆیان ئەو کتێبەمان لێ قەبووڵ بکەن.

# ئاشنابوون بە شانۆ

## سازدانی: عەبدوللا کاکەیی

*** سەرەتاکانت لەگەڵ شانۆ چۆن بوو؟**

– سەرەتا لە کۆتایی هەشتاکان لە مەڵبەندی لاوانی عەنکاوەی هەولێر لە تیپێکی شانۆیی لاوان وەك ئەکتەر بەشداریم کرد، هەر ئەو ساڵە بەشداریم لە خولێکی شانۆیی کرد، دواتر ڕاپەڕین هات و هەڕەشەیەکی توندی لە خەونەکانمان کرد، مەبەستم خەونە شانۆییەکانە، ئەو ڕۆژگارە شانۆ کەوتە دەستی گروپەکانی حزبەوە، بۆیە شانۆیەکان هەر هەموویان باسیان لە سەرکەوتنی شۆڕش دەکرد لە دیمەنی سادە، لەو ساتەدا ئێمە بە شانۆکارێك ئاشنا بووین بەناوی (فواد جەلال) ئەو خەریکی کارێکی جیاواز بوو دەیویست شانۆیەك دەربهێنێت بەناوی (ئەمیبای کەلاوەکان) ئەو یەکەم کەس بوو منی فێری دەنگ کرد لە شانۆ، ئەوە یەکەم هەوڵی ڕاستەقینەم بووە لەگەڵ کەسێك ئەمڕۆ پێویستە ئەو ڕاسیتە بدرکێنم کە ئەو بە دەنگی ئاشنا کردم ئەگەرچی لە سنوورێکی بەرتەسك تەنانەت دواجار پڕۆڤەکانی تەواو نەکرد و بەرەو هەندەران ڕۆیشت، بەڵام ئەو ڕۆژانەی پڕۆڤە لای من وەك ساتەوەختە جوانەکانی ڕاپەڕین مانەوە، ئەوە مانای وانیە کە لەکاری تر بەشداریمان نەکردووە، بەدوای ئەو پڕۆژەیە لەچەند کارێکی شانۆیی وەك ئەکتەر دەرکەوتم هەڵبەت لە ئاستی جەماوەرەوە سەرکەوتوو بوو، بەڵام باوەڕ ناکەم ئەم کارانە لە ئاستی هونەری بەو ڕادەیە بووبن، کەس نرخی بۆ ئاستی هونەری دانەدەنا گرنگ شانۆ باسی شۆڕشی بکردبایە، هەر لەو کاتەدا خولیای نووسین و ڕەخنە کەوتە خەیاڵمەوە ئەوە بوو یەکەم هەوڵەکانم لەو بوارەدا دەست پێکرد، ساڵی ١٩٩٥ یەکەم کاری



شانۆییم دەرهێنا بەناوی (لەماڵێکدا) کە شانۆیەکی یەك پەردەیی بوو لە نوسینی جاك پریڤەر دەقەکەمان گۆڕی بۆ جولە و لەسەر شێوازی شانۆی ڕەشی چیکسلۆفاکی لە چوارچێوەی فێستڤاڵی یەکەمی شانۆی هەولێر کە وەزارەتی ڕۆشنبیری سازی کردبوو پێشکەش کرد سەرەنجام بەم نمایشە خەڵاتی باشترین دەرهێنەر و نمایشی فێستڤاڵەکەم بردەوە، دوو ساڵ دوای ئەم کارە ئەمجارە لە ١٩٩٧ لە فێستڤاڵی ڕۆژی جیهانی شانۆ بە شانۆگەری (ئەفسانەی ڕێگای هات و نەهات) ی دانا ڕەئوف بەشدایم کرد، جارێکیتر گۆڕینی دەق بۆ جولە و ڕەتکردنەوەی ووشە بووە خولیایەکی ترمان، لە ١٩٩٩ هەڵسام بە نووسینی سیناریۆیەکی شانۆیی و دەرم هێنا بەناوی (سەفەرەکانی پەشیمانی) لە ٢٠٠٠ شانۆگەری (عەبا) ی فەلاح شاکر و هەر لەم ساڵە شانۆگەری (لیدی ماکبێس) کە لە تەئویلی ئومێد حوسێن بوو بۆ دەقەکەی شکسپیر ئەوە یەکەم جار بوو بۆ من کار لە دەق وەك ووشە بکەم، پێم وابوو شانۆیەکی باش نەبوو، بۆیە بۆ ماوەیەك لە شانۆ دوورکەوتمەوە، لە ٢٠٠٥ بە شانۆگەری (یادەوەری جەستە) گەڕامەوە سیناریۆکەی بریتی بوو لەچەند هێلکاریەك لەڕۆژانی پرۆڤە گەشەی پێدرا، ساڵی دواتر بەرەو شاری کەرکوك هاتم و لێرە تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوکمان دامەزراند، لە بواری ئەزموونکردن لەسەر جەستە و شوێنەوارە مێژوویەکان لەماوەی ٢٠٠٦–٢٠٠٧ پێنج کاری شانۆیم دەرهێنا ئەوانیش (پڕۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ، خاچ، سەگ و دەف، زولێخا لە خەونی یوسفدا، هاملێتی کەرکوك) دواتر بەو پرسیارەوە خەریك بووین کە ئایا دەکرێ بەبێ دەق و بیرۆکە شانۆ بە ئەنجام بگەیەنین؟ بەدوای ئەو پرسیارە پشکنینی دەنگ لەتەك جەستە بووە بەشێکی تری ئەزموونی ئێمە بۆ شانۆیەکی فرە کولتوری لەو شانۆیەدا لەماوەی ٢٠٠٧–٢٠٠٨ ئەم نمایشانەمان

پێشکەش کرد (یادەوەری دەنگ، ئۆدیبی زەردەشت، حیکایەتی لم، ئەنتیگۆنای قەلاّ )

*** کاریگەری کێت بەسەرەوەیە؟**

ئیشکردنی من لە شانۆدا هەڵگری گوتارێکی جوانکاری و فەلسەفیی بووە، باوەڕ ناکەم کاریگەری هیچ شانۆکارێکی کورد یا عیراقیم بەسەرەوە بێت، ئەگەرچی سەرەتای کارکردنم ئینتیمام دەکرد بۆ مانیفێستە وێنەیەکانی د. سەلاّح ئەڵقەسەب و بە هەوڵێکی جدیم دادەنا و پێشم وابوو ئەوە ئەو شانۆییە کە شانۆیەکە بەرەو زمانێکی هونەری و ڕاستەقینەمان دەبات، ئەگەرچی لە ئێستادا سەرنجێکی زۆرم هەیە لەسەر مانیفێست و نووسینەکانی، دیارە لە سەر ئاستی شانۆی کوردی ئێمەی نەوەی ڕاپەڕین لەدایکبووی زەمەنی شەڕ و وێرانەین، بۆیە متمانەمان لەسەر خۆمان کرد، ئەزموونی نەوەی ئێمە جیاوازە، بەلاّم لە ئاستی تیۆریەوە من سەرسامم بە تێزە ئەزموونگەریەکانی شەماڵ عومەری ڕابەری شانۆی ئەزموونگەریمان، بەلاّم ئەگەر لەپرسیارەکەتدا مەبەستت لەتێزی داهێنەرانی شانۆی جیهانیە، ئەمەوێ بڵێم کەمن خوازیاری ئەوەم کوڕی شەرعی شانۆی ئەزموونگەری بم، لەو ڕوانگەوە سەرسامم بە شانۆی ئارتۆ، هەر بۆیە ئەگەر بیرت بێت لە ئەزموونەکانی یتپەکەمان دوو پڕۆژەمان بۆ شانۆی ئارتۆ تەرخان کرد (سەگ و دەف) و (زولێخا لەخەونی یوسفدا) هەمیشە بەرەو گرۆتۆفسکیش دەگەڕێمەوە، بۆیە لە (هاملێتی کەرکوك) بۆ داڕشتنەوەی پانتایی لەتێڕوانینی گرۆتۆفسکی چارەسەری پانتایی شانۆ کرابوو، ئەوەش شوورەییەك نیە، هەمیشە دەمەوێ ئەو کاریگەریە بگۆڕم بۆ خولْقاندنی جیهانێکی نوێ، ئەو جیهانە ئاسوودەم دەکات لەبەر ئەوەی شانۆ



لە کەرکوك لەڕێگەی ئەو جیهانەوە گۆڕیمان بەرەو شانۆیەکی ئەزموونی.

*** بۆچی لەکەرکوك شانۆی ئەزموونگەریت هەڵبژارد؟ ئایا ئەوانەی نمایشیان دەکەیت ئەزموونگەرین؟**

– شانۆ لە کەرکوك تا ئەو ساڵاّنەی دوایی وەك هونەر نەبووە، بەڵکو وەك ئارەزووی دەرکەوتن بووە، ئێمە ڕووبەرووی ئەو تێگەیشتنە بووینەوە، ئەوە شتێکی ئاسان نەبوو، نا بەڵکو زۆر زەحمەت بوو، ڕووبەرووی ئاستەنگی زۆر بووینەتەوە، خولیای شانۆیەکی هاودژم هەبوو، بۆیە هەڵسماین بە دامەزراندنی تیپی شانۆی ئەزموونگەری، ئەو تیپە وەك تیپەکانی تر نەبوو، چونکە هەر لەسەرەتاوە بەپێی ڕیبۆرتوارێکی شانۆیی بەڕێوە چووە ئەویش پڕۆژەی ساڵاّنە بووە لە شانۆدا، ئەزموونمان کردووە بۆ ئەوەی شانۆیەك بنیات بنێین ئاسۆیەکی هونەری و فەلسەفی بەڕوودا بکەینەوە، نەك هەر بە قسەی من بەڵکو بە ووتەی کەسانی جدی بوارەکە، بۆیە من ئەزموون ناکەم لەسەر ئاستی شانۆی کەرکوك، بەڵکو لەسەر ئاستی گوتاری ئەزموونگەری لە شانۆی دنیادا، بەوەی دەبێ ئەزموونەکان خاوەنی ئاگایەکی هەنووکەیی شانۆی جیهانی بێت، بۆیە ئەوە دڵنیایمان پێ دەبەخشێت کە کارەکانمان ئەزموونگەرین.

*** هەندێك دەڵێن "هونەر لەپێناو هونەردایە" هەشە باوەڕی وایە "هونەر بۆ خەڵکە" تۆ باوەڕت بەکام لەو درووشمانە هەیە؟**

– لەشانۆدا باوەڕم بەهیچ درووشمێك نیە، شانۆ گوتارێکی ئیستاتیکی و فەلسەفیە، بەلاّم ئەوانە کێن بینەری ئەو کارانەن؟ ئەو پرسیارە تووشی موحەیریمان دەکات، بۆیە کاتێ گوتار ئینتیما دەکات بۆ ئاسۆی فەلسەفی پێویستە جەخت بکرێتە سەر ئەوەی کە نمایشە شانۆیەکانمان بۆ خەڵکانێکی ڕوناکبیر پێشکەش بکەین،

ئەوانەی چێژ لەکاری شانۆیی جدی دەبینن، نەك بینەرێك كە بۆ كات كوشتن و یان چارەسەر كردنی كێشەكانی دێتە شانۆ، من چارەسەری كێشەكان ناكەم، بەڵكو بینەرە فرێدەدەمە جیهانی خەیاڵ و ڕەنگ.. دەیخەمە ناو زەمەنی یادەوەری، یادەوەری.. خەونێكە لەمەملەكەتی خەون، گەڕانەوەیەكی زەمەنیە بۆ یادەوەری كوردی، ئەو یادەوەریە متمانە دەكاتە سەر سرووتە ئاینیەكان و ئەو دەنگانەی كە لە هزرماندا دەژین، هەموو ئەمانە پێویستیان بە سیستمی گوتار هەیە تاوەكو نمایش دابمەزرێنن، بەدوای دامەزراندنی نمایش، وەرگر بڕیاری ئەوە دەدات كە ئەو ئینتیما بۆ ئەو نمایشە دەكات یاخود ڕەتی دەكاتەوە، بەلاّم هەمیشە پێویستمان بە وەرگرێكە خاوەنی سامانێكی ڕۆشنبیری و فیكری بێت، تاوەكو توانای خوێندنەوەی هەبێت بۆ بونیادی ئاهەنگی دەنگ و بونیادی كولتوریی جەستە.

*** پێشتر ووتوتە كە كارەكانت بۆ نوخبەیە، بە بڕوای تۆ وەرگرێكی نوخبەمان هەیە؟**

– ئەو وەرگرەی كە بە نوخبە ناوی دەبەین، زەروور نیە شانۆكار بێت، دەشێ ئەو نوخبەیە بریتی بێت لە شێوەكاران یا ڕۆژنامەنووسان یاخود پسپۆڕانی بوارەكانی كۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژی، بەلاّم وەك تۆ ئەپرسی ئایا ئەو نوخبەیە لە كەركوك هەیە؟ بەداخێكی زۆرەوە شانۆكاران تەواوی ئەو نوخبەیە پێك ناهێنن، بەلاّم ئیمە لەوە تێدەگەین كە چۆن بانگی بینەرەكەمان دەكەین، ئەوانەش بریتین لە كۆمەڵە گەنجێكی هوشیار لەداهاتوویەكی نزیكدا هەر ئەو بینەرە دەبێتەوە بە ڕۆشنبیری ئم شارە، سەرباری كەمی شارەزایی و ڕۆشنبیریان، سەبارەت بەو بینەرە دەڵێم ئەوان لەسەرەتای ڕێگاكەدان، دیارە كاتێ ئەو بینەرە ئامادەیی نەبوو ناتوانم بە كێشەی سەرەكی سەیری بكەم، چونكە



من خەریكی شانۆم، ناكرێ كار نەكەم بە بیانووی نەبوونی بینەر، ئەگەر كۆكردنەوەی بینەر بۆ ئەوە بێت دیمەنی گاڵتەجاری بۆ نمایش بكرێ ئەوا من ئینتیما بۆ ئەو شێوە كارانە ناكەم، بەڵكو ئینتیماكردنێكی ڕاستەوخۆم هەیە بۆ بینەرانێك كە توێژێكی ڕۆشنبیرن، ئەوان ئینتیما بۆ جیهانە شانۆیەكان دەكەن، زۆر خۆشحاڵ دەبم كاتێ سێ ڕۆشنبیری بە ئاگا بینەری كارەكەم بێت باشترە لەوەی ٢٠٠ كەس بینەرت بێت و هیچ لە گوتاری بینین تێنەگات.

*** تێبینی ئەوە دەكەین لەزۆربەی كارەكانت تەسەوف و نەریتە باوەكان و ئاگر هەیە، بۆچی سووری لەسەر ئەوانە؟**

– پیرۆزگەرایی گوتاری ئەزموونگەریمانە، ئێمە لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ سرووتە كۆنەكان شتە چەپێنراوەكانی ناو جەستەی مرۆیمان دەتەقێنینەوە، ئاگر بەتەنیا ڕەمز نیە بۆ ئاینە كۆنەكانی وەك زەردەشتیەت، پەیوەندی من وەك شانۆكارێكی كرود بە ئاگرەوە پەیوەندیەكی ڕۆحیە بۆ پاكژبوونەوە، كە ڕەهەندی فەلسەفی خەونی تیا دەخوێنینەوە، وەك بینیتان لە (ئۆدیبی زەردەشت) ئاگر ئاگر نەبوو بەڵكو لای جەستەكان دیدگای بینین بوو، ئەوە لەڕێگەی گەڕانەوەبۆ ڕابردوو بەدوای دەگەڕێین، ئەو گەڕانە بنیاتنانی شانۆیەكی ئەزموونگەوری هاودژە، لەو دوو ئەزموونەی دوایی (حیكایەتی لم) و (ئەنتیگۆنای قەلاّ) هەموو ئەو سرووتانەی پێش خۆی بنیاتی نابوو، ئەو دوو ئەزموونە تێكی شكاند، ئەوەش گوزارشت لە تێگەیشتنمان بۆ شانۆ دەكات، چونكە سرووت بەتەنیا گوزارشت نیە لە ئاگر و نەریتە ئاینیەكان، ئێمە لە شانۆگەری (ئەنتیگۆنای قەلاّ) متمانەمان كردە سەر كۆپلە شیعرێكی بۆدلێر، هەروەها بۆ دیدی فەلسەفی نیتچە لە كتێبی (وەهای ووت

زەردەشت) ئەوەش دەرخستنی حەقیقەتێکی سادەیە کە ئەویش ئەوەیە: سرووت شانۆکار دەیخوڵقێنێ نەك ئاینەکان.

*** دووفاقیەتی کەسانێك کەبەخۆیان دەڵێن شانۆکار ئایا کاریگەری خراپی بەجێ نەهێشتووە لەسەر تۆ و تیپی شانۆی ئەزموونگەری؟**

– ڕێزیان لێدەگریان بەهۆی بێدەنگیەکەیان.. ئەوانە لەگەڵ خۆماندا نەیانتوانیوە دەرگای گفتوگۆ بکەنەوە، گرنگ نیە کاتێ دەچنەوە هۆڵی موحازەرات چی بە خوێندکارەکان دەڵێن، گرنگ ئەوەیە کە دێنە کارێکی ئێمە تووشی سەرسووڕمان دێن، بەڕادەیەك بەکارەکانمان سەرسامن کاتێ پیرۆزبایمان لێ دەکەن وەك کاری ئەزموونگەری سەیری دەکەن، لەگەڵ ڕێزمدا ئەوان لەگەڵ خۆیان دووفاقن نەك لەگەڵ شانۆ، بە بەڵگەی ئەوەی بوێری ئەوەیان تیا نیە ئەوەی هەیانە بینووسن یان بێن لە کۆڕەکان بیرووژێنن، دیارە ڕێزیان لێ دەگرین بەهۆی ئەوەی مافی خۆیانە تێنەگەن، لەبەر ئەوەی بەو کارانە تووشی سەرسووڕمان دێن تا ڕادەی ترس، ئەو ترسە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە بۆ قۆناغی دانیشتن و کارنەکردنیان، کە لەخۆیان دەپرسن: ئایا ئەو کارانە لەسەر نەخشەی شانۆی کەرکوك ئەوان دەسڕێتەوە؟ من پێیان دەڵێم مەترسن ئێوە ڕۆژێك لە ڕۆژان شانۆکار نەبوونە تا لەجیهانە ئەزمونگەریەکەی ئێمە تێبگەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان دەتوانن شانۆیەك بکەن کە بە شانۆی سوونەتی ناو دەبرێت، بەڵام بیرت نەچێت شانۆیەکی ئاست لاواز خۆ ئەوەشمان زۆرجار بینیووە، لەپاڵ ئەوە ئێمە بۆ ئەوە تیپەکەمان دامەزراند تاوەکو گوتاری باو بگۆڕین، لەبەرئەوەی هەست بە ئەزموونکاریەتی و بنیاتنانی شانۆیەکی ئەزموونگەری دەکەینەوە.

*** چۆن بیر لە کاری شانۆکارانی عیراقی و کورد دەکەیتەوە؟**



– شانۆی عیراقی خاوەنی مێژوویەکی جوانە، بەڵام هەندێك قۆناغی مێژوویی هەیە هونەر دەگۆڕن بۆ قۆناغی پێچەوانە کراو، داهێنەرانی شانۆی عیراقی دەبێ بگەڕێنەوە وولاتەکەیان لەبەر ئەوەی بوونیان لەوولاتانی تر ناتوانێ خزمەت بە شانۆی عیراقی بگەیەنێت، ئەگەرچی باوەڕی پتەوم بەوە هەیە کە شانۆ دیاردەیەکی خۆرئاواییە نەك نەتەوەیی، ئەگەرچی من شانۆکارێکی کوردم شانازی بە کوردبوونم دەکەم لە شانۆدا، لەبەر ئەوەی ئێمە لە شانۆی ئەزموونگەری کوردی لەبۆشایی لەدایك نەبووینەوە، من هاتوومەتە ناو ئەو شانۆیە تا بەردەوامی ببەخشم و ئەزموونی جیاواز بنیات بنێین، ئەزموونێك جیاواز بێت لە ئەزموونی نەوەی ئەزموونکاری پێش خۆمان، ئەو نەوەیەی گوتاری ئەزموونگەری لەلا کەشف کردین لەکاری داهێنەران (ئەحمەد سالار، شەماڵ عومەر، نیگار حەسیب قەرەداغی، دانا رەئووف، ڕزگار ئەمین، میدیا رەئووف، گەیزە، بەکر ڕەشید، کامەران رەئووف، فواد جەلال) سەبارەت بە شانۆی کەرکوکیش ئەڵێم ئێمە ڕێگایەکی سەختمان بڕی، بەڵام توانیمان نهێنی پیرۆزی بۆ شانۆ بدۆزینەوە، بۆیە ئایندەی شانۆییمان ڕوونە و داهاتووش بۆ ئێمەیە.



# له (هاملێتی كەركوك) كەس بێگوناه نیە

## سازدانی: كاردۆ

لە ئێوارەیەكی گەرمی هاوینی ئەمساڵدا . بەبانگهێشتی تیپی شانۆی ئەزمونگەری كەركوك .بووم بە بینەرێكی نمایشی ( هاملێتی كەركوك ) كە نمایشكارانی سەر بە تیپی ناوبراو وەك دوایین پرۆژەی قۆناغێكی دیكەی خۆیان لە خانوویەكی كۆنی دوونهۆمی قەڵای كەركوك دا نمایشیان كرد، لە ڕاستیدا جەخت كردنەوەی ئەم تیپە لە سەر گرنگی شوێن و گەڕان بە دوای دۆزینەوەی پەیوەندی نوێ لە نێوان (وەرگر ) و ( نمایش) هەروەها هەوڵدان بۆ ئاشكراكردنی توانا سوپەر سروشتیەكانی ئەكتەر. هەموو ئەمانە بەسوود وەرگرتن لە تیۆرەكانی (گرۆتۆفسكی و ئارتۆ و پیتەر بروك) هاندەری من بوو بۆ ئەوەی بانگهێشتی چەند كەسێك بكەم كە لە بواری بزووتنەوەی شانۆی شارەكەدا كاردەكەن و خۆیان بە خاوەنی بزووتنەوەكە دەزانن. ئەویش بە مەبەستی ئەنجامدانی گفتوكۆیەكی چەند قوڵی لە بارەی پرۆژەكانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری كەركوك بەگشتی و نمایشی هاملێت وەك نمونە، بەڵام دیاربوو زۆرینەی ئەو بەرێزانەی كە بانگهێشت كرابون، لەگەڵ رێزم بۆیان بە بیانووی سەیر و دوور لە ( لۆژیك ) ئامادەی گفتوگۆكە نەبوون هۆكارەكەشی ڕوون و ئاشكرایە، ئەویش ئەوەیە كە یەكێك لە گرفتە هەرە گەورەكانی بزووتنەوەی شانۆیی لە شارەكەدا لەوەتەی سەریهەڵداوە بەتایبەت لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە، ئەوەیە زۆربەی ئەوانەی خۆیان بە خاوەنی بزووتنەكە ئەزانن لەبەر نەبوونی هۆشیاری شانۆیی ئامادەنین یەك گفتوگۆی شێلگیرانە لە مەڕ شانۆ بكەن، ناڵێم هەمووی، بەڵكو زۆربەیان، بە هەرحاڵ بەهۆی ئامادە نەبوونی ئەو بەرێزانە ئەوەی لە هزرمدا بوو بۆ گفتوگۆكە سەری نەگرت ناچار لای ( نیهاد جامی ) دەرهێنەری تیپی شانۆی ئەزموونگەری كەركوك پێشنیاری ئەوەم كرد كە لە بارەی ( هاملێتی كەركوك ) ەوە دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجام بدەم. سوپاسیشی دەكەم كە داواكەی بەجێهێنام خوازیارم



لەم دیمانەیەدا بتوانین ببینە ئەنگیزەیەك بۆ ڕێگرتن لەوەی ئەزموونەكانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری كەركوك ببێتە قوربانی گرفتی نەبوونی ڕەخنە و گفتوگۆی شانۆیی .

*** مەرگەساتی هاملێت بە درێژایی مێژووی خۆی بایەخی زۆری پێدراوە و كاریگەری هەبووە بەسەر یادەوەری وەرگرەوە، ڕەنگە هۆكارەكەشی ئەوە بێت كە جیاواز لە هەر دەقێكی تر توانیبێتی ڕۆبچێتە ناخی مرۆڤەكانەوە و وێنای حەزە جیاوازەكانیان بكات لەگەڵ ئەوەشدا ( تی سی ئەلیوت ) پێیوایە هاملێت چێژێكی زۆر دەبەخشێت و هاوكات هزری رەخنەگر تێر ناكات و ئەوەی كە هەیە تەنها هەستی كوڕێكە بەرامبەر دایكێكی تاوانبار. لە بەرامبەریشدا رەخنەگرێكی زۆریش هەن كەپێیان وایە ( ئەلیوت ) تەنها لەمیانی كارەكتەری هاملێتەوە تێكستەكەی هەڵسەنگاندووە و بایەخی بەو كۆمەڵگایە نەداوە كە هاملێت دەیەوێت تێیدا بوونی خۆی بسەلمێنێت، هەموو ئەم بۆچوونانە وا دەكەن كە دەست بردن بۆ تێكستێكی وا هێندە ئاسان نەبێت تەنانەت زۆرێك لەو دەرهێنەرانەی كە بە شێوازی نوێژەن كاریان كردووە بە حەزەرەوە كاریان لەسەر كردووە، پێم باشە لێرەوە دەرگای پرسیارەكان بخەمە سەر پشت. سەرەتاش بۆ بە كەركووكی كردنی هاملێت؟ ئەی تاچەند توانرابوو لە میانی داڕشتنەوەیەكی نوێدا تایبەتمەندی بە هاملێتی كەركووك بدرێت؟**

ٍ– پێش هەموو شتێك پرسیارێك كە بۆمن زۆر گرنگ بێت، ئەوەیە شكسپیر چی بە ئێمە دەبەخشێ؟ ئێمە چی بە شكسپیر ئەبەخشینەوە؟ ڕزگاركردنی شكسپیر لە ڕەفە تۆز لێنیشتووی كتێبخانەكان یەكێكە لە كارەكانی هەر دەرهێنەرێكی ئەزموونكار ئەگەر خوێندنەوەی بۆ شكسپیر هەبێت. بۆیە سەیر نیە كاتێك دەرهێنەرێكی وەك ( پیتەر بروك ) لە كتێبێكیدا ئاماژە بۆئەوە ئەكات ئەو شانۆیەی كە دەرهێنەر پێش پرۆڤەكان خۆی بۆ ئامادە كردوە بە قەڵەم و كاغەز هێڵكارییەكی بۆ كردووە و بەرنامەی بۆ داڕشتووە ئەوە شانۆیەكی مردووە، شانۆی مردوو لای ( بروك ) یەكێكە لەو شانۆیانەی

کەبەردەوام لە دەقە کلاسیکیەکاندا بە تایبەتی، کە دەرهێنەر پابەندیان دەبێت شانۆیەکی مردوومان پێدەبەخشیت، چونکە ئێمە ئاشتاین بە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەو تێکستە، بۆمن شکسپیر جگە لە دەقێکی کۆنی تۆز لێنیشتوو هیچ شتێك نیە، ئەگەر بە پێی ئەو گریمانە ئەدەبیەی شکسپیر کاری تیا بکەمەوە، من ئەمویست هاملێت بەپێی هەموو خسوسیاتێك و تایبەتمەندییەك جیاواز بێت، بەلاَم من روئیایەکی موتەکاملم نیە لە کاتی پرۆڤە، یانی لەسەر کاغەز ناینوسمەوە، همیشە جەخت لەسەر ئەوە ئەکەینەوە دەلـێین دەقی شانۆیی بەقەلەم و کاغەز نانوسرێتەوە، دەقی شانۆیی لە کاتی پرۆڤەدا ئەنوسرێتەوە، واتە نووسینەوەی جەستەیە لە بۆشاییدا. بۆیە هاملێت لای ئێمە راستە من بیرۆکە یەکم هەبوو کە نوسیبووم، ئەو بیرۆکەیە سەرەتا ناوم نابوو ( ئاهەنگی ماڵـئاوایی هاملێت) سەرەتا بۆ کەنیسە نوسیبووم کە ( کەنیسەی حەمرا ) بوو دواتر شوێنەکە لەرووی فەزاو پانتاییەوە ئەو شوێنە شیاو نەبوو. ئیتر ئەوە بوو لەگەڵ ئەکتەرەکان لە قەلاَی کەرکووك دەستمان کرد بە گەڕان بۆئەوەی شوێنێکی شیاو بدۆزینەوە و کارەکەی تیا نمایش بکەین، ئەوە بوو لەسەر یەکێك لە خانووەکانی قەلاَ گیرساینەوە، دیارە ئەکتەرەکان شوێنەکەیان پێ باش بوو بۆ کارە شانۆییەکە، بەلاَم من پێم وابوو شوێنێکی خراپە بۆ نمایشی هاملێت، شوێنەکە خانوویەکی دوو نهۆمی بوو، من ئەوەی ئەمکرد بە دلَم نەبوو رەنگە هۆکارەکەی من ئەوە بوبێت کە خەیاڵێکم هەبوو دەمویست هاملێت بەوجۆرە لەو شوێنەدا بکەم . کە شوێنەکەم بینی هاو دژی بیرۆکەکەی من بوو، بۆیە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ئەو بیرۆکەیەی من نوسیبووم هیچ بوونی نەما ، هاملێت ئە لەوێوە دەستی پێکرد کە ئیمە بە پێی خاسیەتی شوێنەکە ئەنجامماندا. ئەمە وای لە من کرد هەموو دەلالەت و مانایەك کە لە خەیاڵمدا بێت بگۆڕێت، دەلالەت و مانا لە هاملێتی کەرکوك لەو خانووە بنیاتنرا، یانی بەپێی تایبەتمەندێتی شوێنەکە مانا ئەخولقێنرێتەوە، قسەیەکی زۆر هەیە کە لە دوای ئیشەکەوە ڕوو بەڕوومان ئەکرێتەوە. ئەویش ئەوەیە بۆ هاملێتی



کەرکووك؟ دیارە ناونانی هاملێت بە هاملێتی کەرکووك دەرکردنی هاملێتە لە پاشایەکی دانیمارکییەوە بۆ خاسیەتی ئێرە بوون و کەرکووکی بوون، بە ئێرەکردنی هاملێت بەمانای گۆڕینی هەموو پەیوەندیە دەلالیەکانی شکسپیر، بەو مانایەی کە دەقی شانۆیی بۆ ئێمە جگە لە بیرۆکەیەکی لە کارکەوتووی مردوو زیاتر نیە. ئێمە چۆن ئەو دەقە زیندوو ئەکەینەوە، هەندێ کەس پێیان وایە دەق پیرۆزە، پیرۆزی بەو مانایەی کە دەبێت بە پێی گرێمانەکانی نوسەر بکەین و ئێمەش پێمان وایە شکسپیر وەك نوسەری دەقەکە پیرۆزە، بۆئەوەی پیرۆزی شکسپیر بپارێزین دێین شکسپیر بەپێی ئەوە ئەکەین وەك بیرۆکە کە چۆن جارێکی تر شکسپیر زیندوو بکەینەوە، یانی تۆ ئەگەر ئەو هاملێتەی منت بینی و هاملێتێکیشت لە بەغدا بینی و هاملێتێکی دیکەش لە سەتەلایت لە کەناڵێکی بەریتانی ببینی و هەرسێ هاملێتەکە لە یەکچوون، واتا ئێمە لە خاڵێکدا کۆبووینەتەوە کە مردنی سێ دەرهێنەرە، بۆیە بە هەموو مانایەك هاملێتی کەرکوك دەبێت لە هەموو بابەتێکی تر جیاواز بوو بێت، لەبەرئەوەی بەرهەمی بیرکردنەوەی عەقلَی ئێمە بووە. بۆیە ئەڵێم لە بەرئەوەی لای ئێمە هاوکێشەیەك هەیە ئەو هاوکێشەیە ئەکرێ لە زۆربەی ئەزموونەکانی گوتاری ئەزموونگەریشمان لە شانۆی کوردیدا جیاوازبێت، هاوکێشەکان لە شانۆی کوردیدا هەمیشە ئەیانووت: (دەق ، دەرهێنەر ، ئەکتەر ) لای ئێمە شتی وانیە، دەرهێنەر پلەی یەکەمە، ئەکتەر بە پلەی دووەم، شوێن سێیەم، ئینجا دەق. یانی لای ئێمە دەق لە دوای شوێنیشەوە ئینجا دیت.

*** یانی هەروەکو ئەوەی گرۆتۆفسکی جەختی لەسەر کردووەتەوە دەق دوایین شتە؟**

– بەلَێ دوایین شتە، لەبەرئەوەی من بەبێ دەق ئەتوانم شانۆ بکەم، بەلاَم بەبێ شوێن و پانتاییەکی کراوە شانۆ بۆمن دروست نابێت. ئەوەش وامان لێ دەکات بەپێی خاسیەتی شوێن ئەزموونەکە بەرهەم بهێنین، کاتێك ئەزموونەکە بەرهەم دێنین و ناوی لێدەنێین هاملێتی کەرکوك، بەمانای رێك هەموو پەیوەندییە دەلالییەکانی هەموو پێکهاتەی وێنە شانۆییەکە، کە دواجار

گوزارشت لە هاملێت دەکات، هاملێتێکی جیاواز کە لە رووحی کەرکوکەوە هاتۆتە گۆ.

*** پرسیاری تایبەتمەندیم کرد لە هاملێتدا مەبەستم لە خودی هاملێت بوو وەکو ئەوەی بروک وەك موفارەقەیەك لەلای کارەکتەرەکانی دی و وەرگریشدا، هاملێتی وەك گێلێك نیشاندا ئاخۆ هیچ موفارەقەیەك لە هاملێتی کەرکوکدا هەبوو؟**

– هاملێتی کەرکوك لەوێ دەستی پێکرد کە دەقەکەی شکسپیر کۆتایی هات، لە کوێ شکسپیر کۆتایی پێ دێت، ئێمە لەوێوە دەست پێدەکەین، بۆیە سەیر نییە دیمەنی کۆتایی گۆڕستانەکە، سەرەتای ئیشکردنەوەی ئێمەیە لە هاملێت، کاتێك کە دەستی پێدەکەین، یەکەم ساتە وەختی نمایشەکە، ئۆڤیلیا شێت بووە، وەختێك هاملێت لە گۆڕستانەکە هەڵدەسێتەوە، کاتێك شێت بوونی ئۆڤیلیا دەبینێت، خاڵێك لە نمایشەکەدا هەبوو. کەم کەس هەستی پێدەکرد، ئێمە کە دوو نهۆم مان هەیە، تەعبیر لەوە ناکات خانوویەکی دوو نهۆمیمان هەیە، ئێمە خاسێتی دوو نهۆمیمان گۆڕی، نهۆمی خوارەوەمان کرد بە گۆڕستان، نهۆمی سەرەوە بوو بە زەمەنی یادەوەری کارەکتەر، ئەگەر بیرت بێت هاملێت یەك جار دەچێتە سەرەوە، ئەویش کاتێك کە لە یادەوەریدا دایکی پەیوەندییە سێکسیەکە دەبەستێت، بۆیە ئێمە لە شکسپیر چیمان وەرگرت، ئێمە چوار چێوەی دەقەکەمان وەرگرت، بەڵام هیچ مانایەکی شکسپیری نییە لای ئێمە، بۆیە کاتێك شکسپیر پەیوەندییەکی رۆحی پاکی لە نێوان هاملێت و ئۆڤیلیا دروست کرد ئەو پەیوەندییە لای ئێمە نەماوە، هەر لە سەرەتاوە لە نێوان هاملێت و ئۆڤیلیادا پەیوەندییەکی سێکسی زۆر توند و تیژ هەیە، جا بەر لە کوشتنی هاملێت کە کلۆدیس دەیکوژێت، لای شکسپیر شتی وا ڕووی نەداوە، کلۆدیس هاملێتی نەکوشتووە، ئۆڤیلیا لە ژوورەکەدا منالّی دەبێت دواتر ئۆڤیلیا چارەنووسی منالّە کە فڕێدەداتەوە ناو گۆڕستانەکە، هەموو ئەو شتانە ورد دەبن، زۆر جار کە خوێندنەوە بۆ هاملێت دەکرێت، هەمیشە غرترودی دایکی هاملێت گوناه بار دەکرێت، لای ئێمە



غرتود گوناهبار نەکرا، یانی هۆکارەکە زۆر گرنگ بوو، زۆرجار لە فەلسەفەی مارکسیدا پێمان دەڵێت هۆکاری ئەو کێشەیە چییە کەوا ڕووبەروومان دەبێتەوە، گومان کردن زۆر گرنگە، ئەو گومانەی ئێمە کردمان گەر بیرت بێت دیمەنی جۆلانەکە، تارماییەکە غرترود پاڵ دەنێت پەیوەندی سێکسی (ئینحیرافی) هەیە کە لە دواوە ئەنجامی دەدات، بێزار بوونی غرتود لە سێکسی کۆم وا دەکات کە پەلاماری کلۆدیس بدات، وا دەکات بچێت لەگەڵ براکەی مێردەکەی ڕێك بکەوێت، یانی لای ئێمە غرترود کاتێك کە لەگەڵ کلۆدیس ڕێك کەوتووە تەنها بۆ ئەوە نەبووە ئەو مەلیکە بگۆڕێت و یەکێکی دیکە بکاتە مەلیك، بەڵکو لەبەر ئەوە روویداوە، چونکە خەوشێك لە تارماییدا هەیە، لای شکسپیر تارمایی بێگوناهە، لە زۆر خوێندنەوەی ئەو کارانەی من لێی ئاگاداربم بەردەوام تارمایی لێی بێگوناهە، بەڵام لە هاملێتی کەرکوك کەس بێگوناه نییە، هەرکەسێك بەشی خۆی گوناهبارە.

*** تەنانەت ئۆڤیلیاش تاوانبارە؟**

– بەڵێ ئۆڤیلیاش گوناهبارە، تەنانەت بینەرەکەش گوناهبارە، چونکە دواجار بینەرەکە دەبێتەوە بە بەشێك لەناشتنی هاملێت، خەڵکی کەرکوك خۆیان هاملێتی کەرکوکیان ناشت، بەڵام هاملێت کێیە؟ ئەمە پرسیارەکەیە، گرنگ نییە من بڵێم بۆ هاملێتتان ناشت؟ یانی تۆ بینەرێکت نەبوو نارازی بێت، هەموو ئەو گوڵانەی ئۆڤیلیا دای پێیان لە سەرەتاوە، دواتر لەسەر گۆڕی هاملێتیان دانایەوە.

*** ئاماژەت بە زۆر شت کرد کە دەکرێت لەسەر هەندێکیان هەڵوەستەی زیاتر بکەین، کە یەکێك لەوانە مەسەلەی شوێن بوو من ئاگام لێبوو ئێوە لەسەرەتادا بە نیاز بوون لە کڵێسای شاری کەرکوك پرۆژەکەتان نمایش بکەن، دواتر بە هۆی نەگونجانی شوێنەکەوە، ڕووتان کردە خانوویەکی دوو نهۆمی کۆنی نێو قەلاّ، پرسیارەکەش ئەوەیە، ئاخۆ ئێوە لە ژێر کاریگەری یادەوەری لەگەڵ شوێندا خەیاڵی سیناریۆ دەکەن، یان خەیاڵ خۆی پێشبینی ئەو شوێنە دەکات کە لە دواییدا دەدۆزرێتەوە و دەبێتە شوێنی نمایش؟**

– من سەرەتا بیر لە شوێنێك دەكەمەوە كە كارەكەی تیا بكەم، دواتر ئەوە شوێنانەی كە هەمیشە هەڵیان دەبژێرم، ئەو شوێنانە نابن، یان بە مانایەكی تر، ئەو سیناریۆیەی كە من بۆی دەنووسم، یان ئەو بیرۆكەیەی كە من بۆی دەنوسم ناتوانم بە ئەنجامی بگەیەنم، بۆیە هیچ شتێكی نووسراو لای من بونی نییە، بیتەر بروك دەڵێت "پانتاییەكی بۆشم بدەرێ، شانۆیەكی راستەقینەی تیا دەخولقێنم" من هیچ دەقێكیشم نەبێت، بەڵام شوێنم هەبێت كە بتوانم ئیشی تیا بكەم، دەق لەوەوە دروست دەبێت، لەبەر ئەوە گرنگ نەبوو هاملێتی كەركوك لە كەنیسە دەكرێت یان لە خانوویەكی دوونهۆمی یان لە ژوورێكی ئاوادا كە ئیستە تیای دانیشتووین، گرنگ ئەوەیە تۆ چ شوێنێكت هەبوو دەتوانی نمایش بخولقێنی، لای من شوێن گرنگە، بۆیە شتێك نییە بڵێم كام هاوكێشە؟ دەق لە پێش شوێنە؟ یان شوێن لەپێش دەقە؟ هەڵبەتە پێم وتی شوێن لەسەرووی دەقەوەیە، شوێن دەقت بۆ دەسەپێنێت، نەك بە پێچەوانەوە، چونكە ئەگەر دەق شوێن فەرزبكات ئەوا من دواجار دەچمەوە هۆڵی بیناسازی شانۆ، خاڵێكیش هەیە بابیرمان نەچێت، زۆرجار قسە لەوە دەكرێت لە شوێندا دیكۆر هەیە، لای ئێمە دیكۆر نییە، بیناسازی شوێنەكە خۆی دیكۆرە، شانۆ نابەینە سەر تەختەی شانۆ. یەكەم ڕۆژی پرۆڤە لە كوێ پرۆڤە دەكرێت دواجاریش هەر لەوێ نمایش دەكرێت، ئەمەش وامان لێدەكات شوێنەكە وەك خۆی تەماشا بكرێت، دواجار چۆن لە خانوویەكی كۆنی قەڵای كەركوك دەیگۆڕیتە بیناسازییەكی شانۆیی، ئێمە دەلالەتی شانۆیی بنیات دەنێین، شوێنەكە خۆی دەلالەتە، گەر تێبینی بكەیت لە نمایشەكەدا، بۆ نموونە تەنها گوریسمان هەبوو، بەڵام گوریسەكە لە شوێنێك، جۆلانەیە و لە شوێنێك قامچییە و لە شوێنێكی تر پەتی سێدارەیە و لە لایەكی تر پەیژەیە، ئەوە دیكۆر نییە، ئەوە موفرەدەیە، تۆ كەمترین چڕبوونەوەی موفرەدە زۆرترین دەلالەتی پێدەبەخشێت بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەڵێم تائێستاش ئێمە هۆشیاری شانۆیی و رەخنەییمان نییە، توانای خوێندنەوەی هەبێت، بۆیە گەر تێبینی بكەیت ئەو كاتەش كە دوای تەواوبوونی نمایشەكە



گفتوگۆكەمان سازدا، زۆر كەس كە قسەی دەكرد بەداخەوە ئاگاداری گرۆتۆڤسكی نەبوو، یانی تۆ ئەگەر سەیری ئەو ئەزموونە بكەیت كە لە ژێر تێڕوانینی گرۆتۆڤسكی بوو، بۆیە ئەبێ لە تێگەیشتنی گرۆتۆڤسكیشەوە قسە لەسەر هاملێتی كەركوك بكەیت، نەك لە تێگەیشتنی شانۆیی خۆتەوە، چونكە تۆ توانای تێگەیشتن دەسەنیتەوە، كاتێك لە هۆشیارییەوە قسە نەكەیت، بۆ نموونە گەر لەسەر بنەمای تێگەیشتنی شانۆی داستانی برێخت قسە بكەیت، لای ئێمە ناگەیتە هیچ ئەنجامێك، بێیت لەسەر ئەساسی ستانسلافسكی قسە بكەیت ناگەیتە هیچ دەرئەنجامێك، دەبێت رێك شانۆگەرییەكە لەسەر چ ستایلێكە دەبێت لەژێر ئەو تێڕوانین و ستایلەوە قسە لەسەر ئەو نمایشە بكەیت.

*** لێرەدا پرسیاری ئەوە ئەكەم لە كاتێكدا ئێوە لە ژێر ناوی (ئەزموون) دا كار دەكەن ئەزموونیش پرۆسێسێكی چەق نەبەستوی تێكشكێنەری قاڵبەكانە. كاتێك كە تۆ كار لە سەر ستایلێك دەكەیت ئەو كات دەچیتە قاڵبێكەوە باشە ئەزموون لە كوێدایە كە تۆ لە قاڵبێكی دیاریكراودا بیت؟**

– دیارە ئێمە لەو پێنج ئیشەی كردوومانە نەمانویستووە ئەزموونێك بكەین نەقڵی ئەزموونێك بێت وەك خۆی، لە شانۆگەری ( خاچ ) دا ڕاستە لە ژوورێكدا بوو كە شانۆی ژوورە، بەڵام كۆمەڵێك دەستكاری شانۆی ژووری تێدا بوو. بۆ نموونە كاتێك كە ( تایرۆف ) دەڵێت ووشە گرنگترین توخمە لە شانۆی ژووردا، ئێمە ووتمان ووشە هیچ گرنگیەكی نیە لە شانۆی ژووردا، بەڵكو جووڵە گرنگی هەیە.

*** كەواتە ئەوە ستایلی ئەو نیە؟**

– ستایلی ئەو نیە ئەزموون كردنە لەسەر ئەزموونەكانی ئەو، گەر بیرت بێت لە ( سەگ و دەف ) لەگەڵ لە (زولێخا لە خەونی یوسفدا) ئەو دوو ئیشەمان ناونا پرۆژەی یەكەم بۆ شانۆی توندوتیژی و پرۆژەی دووەم بۆ شانۆی توندوتیژی، خۆ ئەوەی كردمان شانۆی توندوتیژی نەبوو، بەپێی بنەماكانی ئارتۆ، بەڵكو تێڕوانینی ئارتۆ بوو لەو ئەزموونەدا، ئێمە ئەو دوو ئیشەمان ناو

نەنا ( ئەزموونگەری ) ناومان نا ( پرۆژە)، بۆ ئەوەی بزانین خوێندنەوەی ئەمرۆی ئێمە بۆ ( ئارتۆ) چیە؟ هەندێ کەس هەیە ئەڵێ ئەی ئیزافەی ئێوە بۆ ( گرۆتۆفسکی ) چیە؟ دیارە گرۆتۆفسکی جیاوازە لە هەمووی، (پیتەر بروك) ئەڵێ "گرۆتوڤسکی جۆرێکی نایابە" من ناتوانم ئیزافە بە گرۆتۆفسکی ببەخشم لەبەر ئەوەی ئەوە لانی کەم ستۆدیۆیەکی دەوێت دە ساڵ کار بکەیت هەتا لە گرۆتۆفسکی تێدەگەیت، بەلاَم ئێمە نەهاتووین شانۆی هەژاری گرۆتۆفسکی بکەین ئێمە سوودمان لە تێڕوانینی گرۆتوفسکی وەرگرت بۆ چەمکی (سیمیۆلۆژیا، کولتور، تێگەیشتنمان بۆ فەزا) هەندێ شتی گرۆتوفسکی هەبوو ئێمە لاماندا وەك ( دەنگناسی، شیکردنەوەی دەروونی) گرۆتوفسکی ئەڵێ "تەنها جەستەی ئەکتەر گرنگە" ئێمە جل و بەرگمان بەکارهێًنا ئەمەش خۆی بەگژاچوونەوەی شانۆی هەژارە، هەڵبژاردنی جل و بەرگ لای ئێمە هەرەمەکی نەبوو، دەرەنجامی گفتوگۆی ئێمە بوو لەگەڵ یەکتر. لە دیمەنی سەمای دەوری ئاگرەکە و بەینی جل و بەرگەکە پەیوەندیەکی هارمۆنی زۆر قولْ هەیە، ئەویش ئەوەیە کە جل و بەرگ لای ئێمە ئاماژەیەکی کولتوری هەبوو، دیارە ئاگریش لای ئێمە لە هەموو نمایشەکانماندا بوونی هەبووە، بەر لە کەرکوکیش لەنمایشی ( یادەوەری جەستە ) دا لە شاری هەولێر دیسانەوە ئاگر و زەردەشتییەت حزوری هەبووە، ئاگر لای من دەلالەتیکی کولتوری زۆر قوڵی هەیە، تۆ ناتوانی جەستەی کوردی لە ئاگر خاڵی بکەیتەوە، هەمیشە ئاگر بە هەر جۆرێك بێت دێتەوە، هەر لە یەکەم ئیشماندا ( پرۆڤەیەکی شانۆی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) هەتا ئێستا ئەگەر تێبینیت کردبێت ئاگر ئاماژەیەکی هەبووە، بەلاَم تاکو ئێستا دەلالەتی ئاگر لای ئێمە لەگەڵ بینەراندا گفتوگۆی لە بارەوە نەکراوە، هۆ کارەکەشی ئەوەیە کە بینەری ئێمە ئاگاییەکی شانۆیی قوڵی نەبووە بۆ ئەوەی گفتوگۆمان لەگەڵ بکات.

*** بەلاَم تۆ لەمیانەی قسەکانتدا پێچەوانەیەکت دروست کرد ، تۆ ئەڵێی ئێمە وا بەستەی ستایلێك نین ، کەچی گەر کەسێك بیەوێ ڕەخنەیەکتان ئاڕاستە**



**بکات پێتان وایە دەبێ بە وابەستە بوون بە ستایلی (گرۆتۆفسکی )یەوە ڕەخنەکانی خۆیتان ئاراستە بکات؟**

– ئێمە کە ئەڵێین بە پێی تێگەیشتن، ئەبێ تۆ لە (گرۆتۆفسکی) تێبگەیت، بۆ ئەوەی قسە لە سەر ئیشێکی ئێمە بکەیت، ناکرێ تۆ بە میتۆدی (ستانسلافسکی) ئێمە بخوێنیتەوە، بەلاَم بە پێی ئەوەی من ستایلی ئارتۆ یان گرۆتۆفسکی وەك خۆی نەقلْ بکەمەوە، شتی وا لای من مەرفوزە، من بە هیچ جۆرێك ناتوانم کۆیلەی ستایلێك بم، چونکە ئەگەر کۆیلەی ستایلێك بم، کەواتە من مومارەسەیەك ئەکەم کە بەردەوام گریمانەیەکم داناوە و ئەیسەپێنمە سەر خۆم، منیش بە هیچ جۆرێك ناتوانم ئەو گریمانەیە بسەپێنمە سەر خۆم، بۆیە باوەری تەواوم بەوە هەیە تۆ تا چەنێك سوود لە گرۆتۆفسکی وەرئەگریت. تا چەنێك سوود لە ئارتۆ ئەبینیت، لەکوێدا ئارتۆ دەناسی، من ناڵێم ئەوە ئیزافەیە، ئیزافەم بە (ئارتۆ) نەبەخشیووە، بەلاَم ئەمەوێ لەو شوێنە لەو نەچم. من ناتوانم بڵێم (هاملێتی کەرکوك ) تەجاوز بووە بە سەر دەرهێنەرێکی جیهانییەوە، بەلاَم تا چەند راستە ئەتوانم لەڕووی قسە کردنەوە بیڵێم، بەلاَم ئەوە گرنگە هاملێتی کەرکوك لە رۆحی خۆیدا تاچەند هەڵگری ئەو گوتارەیە؟ دیسانەوە ئەیڵێمەوە ئەوەی تۆ ئەیڵێی لە بارەی موفارەقە یان ناکۆکی من پێم وانیە ئەوە موفارەقە و ناکۆکی بێت، لەبەر یەك شت ئەویش ئەوەیە، تۆ نەهاتووی بڵێی من شانۆی (داستانی) ئەکەم، تیپەکە هەروەکو خۆت ووتت هەڵگری ناوی ئەزموونگەرییە، جگە لەوە ئێمە ئەزموونێك ناکەین بەپێی ئەوەی ئەزموونەکە داوامان لێدەکات، یەکێك لەو خالآنەی کە گۆڕیومانە و شانازیشی پێوە دەکەین پەیوەندی نێوان هوڵ و بینەرە،پەیوەندییەکی هارمۆنیمان لە بەینیان درووست کردووە، گەر بیرت بێت لە نمایشی ( زولێخا لە خەونی یوسفدا ) یەکێك لە ئەکتەرەکان ئاگری گرت، بینەرێك کوژاندییەوە، لە (هاملێتی کەرکوك )هەمان حاڵەتمان هەیە کە بینەر گوڵ لە سەر تەرمی هاملێت دادەنێن، خاڵێکی ترت بیسر نەچێ ئێمە تێگەیشتنی باوی بانتۆمایمان گۆڕی، ئێمە ووتمان بانتۆمایم ئەو تێگەیشتنە

باو و سواو وچوارچێوە دەستنیشانکراوەی نیە، ئەو ستایلەش کە ئێمە کاری لە سەر دەکەین پێی دەوترێ شانۆی پاش تازەگەری، کە کۆمەڵێك دەرهێنەری گەورەش ئیشی بۆ دەکەن، دیارە خەڵکانێکی شانۆکاری کوردیش لەو بوارەدا کار دەکەن ، لەوانە (لابۆری شانۆی لالش) ن لە (نەمسا ) کار دەکەن، جیاوازی ئێمە لەگەڵ ( لابۆری شانۆی لالش ) چیە؟ کۆمەڵێك جیاوازی گەورە و تەکنیکی هەیە کە ئێمە ناتوانین لەگەڵ ئەواندا خۆمان بەراورد بکەین، چونکە ئەوان خۆیان بۆ شانۆ تەرخان کردوە، شوێنی تایبەتی لابۆرەکەیان هەیە، لەڕووی تەکنیکییەوە دیارە ئەوان بڕوایان بە بوونی دەنگە لە کارەکانیان، بەڵام ئێمە نەگەیشتوینەتە ئەوەی کە دەنگ پێویستییەك بێت لە کارەکانماندا.

*** گەر بگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی ( شوێن ) لە نمایشدا تۆ پێتوایە شوێن تا چ ڕادەیەك بەشدار دەبێ لە ئاراستە کردنی گوتاری نمایش؟**

– شوێن ڕوئیای دەرهێنەر دەگۆڕپێت، لەبیرتە دوای تەواو بونی نمایشەکە پرسیارێکم لێکرا ئەویش ئەوە بوو "ئەو شانۆگەرییە بۆ لە سەر تەختەی شانۆ نەکرا" ئەو کارانەی ئێمە دەیکەین لە سەر تەختەی شانۆ ناکرێت، چونکە ئێمە سیناریۆیەکی نوسراومان نیە، بەڵکو لە ئەنجامی گەڕانمان لە (شوێن) دا شت ئەدۆزینەوە، تۆ یەکەم ڕۆژی پرۆڤەکان و دواین ڕۆژیش هەر ئامادەبوویت، بینیت چ گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر ئەو هەموو پەیوەندیەدا هات، بۆیە زۆر جار هەر من نیم کە شتەکان دەخوڵقێنم دەکەم، بۆ نمونە ئەکتەرێك پێم دەڵێت : بۆ ئەوە نەکەین؟ ئەڵێم چۆن؟ ئەڵێ نازانم، بەڵام دەکرێت شتێك بکەین. بۆنمونە یەکێك لە ئەکتەرەکان پێی ووتم " کە تارمایی باوکی هاملێت دێتەوە ئەی بۆ تارمایی ژنەکەشی نەیەتەوە؟ ئەو بیرۆکەیە زۆر جوان بوو بۆمن، ووتم چۆن؟ ووتی نازانم بەڵام دەکرێت وابێت، ئەوە بوو لەئەنجامی ئیشکردنەوەمان لەسەر نهۆمی سەرەوە توانیمان غرترود و پاشا بکەینەوە تارمایی.



*** دیارە جەستە فاکتەرێکی گرنگە لە گۆڕینی ناونیشانی (شوێن) ئەمەش لە (هاملێتی کەرکوك)دا بەدی دەکرا، بۆنموونە لەسەرەتاوە لەمیانی چەند کردەیەکی جەستەییدا، گۆڕستانێکمان بەدی کرد. دواتر (شوێن) گۆڕانی بە سەردا هات و بوو بە کۆشکی پاشایەتی و گۆڕەپانی ململانێکان و لە کۆتایشدا دووبارە بوەوە بە گۆڕستان. لەگەڵ ئەوەشدا هەست بەوە دەکرا کە ئەکتەرەکان جۆرە نامۆ بوونێکیان تێدایە بەرامبەر بەو شوێنەی کە بەردەوام کاری تێدا دەکەن؟**

– ئەکرێ ئەوەیان لەسەر دوو ئاست دەست نیشان بکرێ، ئاستی یەکەم ئەوەیە کە ئەکتەر کەمتر ئاشنا دەبێ بەو شوێنە بە هۆی ماوەی دەسنیشانکراوی کارکردنەوە بەو شوێنە کە ماوەی (١٥) ڕۆژە، ئەمە وا دەکات ئەکتەر نەتوانێت هەموو بونیادەکانی ئەو شوێنەی بۆ ئاشکرا بێت، گەر تۆ لە ماڵی خۆتدا چاویشت بنوقێنی هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی ماڵەکەتان دەزانیت، ڕەنگە هەموو کون و کەلەبەری ئەو شوێنە ئەکتەر بە باشی بە سەریدا زاڵ نەبووبێت، ئاستی دووەم ئەوەیە ڕەنگە لە هەندێ شوێن دەست نیشانکراوو بێت و مەبەست بوو بێت، تۆ چۆن مردووەکان ئەگەڕێنیتەوە بۆ جیهانێکیتر، یانی گەر تێبینیت کردبێ دوای تەواو بوونی شانۆگەرییەکە دەردەکەوێت کە ئەوانەی مردوون بە زیندووەکان دەڵێن وەرن شانۆگەری هاملێتتان بۆ نمایش بکەین. ئەمیش ئەو دەلالەتەمان پێدەبەخشێ کە چۆن ڕابردوو لە ئێستادا ئامادەبوونی دەبێت، پرسیارکردنیشە لە زەمەنی هەنووکەمان، ئێستای ئێمە چیە؟ ئەمەش ئەو پرسیارەیە کە بۆ من زۆر گرنگ بوو لە کاتی گفتوگۆکانی دوای شانۆگەرییەکە گفتوگۆی لە بارەوە بکرایە، گرفتی سەرەکی تۆ لە قسەکردنت لە شوێن، لە قسەکردنت لە پانتایی شانۆ، لە قسە کردنت لە چەمکی دەرهێنەر، لە قسەکردنت لە هەر موفرەدەیەك کەتۆ هەتە، لە قسەکردنت لە پەیوەندی جەستەی ئەکتەر بە ئاگرەوە، ئەو گفتوگۆیانە ناکرێت بەقەد ئەوەی شتی زۆر هەرەمەکی دەبێت بە قسە کردن، ئەویش دیسان ئەیلێمەوە نەبوونی چاوێك و نەبوونی دیدگایەکی بینینی

گوتارێکی شێوەکاریە کە بتوانین شانۆ بخوێنینەوە، تا ئێستا ڕانەهاتووین لە سەر ئەوەی کە ئەوەی نمایشەکە نەیوت ئێمە چۆن ئەیڵێین.. من هەموو کاتێك ئەیڵێم ئەوەی شکسپیر لە دەقەکەدا نایڵێت ئەبێ ئێمە بیڵێین، ئەوەی ئێمەش نەمانکرد و نیشانمان نەدا، ئەبێ بینەر ئەوەمان پێبڵێت. بەڕاستی نەبوونی تێگەیشتن و نەبوونی بینین هۆکاری گەورەیە، یانی تۆ ئێستا بەر لەوەی بێیتە ئەو هۆڵە خۆت داناوە ئەگەر قسە بکەیت چ تێبینیەکت هەیە، ئەوە شتێکی باش نیە، بۆ ئەوەی من بە تۆ بڵێم شانۆکار تۆ دەبێ قسەت هەبێ لەگەڵ من، ئێمە گەر یەك کەسیش لە کاتی گفتوگۆکاندا نەبوایا.. خۆمان قسەمان دەکرد، چونکە خۆمان بڕیارمان داوە قسە بکەین لە سەر ئەو ئیشە، بۆیە بەڕاستیش ئەلێم پەیوەندی ئێمە بەو شوینەوە پەیوەندییەکی دەلالی قوڵە، پەیوەندیەکە دواجار هەموو بنەماکان دەچنەوە ناو شوێن، بۆ ئەوەی لانی کەم بتوانین ئەزموونێك بکەین، ئەزموونێکی جیاواز بێت، ئەزموونێك بێت لانی کەم بە هیچ جۆرێك لە ئەزموونی خەڵکانی پێش خۆمان نەچێت، ئەزموونێك بێت تایبەتمەندی ئێرەی پێوە بێت. بەرهەمی عەقلی خۆمان بێت. ئێمە هەمیشە تیگەیشتنێکی خراپمان هەیە بۆ چەمکی ڕەسەن، پێمان وایە تەنیا ئەو شتانە ڕەسەنن کە بە کوردی قسە دەکەن و جل و بەرگی کوردییان لە بەربێت، نا ئێمە ئەتوانین ڕەسەن بین و بە کوردیش قسە نەکەین و جل و بەرگیشمان کوردی نەبێت.

*** ئاخۆ ئەبستراکردنی دەقێکی وەکو هاملێت لە دیالۆگ، پاشان هێنانە گۆی زمانی جەستە، تا چەند توانیبووی تەنگژەی ئەگزستییەکانی هاملێت وەکو مەسەلەی (بوون و نەبوون) ئاراستەی زەینی وەرگر بکات؟**

– دیارە خاڵێك کە زۆر گرنگە لای هەموو دەرهێنەرەکان " من هەم یا نیم ئەمەیە گرفتەکە " ئەو مەنەلۆژە فەلسەفیە لای ئێمە بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە، ئەوی بایەخی پێدراوە، یەك دێری تارماییەکە بە هاملێت ئەڵێت "ماڵئاوا هاملێت لە یادم مەکە" هەموو بیرۆکەی ئیشەکەی ئێمە لە سەر ئەو



دێڕە دروست بوو، کاتێك تارمایی لە بەرزییەکەوە بە کوڕەکەی ووت "من بەو جۆرە کوژرام"

*** بەمەرجێ گرفتی سەرەکی لە (هاملێت) دا (بوون و نەبوون) ە**

– بەڵێ (بوون و نەبوون)ە، بەلاّم ئێمە وا ڕاهاتووین کاتێك کاری دەرهێنان لە تێکستێکدا ئەنجام ئەدەین بەرەو بابەتە گەورەکان دەچین، واتا ئەوانەی زۆر سەرەکین ، کەچی ئێمە ئیشمان لەسەر پەراویزەکان کرد ئەو بابەت یا ئەو دەستەواژەی دەرهێنەرێك لە (هاملێت)دا بایەخی پێنادات، ئێمە کارمان لە سەر ئەو بابەتە کرد، تێگەیشتنی ئێمە بۆ (هاملێت) ئەگەر دەستەواژەکەم ڕاست بێت ئەڵێم تێگەیشتنێکی تەواو جیاواز بوو، جیاواز بوو بەو مانایەی کە کێشەی (بوون و نەبوون) ئەو بایەخەی پێنەدرا، ڕەنگە هەندێ کەس پێشبینی ئەوەی کردبێ بۆ کاری ئێمە هەموو ئیش کردنەکەی ئێمە لە سەر (بوون و نەبوون) بێت .

*** هەمووش چاوەڕوانی ئەوە بوون.**

– بەڵێ هەموو چاوەڕوانی ئەوە بوون، بەلاّم لە یەك ساتێکی خێرادا ئاماژەی پێکرا، دواتر خۆشمان تێکمانشکاند، کاتێك کە هاملێت کەللە سەرەکە دەکاتە ناو ئاگرەکەوە، یانی کۆتایی هێنانە بۆ مەنەلۆژە ناسراوەکەی (هەم یان نیم) مەسەلەیەك نیە بەقەد ئەوەی لایەنە ئینحیرافیەکان زۆر مەبەستن، بۆ نموونە ئەو پەیوەندیە سێکسیە توند و تیژەی کە لە نێوان هاملێت و ئۆڤیلیا دا هەیە، ئەوەیان لایەنێکی زۆر گرنگە، ئەگەر سەرنجت دابێت دوای ئەوەی ئۆڤیلیا بە قامچیەکە لە هاملێت ئەدات، ئەیەوێ بچێتە ژوورەوە ئەگەرێتەوە بە ئیستفزازەوە سەیرێکی هاملێت دەکات و بە دەستی ئاماژەی بۆ دەکات، ئەمە ڕێك ڕستەیەکی شکسپیریە "گەورەم هاملێت " ئەڵێ "ئەوە گەورەم بوو سکی پڕ کردم، ئەوە خۆشەویستم بوو کە وایلێکردم" لای ئێمە دوای ئەوەی هاملێت پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ئۆڤیلیا دەکات ، ئیتر تووشی حاڵەتێکی وجوودی خۆی دەبێت، ئەو حاڵەتە بوونگەرایە هاملێت خۆی تووشی دەبێت، بەلاّم نەك بەپێی تایبەتمەندی شکسپیر، بەڵکو بەپێی تایبەتمەندێتی کیرد کیگارد تووشە

بێ، بەپێی تایبەتمەندێتی هایدگەر لە زمانەوە تووشی ئەبێت، بەپێی تایبەتمەندێتی سارتەر تووشی ئەبێت، ئەوە کارێکی قورسە ڕەنگە ئەکتەر نەتوانێ تێیبگات، بەلاّم بە هۆی ئەوەی من خۆم بەردەوام خوێنەرێکی فەلسەفەم و لێکۆڵینەوەی فەلسەفی ئەنووسم و کتێب لەسەر فەلسەفە ئەنووسم، ئەوە هاریکارییەکی باشی کردووم زۆرجار پێیان ووتوم تۆ شانۆکاری پەیوەندیت چییە بە فەلسەفەوە، بەلاّم من هەمیشە فەلسەفە یارمەتییەکی زۆرم ئەدات، کتێبی (مەعریفە و دەسەلاّت .. دەروازەیەك بەرەو خوێندنەوەی فۆکۆ) لە نووسینی جیل دۆلۆز، من ئەگەر ئەو کتێبە نەخوێنمەوە قەد ناتوانم کاری شانۆیی ئەنجام بدەم، ئەو کتێبە فێری کردووم کە سیستمی ڕێکخەر لە کاری شانۆییدا چییە، کە ڕاستە باسی "مێشێل فۆکۆ " ئەکات و پەیوەندی بە شانۆوە نییە، بەلاّم هێندەی لەو کتێبەوە سوودم لە کاری شانۆیی وەرگرتووە، ڕەنگە هیچ کتێبێکی شانۆیی ئەوەندە سوود بەخش نەبووبێت بۆمن، لەبەر ئەوە بیرمان نەچێ شیعریەتێکی زۆر گەورە لە شکسپیر دا هەیە، ئەوەی من ئەتوانم لە شکسپیردا، ئەنجامی بدەم ناتوانم لای براندیللو ئەنجامی بدەم، دەقەکانی ئەپسن بلّێیت ناتوانم بەو شێوەیە ئەنجامی بدەم، چونکە شعریەتی شوێن لای شکسپیر ئامادەیە خۆی هانم ئەدات بەو شێوازە کار بکەم، یانی شکسپیر خۆی شیعریەتێکی تێدایە، ئەتوانی ئەو شیعریەتە بتەقێنیتەوە، هەموو ئەو دیالۆگانە لە دەقەکەیا لابەرین، هێشتا ئەو شیعریەتەی تیاماوە، گەر لە هەموو ئەدەبیاتی جیهاندا بگەرێین جارێکی تر کارەکتەرێکی وەکو هاملێت نادۆزینەوە، بۆ نایدۆزینەوە؟ چونکە هاملێت جیاوازە، ڕاستە هەموو دەرهێنەر و ئەکتەرێك خەونی ئەوەی هەیە هاملێت ئەنجام بدات، بەلاّم گرنگ ئەوەیە هاملێتی تۆ لە هاملێتێکی دیکە نەچێت، بەپێی ئەوەی ئێمە هاملێت ئەکەین، هاملێتی ئێمە چۆن هاملێتێك ئەبێت؟ تەنها پەیوەندی بە خەیاڵی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوکەوە دەبێت، ئەوەیان کێشەیەکی گرنگ بوو بۆ ئێمە، ئەوەیانە کە ئێمە شانازی پێوە دەکەین، بۆ ئێمە هاملێت لە هەموو کارەکانی دیکەمان جیاواز بوو. ئەزموونێك



بوو زۆر زۆر جیاواز بوو، ئێمە دوای ئەوەی "پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ جاوەڕوانی گۆدۆ" مان ئەنجامدا، بیرۆکەیەك لە خەیاڵمدابوو تەنانەت ئەو کات لە ڕۆژنامەی هەولێر پۆست بە ناوی ڕاگەیاندنی تیپی ئەزموونگەریەوە شتێکمان نووسی، لە ژێر ناونیشانی " تێروانینێك بۆ گرۆتۆفسکی و شکسپیر لە لابۆرێکی شانۆیی" شتێکی لەو جۆرە بوو، نازانم باش نایاتەوە بیرم، ئێمە لە سەرەتای تیپەکە ووتمان چۆن شکسپیر و گرۆتۆڤسکی لە پرۆژەیەکدا کۆ دەکەینەوە، ئەمە بەلامانەوە جێی بایەخ بوو، تۆ چۆن گرۆتۆڤسکی یەك دێنیت کە هەموو ئیشکردنی لەسەر جەستەیە و شکسپیرێکیش دێنیت کە هەموو دنیا سەرسامە بە حیواری شیعری شکسپیر، کۆکردنەوەی ئەو دوانە یان با بلّێین بە مانایەکی تر لای ئێمە گرۆتۆفسکی و شکسپیر لەماڵێکدا (هاملێت)یان داوەتکرد.

*** هاملێت چەقی بابەتی نمایشەکەیە، هاوکات منیش وەکو وەرگرێك هەستم بەوە دەکرد کە ئۆڤیلیا لە هەندێ حاڵەتدا دەبوو بە چەقی نمایشەکە، ئەوەی کە بەدیمان دەکرد هەر هەموو پێکەوە تاوان ئەنجام دەدەن، لەکۆتایدا ئۆڤیلیا تێکرایان سزا ئەدات و پاشان خۆشی سزا ئەدات و ئەم خسوسیاتدانە بە ئۆڤیلیا بۆچی ئەگەڕێتەوە ؟**

– سەرەتا کارەکە ئەبوو ناوی ئۆڤیلیا بێت نەك بە ناوی هاملێت، ئێمە نیازمان بوو ناوی بنێین ئۆڤیلیای کەرکوك نەك هاملێتی کەرکوك، ئۆڤیلیا تەوەری سەرەکییە، لای من ئۆڤیلیا هەمیشە هەست بە تاوانەکان ئەکات، چونکە خۆشەویستەکەی ئاشکرا کردووە، ئۆڤیلیا گوناه دەکات، بەلاّم هەستیش بە گوناهەکان دەکات، ئەوانیتر گوناه دەکەن و ناشزانن گوناهبارن، هاملێت پێی وایە هەموو تاوانی ئەوەیە کە تارمایی باوکی کوژراوە، بەلاّم ئۆڤیلیا وانیە، ئۆڤیلیا ئەزانێ و نایەوێت گوناه بکات، بەلاّم ئەیکات، ئەشیکات هەست بە گوناهباری خۆی ئەکات، بۆیە دەبوایە کارەکە بەناوی ئۆڤیلیاوە بێت نەك هاملێت، ئۆڤیلیا میحوەری سەرەکی ئیشەکەیە، ئا ئەمەیە ئێمە جیا دەکاتەوە، هەمیشە جەخت کردنە لەسەر شەخسیەتی هاملێت، بەلاّم ئۆڤیلیا

تەوەری سەرەكییە و هەموو ئیقاعی ئیشەكەش ئۆڤیلیا ڕایگرتووە، بەڵام تۆ بینەرێكت هەیە بە هاملێت ئاشنا بووە، پێویستی بەوەیە ئەو هاملێتە ببینێت، گەر دەرهێنەرێك دوای من هاملێتێك بكات، بە ڕووئیایەكی تر، بینەری ئێمە ئەیەوێت ئەو هاملێتە ببینێت كە ئەیەوێت، بەڵام من بڕوام بەوەیە ئیشكردن لەسەر ئەوە گرنگ نییە هاملێت میحوەری ئیشەكە بێت، تۆ ڕاستەكەی ئۆڤیلیا تەوەری سەرەكی ئیشەكەیە، چونكە هەموو دەلالەتەكان لەودا كۆبونەتەوە، هەر ئۆڤیلیاشە بانگی بینەرەكان دەكات بۆ بینینی نمایشەكە، هەر ئەویشە داوا دەكات تەرمەكەی هاملێت ببرێتە گۆڕستان، پاشان هەر ئۆڤیلیایە خۆی خۆی سزا دەدات. ئۆڤیلیا زۆر جیاوازە، ئەو وەك هاملێت نیە، هاملێت ئەكوژرێ، بەڵام ئەم خۆی دوای شێتبوونەكەی بڕیار دەدات بچێتە ناو گۆڕەكەی هاملێت، بۆ ئەوەی بەیەكەوە بمرن.

*** بەبۆچوونی گرۆتوڤسكی شانۆ لە گۆشەنیگای دوێنێوە ئەمرۆمان نیشان دەدات، هەروەك لە گۆشەنیگای ئەمرۆوە دوێنێمان بۆ دەخاتە ڕوو، ئاخۆ ئەم هاوكێشەیە تا چەند ئاوێتەكردنی دوو كولتووری جیاواز قبوڵ دەكات؟ واتا داماڵینی دەقێكی كلاسیك لە ووشە، پاشان دارشتنەوەی گوتارێكی نوێ و ئاراستە كردنی بەرەو زەینی وەرگرێك كە سەر بەكولتور و زەمەنێكی جیاوازە؟**

– خاڵێك هەبوو لای گرۆتۆڤسكی ئێمە بایەخی زۆرمان پێدا، ئەكتەرێك كە باسی ئێستای دەكات لە ئێستاوە دەچێتەوە ڕابردوو، تارمایی كاتێك كە لە بەرزاییەكەوە دەردەكەوێت بە هاملێت و ئۆڤیلیا دەڵێت ئەوە بوو ڕابردوو، یانی دەمانباتەوە رابردوو، ئەمە لای گرۆتۆڤسكی گرنگە، هەروەها لای ئێمەش ئامادەبوونی هەیە، بەڵام داهاتوو هیچ بوونێكی نییە، ئایا ئەم ئەزموونەی ئێمە تایبەت بوو بە باسكردنی كولتوری تایبەت؟ نا بەهیچ شێوەیەك. تۆ لە جل وبەرگەوە شێوە كولتورێك ئەسەپێنیت، لە ئاگرەكەوە كولتورێك ئەسەپێنیت، كولتوری یادەوەری ئەكتەر شتێكە، كولتوری بینەر خۆی شتێكی ترە، ئەوەش وامان لێدەكات بڕوامان بە فرە كولتوری هەبێت.



گەر تێبینی بكەی لە ئەنجامی قسەكانم هەمیشە بۆ (پیتەر بروك) ئەگەڕێمەوە، شانۆی فرە كولتوری كە (بروك) باسی دەكات شانۆیەكە زۆر لەگەڵ ئێمە دایە، ئێمە زۆر دەمانەوێ بۆ شانۆی فرە كولتوری كار بكەین، ئەگەر پرسیارەكان تەواو بێت بەڕاستی من قسەی ترم هەیە بیكەم، ئێمە لە داهاتوودا ئەبێ چۆن كاربكەین؟ چونكە دیارە ئەو قۆناغەی ( تیپی شانۆی ئەزموونگەری) تەواو بوو، قۆناغی یەكەم تەواو بوو (پێنج) ئیشمان كرد، لە سەر ئەو ئیستنتاجانە، ئەی قۆناغی دووەم چیبكەین؟ ئێستا دوای هاملێت ئێمە ماوەیەك دەوەستین هیچ ناكەین، بە خۆماندا دەچینەوە و دەخوێنینەوە موتابەعە دەكەین، پێویستمان بەبۆچوونی شانۆكاران هەیە، دوای ئەوە پاشان دەبێت قۆناغی دووەممان جیاواز بێت، هەر (پێنج) ئیشێك قۆناغێك درووست دەكات، من لە هەولێر لە ماوەی (دە) ساڵدا قۆناغی یەكەمی ئیشكردنم بوو، كە هاتمە كەركوك قۆناغی دووەمم تەواو كرد، تیپەكەش قۆناغی یەكەمی تەواو كرد، ئێستا قۆناغی سێیەمی من وەك دەرهێنەر و قۆناغی دووەمی (تیپی ئەزموونگەرییە) دیارە كە ( شانۆی كولتوری) ش لە داهاتوودا زۆر زۆر بایەخی دەبێت لای ئێمە.

*** گەر بگەڕێینەوە بۆسەر كاریگەری داماڵینی هاملێت لە ووشە، گوێم لێبوو یەكێك لە ئامادەبووان دوای تەواو بوونی نمایشەكە بە هاورێكەی ووت "من هاملێت ناناسم و هیچیش لەم نمایشە تێنەگەیشتم " خوێندكارێكی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەكانیش ڕاستەوخۆ پێی ووتم " هەرچەند هەوڵمدا مێشكم ئیستیعابی نمایشەكەی نەكرد، ئەكرێ بۆمی شیبكەیتەوە؟ " ئەم ناحاڵیبوونە بۆچی ئەگەڕێتەوە؟**

– ژمارەی بینەر لای گرۆتۆڤسكی (٣٠) كەسە كە گرۆتۆڤسكی خۆی دەست نیشانیان دەكات كە كێن، ئەوە جیاوازی نێوان گرۆتۆفسكی و پیتەر بروكە كاتێك لە قۆناغێكدا گرۆتۆفسكی داوای ئەوە دەكات كەشانۆ بە میللی بكرێت، ئەوە جیاوازی گرۆتۆفسكی بوو.

*** گرۆتوڤسکی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو بینەرەی ئامادەی بینینی نمایشێك دەبێت پێویستە خاوەن هۆشیارییەکی ئەو تۆ بێت کە بتوانێت شیکردنەوەی هەبێت، بەلاّم لە شارێکی وەکو کەرکوکدا تا چەند ئەتوانن ئەو ئامانجە بپێکن؟**

– دواجار ئەگەر بێت و ژمارەی بینەری ئێمە بریتیی بێت لە (پێنج) کەس ئێمە زیاتر رێزیان لێدەگرین و شانۆیان بۆدەکەین، من ناتوانم بێم بە بینەرێك بڵێم "ئەم دیمەنە یا ئەوی تر باسی ئەوەی دەکرد" پێویستە بینەر خۆی بەشداربێت لەهۆشیاری شانۆیی، یانی تۆ قوتابییەکی شانۆت هەیە کە لە شانۆ ئەخوێنێت، لە سەر خۆیەتی کە بەر لەوەی بێتە کارەکەوە هاملێت بخوێنێتەوە، ئەبێ خۆی تێبگات نەك من تێیبگەیەنم، پێم وایە خەلەلێك هەبێت لەوەی ئەکتەرێك نەتوانێت ئەوە بگەیەنێت، هەر ئەکتەرێك لای من بێت گەر گرۆتۆڤسکیش نەناسێ لە ئەنجامی کارەکەوە ئەبێت گرۆتۆڤسکی بناسێت، لە ئەنجامی محازەرەیەك ئەبێت بیناسێت، بۆیە من پێم وایە بینەر لەو هاوکیشەیەدا گرفتی قوتابیەکە نییە کەتێناگات گرفتی مامۆستاکانی پەیمانگایە کە ئەوانیش ناتوانن لەو حاڵەتە تێبگەن، باشە قوتابییەك لە ئەنجامی ئیشکردنی کە لە هاملێت نەگات کە (ئۆدیب)ی نەخوێندۆتەوە زۆر ئاساییە، بەلاّم مامۆستایەکی بەڕێز کە پێیوایە پرۆفیسۆرە پسپۆری بوارەکەیە، کە ئەویش نەتوانێت لە هاملێت بگات گرفتەکە لەوێیە، کە ئەو نەتوانێت لە گرۆتۆڤسکی تێبگات، کارەسات لەوێیە، بۆیە بە ڕاستی کاتێك ژمارەی بینەر دەست نیشان بکرێت، گەر بارودۆخەکە هێمن بێت بزوتنەوەیەکی شانۆیی تۆکمە و فراوانمان هەبێت، ئەکرێ ئەو مامۆستایە بینەری ئەو شانۆگەرییە نەبێت.

*** ئەی چۆن ئەتوانین پەرە بەو بینەرە بدەین؟**

– ئەو بینەرە هەتا پێیوابێت هەمووشتێك ئەزانێ کە هیچیش نازانێت، پەرەی پێنادرێت، قسەیەکی ناسراوی سوکرات هەیە ئەڵێ " جیاوازی نیوان من و خەڵکی ئەسینا یەك شتە، خەڵکی ئەسینا پێیان وایە کە هەموو شتێك ئەزانن،



کەچی من ئەزانم کە هیچ نازانم" من هەمیشە کە کارێك ئەکەم هەستەکەم زۆرم ماوە، بەلاّم موشکیلەی ئەو بەرێزانە ئەوەیە کاتێك کە کارێك ئەبینن پێیان وایە کەهیچ نییە و توانای ئەوان زۆر لەوە گەورەترە، بەلاّم نازانم ئەو توانا گەورەیەی ئەوان تاکەی شاراوە ئەبێت، تاکەی دەرناکەوێت، تا ئێمە بیبینین، بۆیە بەلامەوە ئاساییە کە ئەو بینەرە ئاساییە بڵێت من لە هاملێت تێنەگەیشتم، زۆر ئاساییە، بەلاّم زۆر زۆر کارەساتە کە کەسێك پێی وابێت مامۆستای شانۆیە و بڵێت من تێناگەم، بۆ تێناگەیت؟ یا خەلەل لە منە یا لە عەقڵی تۆیە، گەر خەڵکانێك تێگەیشتن و خوێندنەوەو پرسیار و ڕەخنەیان هەبوو، ئەوە مانای وایەخەلەلەکە لەمن نییە، کەوایە خەلەلەکە لە عەقڵی تۆیە، گەر خەلەلەکە لەمنە وەرە پێم بڵێ، بەلاّم موشکیلە ئەوەیە کە ئەو برادەرانە هەمیشە لە گفتوگۆ ئەترسن.

*** لە پڕۆژەکانی پێشووترتان، هەر وەکو لە (سەگ و دەف ) و (زولێخا لە خەونی یوسفدا) ئەوەی کە بەدی دەکرا ئێوە زیاتر لەژێر کاریگەری تیۆرییەکانی ئارتۆ کارتان دەکرد، بەلاّم دواتر ئاراستەکە گۆڕا و ڕووتان کردە شانۆی هەژار، ناڵێم سەد دەر سەد لەو ستایلە کارتان کرد، بەلاّم وەکو پێشتر خۆشت ئاماژەت پێ کرد کەوتنە ژێر کاریگەری تیۆرییەکانی شانۆی (هەژار ) ی گرۆتۆڤسکیەوە، پێت وانیە جێهێشتنی ستایلێك و ڕووکردنە ستایل و شێوازێکی تر، زیاتر ئەرکی گروپێکی لابۆرییە نەك گروپێك کە ئەندامەکانی تەنها بە مەبەستی پرۆڤەکردن بۆنمایشێك لە یەکتر کۆ دەبنەوە ؟**

– بەڵێ .. دیارە ئیشکردنی من بۆ خۆی هەمیشە وەك ئیشکردنێکی لابۆری ویستومانە ئیشبکەین، حەزمکرد ڕۆژێك بەرێزێك لە دوای نمایشێك و لە گفتو گۆیەکی ئێمەدا ئەو قسەیەی بکردایە، نەك پرسیارێك بێت بەتەنها جوابی بدەمەوە، کاتێك چووم بۆ هەولێر و دوای دابڕانێکی حەوت مانگی کە گەڕامەوە ووتم دوو پرۆژە بۆ ئارتۆ ئەکەین، یانی بەمەبەست بوو، بۆیە دوو سیناریۆم نووسی، قۆناغی ئارتۆ مان بڕی، پاشان هاتین گرۆتۆڤسکی مان کرد، ئێستا هەنگاوی داهاتوومان تەواو جیاوازە لەو قۆناغە ، یەکێك لەو

شتانەی کەئیتر نیمانە دەقە، هیچ بیرۆکەیەك نییە، هیچ هێلکارییەك نییە، هیچ سیناریۆیەك نییە، ئەچینە پرۆڤە و گفتوگۆ ئەکەین و تەمرین ئەکەین، ئەو تەمرینە ئەکەینە نمایش.. بۆ؟ ڕۆژێك لە ڕۆژان گەورە شانۆکارێکی دنیا بەناوی ( گۆردن گریك) ووتی "شانۆی داهاتوو شانۆی جوولە و ئاماژەیە، ئەو ڕۆژەش دێت کە دەقی شانۆیی نەمێننێ"، بە ڕاستی بۆ ئێمە ئێستا ساتە وەختی هاتنە دی ئەو قسەیەی گۆردن گریکە، ئەگەر تەواوی شانۆی کوردی ئەو قسەیە بە فانتازیا تێبگات، ئەوا ئێمە لە (تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك) بە هەند وەریئەگرین و بە فەنتازیای نازانین، ئێمە ڕێك بە بەرنامەی خۆمانی تێدەگەین، پێشم وانیە بەو ڕادەیە بێت کە ئەکتەر لای من تەنها بۆ کارێکی شانۆیی بێت، لەبەر ئەوەی گەر بیرت بیت ئیشکردنی زۆری ئێمە وایکردووە ئەکتەر لە خۆیەوە هەست بکات کە کائینێکی شانۆییە، لە مانگی (دوو و سێ) دوو کارمان کردووە، لە مانگی (شەش) ئیشێکی ترمان کرد، بۆ ئەم (شەش) مانگەی تریش ڕەنگە (سێ) ئیشی تر بکەین، ڕەنگە هیچ نەکەین، گرنگ ئێمە هەمیشە لەگەڵ یەکدا لەگفتوگۆداین، گەر ئەکتەرێك لە ساڵێکدا لە (شەش) شانۆگەریی ئیشی کردبێت، لە (شەش) هەولێ ئەزموونگەری جیاواز ئیشی کردبێت، هەست دەکات کائینێکی شانۆییە، قەشەیەك چۆن هەست دەکات کائینێکی ئاینیە، یا حاکمێك بەهۆی حوکمە هەمیشەییەکانی هەست بەوە دەکات کائینێکی یاساییە، ئەکتەر لای من هەست دەکات کائینێکی شانۆییە، کاتێك یەکتری دەبینین و گفتوگۆ دەکەین و سەرچاوەو نووسینی لەبارەی کارکردنەکان پێدەدەم، ئەوەی کە ئەکتەری من لە ئەکتەری تیپەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەکتەر لە تیپێکی تر ساڵی جارێك یا دوو ساڵ جارێك بە عەفەوی دەقێك دەگرێتە دەستییەوە و لەبەری دەکات، لای من دەقێك نیە بەدەستییەوە بیگرێت، بەتایبەتی لەقۆناغی ئێستاماندا، ئێمە ئێستا لە گفتوگۆین لەگەڵ یەکتری لە بارەی پرۆژە و قۆناغی داهاتوومان.



*** ببوورە حەز دەکەم لێرەدا راتبگرم، ئەوەی تۆ باسی دەکەی ئەو ئەکتەرەیە کە گرۆتۆڤسکی پێیدەڵێت ئەکتەری موقەددەس واتە پیرۆز، کە پێویستی بە دەرهێنەری پیرۆزترە، ئایا ئێمە ئەو ئەکتەرە پیرۆزەمان هەیە کە بتوانێت کاری ڕاگوزاری بکات؟**

– نا، بەلاّم بەپێی ئەو خاسیتەی من ئەمەوێت، تۆ هەمیشە شانۆکارێك خەونت گەورەی هەیە، بەلاّم من ناتوانم ئەو خەونە گەورەیەم دیارە گەر هەشم بێت ئەمرۆ نایاتە دی، بەشێك لەو خەونەی من ئەکرێ بێتە دی لە ئەنجامی مەشق و کارکردنمان ئەوەی گرۆتۆڤسکی ئەیلێ و ئەوەی من ئەمەوێت، ئەوەی کە گرۆتۆڤسکی بە ئەرزی واقع لە کاتی حکومەتی پۆڵۆنی ئەیلێ کە داوا دەکات ئەکتەری گرۆتۆڤسکی با هیچ ئیشێکی تر نەکات لە شانۆ زیاتر، چونکە مووچەی هەیە و پێویستی ژیانی دابین ئەکات، ئەوە لەو بارودۆخەی ئێمە خەیاڵێکی گەورەیە، تا ئێستا پێم دەڵێن کارەکانت بۆ ناهێنێت بۆ هەولێر و سلێمانی؟ ئێمە ئەڵێین شانۆگەرییەکمان نییە ڕۆژێك بیهێنینە هەولێر و سلێمانی نماشی بکەین و بێینەوە، گەر بچینە هەولێر ئەبێ یەك مانگ بمێنینەوە تا شوێنێك بدۆزینەوە و تەمرینی لێبکەین، ئەو ئیشەی لێرە ئەکرێ ناچێتە هەولێر، ئەوەی لە هەولێر ئەکرێ ناچێتە سلێمانی، لە هەر شارێك ئەبێت بەپێی شوێنەکە ئیش بکەیت، بەیانی وەزارەتی ڕۆشنبیری یا ڕێکخراوی هونەرمەندان یا هەر دەزگایەکی تری فەرهەنگی و کولتوری، ئێمە بانگ بکەن بۆ هەر شارێك ماوەی مانگێك لەوێ بمێنینەوە، ئێمە ئەزموونی تیا دەکەین، سەبارەت بە قسەکەی تریشت کە ئایا ئێمە ئەو ئەکتەرەمان هەیە؟ من پێت دەڵێم ئەو ئەکتەرەمان نییە، بەلاّم ئەکتەر لای من گەیشتۆتە ئەو خاڵەی کە من چیم ئەوێ لە شانۆدا، بۆیە هەمیشە ژمارەی ئەکتەرەکانی ئێمە ئەگەر بەرەو کەمبوونەوەش بچن، بەلاّم دواجار ناتوانین ئەکتەری تازە وەربگرین، چونکە ئەکتەری تازە لای ئێمە ڕەنگە نەتوانێ بە ئاسانی لەو خاڵە تێبگات و هەمیشە بە شێوازێك کار ئەکەین کە گەیشتووینەتە خاڵێکی جەوهەری، ئەویش ئەوەیە کە ئەکتەر لای ئێمە هەستەکات وەزیفەی ئەوەیە

که ماندوو بێت و بگەڕێت، چەمکی گەڕان بەدەگمەن لە شانۆی کوریدا بوونی هەیە، هەمیشە ئەکتەر پێویستی بە دەقێك هەیە بۆئەوەی لە بەری بکات، من ناڵێم ئەوەی ئێمە بانگەشە کردنە بۆ لابۆرێکی شانۆیی، بەڵام شێوازێکمان بۆ بەرهەم دێنێت کە ئەکرێ نزیك بێت لە لابۆرەوە،چونکە گەر تۆ لابۆرێکی شانۆییت هەبوو ئەبێت شوێنت هەبێت بۆ ئەو لابۆرە، ئێمە تا ئێستا ئەوەمان نییە، بەڵام هەر ئیشێك بۆخۆی جۆرێکە لە لابۆرێك بەڕاستی لە (هاملێتی کەرکوك) تەنانەت یان لە (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) پەیژەکان بۆ ئێمە ببووە لابۆرێك، پرۆڤە و گەڕانەکان وادەکەن بگەینە شوێنێك، لە (زولێخا لە خەونی یوسفدا) ئەویش هەر وابوو، ئەو شوێنە (قەیسەری قەڵا) بوو، ئێستا زەروورییە ناوی تیپەکە بگۆڕین، ناوی بنێین (لابۆری شانۆی کەرکوك) بەڵام لەبەرئەوەی شوێنێکی تایبەتمان نییە، بودجەیەکمان نیە، ئەکتەرەکان لە حەز و سەرکێشی خۆیان بۆ شانۆی ئەزموونگەری و کارکردن لەگەڵ من ڕەنجێکی زۆر دەدەن، بۆیە ناتوانین ناوی تیپەکە بگۆڕین، بەڵام ئەکرێ بەرنامەی (تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك) بێت کە بۆ خۆی ئیتر کاری لابۆری ئەنجام بدات، ئەوەش ئەوە نییە (تیپی ئەزموونگەری) چەند دەرهێنەر و ئەکتەری هەیە، (تیپی ئەزموونگەری) هیچ دەرهێنەرێکی نییە.

نیهاد جامی سەرپەرشتی پرۆژەکانە و ئەوانی تر هەڵدەستن بە کاری نواندن.

*** تەنها چاوێك کە چاودێری ئەکتەرەکانی بکات؟**

– تەواوە ئێستا دەقمان نەما، دەرهێنەریشمان نەما، ئەکتەرلای ئێمە ئەبێت بە جەستەی کولتوری، منیش ئەبم بە بینەری یەکەمی ئەو (پێنج) کارەی قۆناغی داهاتوومان، یا هەر بە داڕشتنەوەی پانتایی ئەمێنمەوە، جەستەکانی ئەو قۆناغەش بریتی دەبن لە (دیدار مەجید و شکۆ عەمەر و فریاد ئەحمەد).

*** شانۆی گرۆتۆفسکی ژمارەیەکی کەمی وەرگر لەخۆ دەگرێت، هاوکات هەوڵ بۆ درووست کردنی پەیوەندی نێوان وەرگر و نمایش دەدات، ئەویش لەڕێی لادانی تەواوی بەربەستەکانی نێوان هەردوولا تا ئەو ڕادەیەی وەرگر بە**



**تەواوی هەست بە هەناسەدان و بۆنی ئارەقەی ئەکتەرەکان دەکات، دەشێ بڵێین بەشداریکردنی ئامادەبووان لەمەراسیمی بەخاك سپاردنی هاملێت بەشێك بووبێت لەو پەیوەندیە، یان پەیوەندی نێوان (وەرگر/ نمایش) لای گرۆتۆفسکی پەیوەندیەکی رۆحیە نەك کردەیی؟**

– گەڕانەوە بۆ گرۆتۆفسکی گەڕانەوە نیە بۆ ئەزمونێکی شانۆیی بەپێی خاسیەت و تایبەتمەندیەکان، گەڕانەوە ئامادەبوونی تیۆرە لەپرۆسەی نمایش، تیۆر بنەمایەکی زانستی دەخوڵقێنێ بۆ ئەزموونی شانۆیی، ستراتیژی ئەزموون ناڕۆشن نابێت، ئێمە پەیوەندی نێوان تەختەی (شانۆ و هۆڵ) مان گۆڕی، بینەر لەناو هۆڵێکی تاریك سەیری ئەکتەرەکان ناکات کە ڕووناکی ڕۆشنیان بکاتەوە، ئەکتەر و بینەر لەشوێنێکی وەك یەك ئامادە دەبن، بینەر بەشدارێکی ئەکتیڤە لەو ئەزموونەدا، هەربۆیە بینەری ئامادەبوو پێویستە خاوەنی ئاگاییەکی فکری و جوانکاری بەرز بێت بۆئەوەی لەکارەکە تێبگات، ئەوەش تیۆرە وامان لێ دەکات بینەرێکی دەست نیشان کراو بانگهێشت بکەین، ئەگەر ژمارەی بینەری گرۆتۆفسکی بریتی بێت لە (٣٠) کەس، هێشتا پێم وایە ئەو ژمارەیە زۆرە، بەهۆی ئەوەی تا ژمارەی بینەر کەمتر بێت، کاریگەری سرووتی شانۆیی لەسەر بینەر کاریگەرترە، هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە ئەو شوێنەی هەڵیدەبژێرین شوێنی (٢٥) کەسی تیا بێتەوە، ئەگەرچی زۆر جار ئەو بینەرە ئەو ژمارە دەست نیشان کراوە دەبەزێنێت، زۆرجار لەوەی ئێمە خوازیارینە زۆر زیاترە، ئەوە وامان لێدەکات بۆ داهاتوو هەمان ڕێچکەی گرۆتۆفسکی بگرینە بەر و خۆمان بینەرەکەمان دەست نیشان بکەین، بەشداریکردنی بینەر لە بەخاك سپاردنی هاملێت سرووتێکی شانۆیی کۆمەڵیە، سرووتێکە پەیوەندی بە کولتوری کوردیەوە هەیە، سرووتێکە لە کولتوری خۆمان وەرگیراوە، ئەو سرووتە گۆڕینی پەیوەندی نێوان ئەکتەر و بینەرە، پەیوەندیەکی سیمیۆلۆژیە بەهۆی ئەوەی ئەو گوڵانەی سەرەتا ئۆفیلیا بەسەر بینەران دابەشی دەکات، لەکۆتاییدا بینەران دوای ئەوەی هاملێت بە خاك دەسپێرن، گوڵەکانی لەسەر گۆڕەکەی دادەنێن، ئەوە

پەیوەندیەکی هارمۆنیە لەناو وێنەی شانۆیی ئەکتەر و بینەر جەستەی هەردووکیان لەناو وێنە بەشدارە.

*** لەدەستدانی سیمای کارەکتەرەکانی نێو نمایشەکە لەهەندێك بارودۆخدا پاشان گەڕانەوە بۆ کەسایەتی خۆیان هەندێ جاریش هەستکردنی وەرگر بە هەڵوەشاندنەوەی یەکەی (کردە) ی نمایش و جەختکردن لەسەر بە یۆتۆپیاکردنی نمایش لەکوێی پۆست مۆدێرنەدایە؟**

– جەستە لە شانۆی پۆست مۆدێرنیتی نوێنەرایەتی کارەکتەرێك ناکات، بەڵکو جەستەیەکی کولتوریە، جەستەیەکە هەڵگری زانست و کولتورە، جەستەیەکە لەناو سرووت بەدوای بنەما ئەنترۆپۆلۆژیەکان دەگەڕێت، جەستەیەکی گوماناویە هەڵگری پرسیارە، پرسیار تەنیا لەو ساتەوەختە نیە کە ئەو بەر جەستەی بینەر دەکەوێت، بەڵکو پرسیار لەو ساتەوەختەوە دێتە ئاراوە کە هێشتا ئەو لەناو سرووتەکە بەشداری نەکردووە، سەمای جەستەکان بەدەوری ئاگرەکەدا، بەر لەو سرووتە ئێمە قسەیەکی زۆرمان هەبوو بەوەی ئێمە لەڕێی ئەو سرووتەوە چی دەبەخشینە وەرگر، ئەو سرووتە بۆ ئەکتەرەکان زۆر زەحمەت بوو دەیانویست سرووتێکی تر ئەنجام بدەین نەك لەبەر ئەوەی بەدوای باشتر بگەڕێن، بەڵکو لەبەر ئەوەی، ئەوەی من خوازیاری بووم زەحمەت بوو، دوای ئازارێکی دوو ڕۆژی سەرەنجام سرووتەکە لە قسەکردن و گفتوگۆوە بوو بە وێنەی ریتوالی، ئەوەش بەرنجامی ئەوە بوو کە ئەوەم بیری ئەکتەرەکان هێنایەوە سرووت لەو ئەزموونەدا جیاوازە لە سرووت لە (سەگ و دەف) یا لە (زولێخا لەخەونی یوسفدا) ئەگەر سرووت لەو دوو ئەزموونەدا بەمەبەستی پاکبوونەوەی بینەر بێت ئەوا لە (هاملێتی کەرکوك) سرووت هەڵگری پرۆسەی پاکبوونەوە نیە، هێندەی مومارەسەیەکی شانۆییە بۆگەیشتنە پرسیاری جیاواز لەبارەی بوونەوە، ئەوە پرسیاری ئەنتۆلۆژیە وامان لێ دەکات پرسیار لە پەیوەندی جەستەی کوردی بە ئاگر بکەین بە پرسیاری فەلسەفی، ئەوە هەستکردنی ئەکتەر نیە بە بینەر لەناو سرووتدا، چونکە بینەر لەناو سرووتەکەدایە، لەدەرەوەی سرووتەکە نیە، ئەکتەر



دەیەوێ بینەر لەڕێگەی سرووتەوە بگەڕێنێتەوە بۆ پرسیار، پرسیار لەبارەی بوون و ماهیەتی جەستەی خود، ئەو خودەی خاوەنی شوناسێکی زەوتکراوە، ئەوە گەڕانەوە نیە لەکارەکتەری نمایشەکەوە بۆ کەسایەتی خۆی، بەڵکو پەڕینەوەیە لە جەستەی کولتوریەوە بۆ جەستەی بینەر، بەوەی ئەو پەڕینەوەیە کەناڵی پەیوەندی کردنەوەیە بە سرووتەوە، سرووتێکی کۆمەڵی هاوبەش، سرووتێك گرنگ نیە تاچەند سنوری خۆی لەناو پۆست مۆدێرنیتی دەدۆزێتەوە، ئەوەی گرنگە سرووت تاچەند توانای بەشداریکردنی لەناو کولتوری کوردیەوە هەیە، ئایا ئەو سرووتە بەرهەمی عەقڵ و بیرکردنەوەی ئێمە نیە لە شانۆدا؟ ئەوە پرسیارە گرنگەکەیە، ئێمە هەمیشە دەمانەوێ ئەزموونێك بە ئەنجام بگەیەنین کە ئەزموونێك بێت بەرهەمی بیرکردنەوەی خۆمان بێت، ئەزموونێك بتوانێ خاسیەتێکی جیاواز بە شانۆی ئێمە ببەخشێت

.

*** ئەکرێ بڵێین سەمای دەوروبەری ئاگرەکە کە بەر لەخاك سپاردنی هاملێت ئەنجامدرا، جۆرێك بووبێت لەوەی پسپۆرانی بواری ئەنترۆپۆلۆژیا پێی دەڵێن سرووتەکانی بواردن (طقوس الانتقال) واتە جێهێشتنی قۆناغێك و چوونە نێو قۆناغێکی نوێ، وەك سرووتی مردن و بە خاك سپاردن، یان سرووتی خەتەنە کردن کە لە کولتوری ئێمەدا باوە؟**

–چەمکی سرووت لەلای ئێمە نەك هەر بایەخێکی تایبەتی پێدەدرێت، بەڵکو سرووت بونیادێکی سەرەکی نێو وێنەی شانۆییە، وەك چۆن سرووت بۆخۆی بنەمایەکی گرنگ و سەرەکی ئەنترۆپۆلۆژیایە، هەر بۆیە ئێمە شانۆکەمان دانابڕین لە ئەنترۆپۆلۆژیای جەستە، کە ئەویش گەڕان و توێژینەوەی ئێمەیە لەبارەی زمان و کولتور و سرووت، ئەوە گەڕانەوەیەکی ریتوالیە بۆ کۆمەڵگا سەرەتاییەکان و خوێندنەوەی کۆمەڵگا لە ڕێگەی کولتورەوە، ئەو سرووتی ئاگرە لە بنەڕەتدا هەڵگری دوو دەلالەتی جەوهەریە کە لە ودیو ئەو دوو دەلالەتەوە دێینە سەر خوێندنەوەی جیاواز، دەلالەتی یەکەم پەیوەندی

جەستە بە ئاگرەوە، پەیوەندی جەستەی کولتوری نیە بەتەنیا، بەڵکو ئەو جەستەیە هەڵگری کولتورێکی سەرکوتکار و داپلۆسێنەرە، بەمانای جەستەی کولتوری جەستەی کوردیە لەناو سرووتدا، ئەوە کوردیە دێتەوە نێو سەمای ئاگر، ئاگر وەك ئاماژەیەکی جەستە، ئاگر بۆ منێکی کورد چیم پێدەڵێت؟ لە یادەوەریمدا ڕابردووی منی زەردەشتی ئاگر وەك سیمبولێکی ئاینی ئیش دەکات، بەمانای سرووتی ئاگر لێرەدا دەلالەتێکی ئاینی هەیە، وەك چۆن لەیادەوەریی هەر یەکێکماندا ئارەزوو کردن لە ئاگر ئاماژەیە بۆ چوون بەرەو ئێوارەی جەژنی نەورۆز، ئەوەش لێرەدا ئاگرو سرووتەکەی ئەمجارەیان دەلالەتێکی نەتەوەیی بەمن دەبەخشێت، دەلالەتێك پرسیاری شوناسم بۆ دێنێتە پێش، ئەوە جگە لە تێگەیشتنی ئێمە بۆ کاتی کارکردن بۆ دەلالەتی ئاگر، ئەو کاتانەی دەتەوێ ئەکتەر بڕواتەوە نێو منالّی و ترسەکانی کاتێ پێی ووتراوە "درۆ نەکەی دەناخوا دەتباتە ناو ئاگری دۆزەخ" هەموو ئەو یادەوەریانە لەکاتی پرۆڤە لەلای ئێمە دەتەقنەوە وەك (دال) ی کراوە جەستە دەبێت بە (نێرەر) ئاراستەی وەرگری دەکات، ئەو ئاراستەکردن ئیستفزاز کردنی خەیاڵی دەست نیشان کراوی وەرگرە بۆ بیرکردنەوە لە خود و دواجار لەماناکانی بوون. ئێمە لەڕێگەی سرووتەوە پرسیار لە زەمەنی هەنووکەی بینەر دەگۆڕین بە پرسیار لە ڕابردووی بەوەی: تۆ چیت؟ تۆ کێیت؟ لێرەوە سرووت بەرەو پرسیاری خۆناسین دەمانبات، ئەوە گومانکردنە لە زەمەنی ئێستا، دەلالەتی دووەم ستایشکردنی جەستەیە بۆ ئاگر، لێرەدا ئاگر رەمزێکی موقەددەسە، پرسیارکردن لە موقەددەس پرسیارکردنە لە بەها، بەدوای ئەو دوو دەلالەتە دەتوانین بێینە سەر پرۆسەی خوێندنەوە، بەتایبەت ئەو خوێندنەوەیەی کە تۆ لە پرسیارەکەدا ئاماژەت بۆکرد، دیارە بەر لەو سەمایە جەستەکان بە کێشانی تلیاکەوە خەریکن، هەر یەکێك دەیپەڕێنێتەوە بۆ ئەویتر، تا دواجار مالّێکی تلیاك کێشمان دەبێت ئەو مالّە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵگا، لەڕوویەکیتردا ئازادی ئەفیوون بوونە، ساتەوەختی ئازادی وکوشتنی تارمایی بێهۆش بوونی جەستەکانی ئێرەیە، ئەو بێهۆشیە دەبێتە هۆی ئەوەی



کوشتن ببێتە میکانیزم لە باوکەوە  بۆ کوڕ، بەڵام با ئەوەشمان بیرنەچێت فرەدەلالەتی جولە نایەڵێت لەناو تاکە مانایەکەوە گیر بخۆین، بەڵکو بەرەو خوێندنەوەی جیاوازمان دەبات، ئەوەش کردنەوەی ڕووبەرێکی سەربەخۆیە بۆ بینەر کە تۆ ئازادی بەوەی چۆن سەری نمایش دەکەیت، بەڵام دەبێت ئەوەت بیر نەچێت توانای  خوێندنەوەی ئەزموونە شانۆیەکەت هەبێت، وەك چۆن ئێستا تۆ دەتەوێ بەپێی دوو ئاست کە ئێمە ئیشمان لەسەر کردووە گفتوگۆمان لەگەڵدا بکەیت، هەرکەسێك بیەوێ لەو ئەزمونە بدوێ وەك تۆ دەبێ لەڕوانگەی گرۆتۆفسکی و زانستی مرۆپی (ئەنترۆپۆلۆژیا) گفتوگۆ بکات و ڕەخنە بگرێت، ئەو پرسیارەی تۆ دڵنیاییەکی باشمان پێدەبەخشێت بەوەی کەسانێکمان هەن توانای تێگەیشتنیان باش بێت لە ئەزموونەکانمان، ئەگەر ئەو بینەرەی ئێمە ژمارەشیان زۆر نەبێت، بەڵام دواجار ئێمە دەبینە خاوەنی بینەرێکی هۆشیار، ئاگایی ئەوی بینەر بەر ئاگایی جەستەی ئەکتەر دەکەوێت، ئەوەش دەبێتە هۆی لەدایکبوونی ڕاستەقینەی نمایشی شانۆیی.

*** ئەو شێوازەی کە بەنیازن لە داهاتوودا کاری لەسەر بکەن کە زیاتر نزیکە لە شێوازی کارەکانی شانۆی (ڕۆژ ) و شانۆی (ڕۆژنامەوان) دیسان جەخت لە سەر ئەوە دەکەمەوە کە پێویستی بە ئەکتەرێکی موقەدەسە، گەر ئەوەشی نەبێت تۆ چۆن ئەتوانیت ئەو وەعییە لای ئەکتەر درووست بکەیت، تاکو ئاشنای ئەو شێوازە بێت؟**

– بەرنامەکەی ئێمە بەرنامەیەکی تیۆری و پراکتیکییە، چۆنیەتی ئامادەکردنی ئەکتەر لە پرۆڤەدا چۆن ئەو ئاشنا دەکەیت بە کۆمەڵێك شت، ئێمە لە بەشێك لە پرۆڤەکانی هاملێت قسەمان لەسەر ئەوە بوو کە کەلەپوور چیە و کولتور چیە؟ کە چۆن کەلەپور ئەچێتەوە سەر ڕابردوو، کولتور چۆن لە ئێستا و لە داهاتوو و لە ڕابردوو لەگەڵماندایە، پرۆسەی ئامادەکردنی ئەکتەر بۆئەو کارە خالّێکی زۆر جەوهەری و گرنگە، لەبەر ئەوە بەراستی ئەکتەر لای من گیشتووەتە ئەو ئاستەی کە من کاری لەگەڵ بکەم،

هاوکارییەکی زۆری بکەم، ئەو سەرچاوانەشی کە ئەکتەر پێی نەگەیشتووە، ئەبێ پێی بگەیەنم چ لەڕێی نووسراو یا لە ئەنجامی ئەو گفتووگۆیانەدا من پێی ئەگەیەنم، بە مانایەکی تر من نەهاتووم بە ئەکتەر بڵێم تۆ دەبێت فلاَن ئەزموونکاری دنیا بناسی. من هاتووم ئیستنتاجی خۆمی پێبڵێم، ئەوەش وەك چۆن قوتابییەك مەلزەمەی ئەدەیتێ، ئەبێ مەلزەمەی بدەیتێ، کتێبی بدەیتێ لەو بارەیەوە، ئەوەی من ئەمەوێ ئەینووسم، چۆن دەرهێنەرەکان دەق دابەش ئەکەن، لەو قۆناغەدا من ووتار دابەش ئەکەم بەسەر ئەکتەرەکاندا، ئەو ئەیخوێنێتەوە بەیانی دێت گفتوگۆم لەگەڵ ئەکات، بۆ نمونە بابەتێکی تۆ هەیە لەسەر چۆنیەتی درووست کردنی ئەکتەر نووسیوتە، ئەڵێی کەم و کورتییەکانی ئەکتەر لە تیپی (ئەزموونگەری) لەمەدایە، ئەوە ڕایدەکێشین و کۆپی ئەکەین و بەسەر ئەکتەرەکاندا دابەشی ئەکەین بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەین، برادرێك بۆچوونێکی هەیە ئیتر لەمەودوا ئەیکەینە ناو ئیش، کۆمەڵێك خەڵك ئەکەینە ناو ئیشەوە، شێوەکارەکان ئەخەینە ناو پڕۆڤەوە، مۆسیقییەکان ئەخەینە ناو پڕۆڤەوە، ڕۆژێك داوەتی چەند کەسێك دەکەین بێن گفتوگۆمان لەگەڵدا بکەن، چونکە گەر گفتوگۆکان ئاستێکی باشیان هەبێت، ئەکتەرەکانیش هۆشیارییەکی باشتریان ئەبێت، ئەویش دیارە بۆ خۆی بێگومان کارێکی لابۆری ئەبێت، بەلاَم ئەو قۆناغە نامانباتەوە سەر گرۆتۆڤسکی، نامانباتەوە سەر ئارتۆ، بەقەد ئەوەی تێگەیشتنێکی ئەزموونکاری ئێمەیە، دواجار ڕەنگە ئێمە لە کۆمەڵێك ناوی تر نزیك بکاتەوە کە ڕەنگە پێویستی بەبانگەشەکردن نەبێت.

*** ڕەنگە تۆ لێرەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگ ببیتەوە، من بەشبە حاڵی خۆم لەو بڕوایەدا نیم لە بزوتنەوەی شانۆی خۆماندا، بەتایبەتی لە شارێکی وەك کەرکوکدا کە بەر لە پڕۆڤە ڕاهێنانی جەستەیی هەبێت، ئەو شێوازە نوێیەی کە بەنیازی کاری لەسەر بکەیت، پێت وانییە پێویست بەوە بکات کۆمەڵێك ڕاهێنانی نوێ دابرێژیت بۆئەوەی ئەکتەرەکانی لەسەری ڕابهێنیت بۆ قۆناغی داهاتووتان؟**

– دیارە ئەو ڕاهێنانە ڕاهێنانی من نییە بۆ ئامادەکردنی ئەکتەر، ئێمە هەندێ جار پەنا ئەبەینە بەر جۆرێك لە ڕاهێنان، بۆ نموونە کە لای ئارتۆ یان پیتەر بروك هەیە، بەتایبەتی لای پیتەر بروك کە زۆر بەلامانەوە گرنگە، کە چۆن حاڵەتێك بۆ حاڵەتێك ئەگۆڕێت، کاتێ کە بروك بە ئەکتەرەکەی ئەڵێت "تۆ لە ناو کانەیەکی خەڵوزی.. ئێستا پێشبینی بکە لەناو باخچەیەکیت لەگەڵ کچێك پیاسە ئەکەیت ... چۆن ئەو گۆڕانە درووست ئەکەیت؟" ئەوانە بۆ ئێمە گرنگن، بونیادی فیزیکی ئەکەوێتە سەر جەستەی ئەکتەر خۆی، ئەکتەر خۆی پێویستی بە ڕاهێنانە، ئێمە کە ئێستا ئیشمان نییە ئەکتەر خۆی بەرپرسە لەسەر خۆی کە ڕاهێنانی هەبێت، بەلاَم دواجار بیرت نەچێ گەر بزانم لە کەرکوك ئەکتەرێکی تر هەیە بەرژەوەندی ئەزموونەکانی منی تێدایە وەك دەرهێنەر ئەویش ئەهێنم، بەلاَم گەر نەبوو ناچارم لەگەڵ ئەو ئەکتەرانەی کە لەگەڵ خۆم ڕاهاتوون کار بکەم .

*** ئەگەر ئیستیجابەیان نەبوو ؟**

– ئەکتەرەکان نەیان بێت ؟

*** بەڵێ !**

– من پێمووایە ئەندامانی تیپەکە لەو قۆناغەدا خۆیان ئەزانن من چیم ئەوێت، ئەوان لە ئەنجامی گفتوگۆکاندا ئەزانن من چیم ئەوێت، وابزام ئەوان زۆر لەمن سوورترن کە بەو جۆرە ئیشبکەین.

*** دوا پرسیارمان لەسەر سینۆگرافیا دەبێت، تائێستا قسە و باسێکی زۆر لەبارەی سینۆگرافیاوە کراوە و بۆچوونەکانیش جیاوازن، وەکو ئاماژەت پێکرد ئێوە لەقۆناغی پۆست مۆدێرنەدان، چەمکی سینۆگرافیا لە شانۆی پۆست مۆدێرنە؟ تاچەند سینۆگرافیا بووە بە بەشێکی گرنگی نمایشەکانتان؟**

– پێویست بەوە دەکات بەر لەوەڵامی پرسیارەکە ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە ئێمە لە قۆناغی پۆست مۆدێرنەدا نین، بەڵکو تەواوی ئەزموونەکە بە هەموو قۆناغەکانیەوە شانۆی پۆست مۆدێرنیتی بەرهەم دێنێت، ئەو قۆناغە کە ناومانننا ئەنترۆپۆلۆژیای جەستە بە بیکت دەستی پێکرد و بە شکسپیر کۆتایی هات، سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت لە بارەی سینۆگرافیاوە، دیارە هەمیشە لەسەر زاری دەرهێنەرەکان گوێمان لە سینۆگرافیا دەبێت، بەلاّم لەڕووی تیۆریەوە خاوەنی نووسینێك و تێگەیشتنێکی زانستی نین بۆ سینۆگرافیا، ئێمە تائێستا نەك کتێبێك، بەڵکو ووتارێکمان لەو بارەیە نیە، کەسێکی پسپۆڕمان لەو بوارە نیە، بۆیە قسەکردن لەو بابەتە نەك پێویستیەکە، بەڵکو ئلتیزامێکی ئەخلاقیشە، بۆیە ئەوە دەڵێین کە سینۆگرافیا چەمکێکی شانۆیی نیە، بەڵکو ئەوەی وەك چەمك وەریگرتووە، بەرەنجامی تێگەیشتنی ڕووکەش بووە، کە دیمەنی بینراوی شانۆیی وەك سینۆگرافیا بینیووە، بەوەی دیکۆری بە سینۆگرافیا ناسیووە، بۆیە پێی وابووە سینۆگرافیا واتا و ڕێکخستنی بینراوەکانی سەر شانۆیە، ئێمە ئەوە ڕەت ناکەینەوە، هێندەی ئەوە پێناسێکی ڕووخسار ئامێزە، پێناسێکە نەیتوانیووە بە قووڵی لە ماناکانی تێبگات، هەربۆیە بە چەمك ناوی بردووە، ئەگەر بێت و بە قووڵی سەیری بکەین تێدەگەین کە سینۆگرافیا زانستێکە بە مەبەستی پشکنین و دۆزینەوە، زانستێکە خاوەنی تیۆری جوانکاریە، جوانکاری دەلالەتی نوێی تیا دەبەخشێتە شانۆ، دەکرێ ئەوە بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە بەرەنجامی شێواندنی هەستی جوانکاری مرۆڤی خۆر ئاوایی بوو بێت، کە توانی بەدوای جەنگی دووەمی جیهانی سینۆگرافیا وەك زانستێکی شانۆیی بەمەبەستی دۆزینەوە لەڕێگەی جوانکاریەوە بێنێتە کایەوە، ئەوەش گۆڕان بوو بەسەر دیمەنی شانۆیی کە یۆنانیەکان و ڕۆمانیەکان وەك هونەری زەخرەفە سەیریان دەکرد، شانۆکارانی ئیتاڵی لەسەردەمی ڕێنیسانس وەك تەکنیکی نیگارکێشان سەیریان دەکرد، کەچی لەگەڵ بە زانست بوونی لەتەکنیك و زەخرەفە بوون ڕزگاری بوو، بەهۆی



ئەوەی سینۆگرافیا چەندە هونەری بینینە، بەلاّم بینین کاریگەری فەلسەفی لەسەر پەیوەندی جەستە بە پانتایی و بە بیناسازی شوێن و بە بونیادەکانی نێو وێنەی شانۆیی بەجێ دێلێت، ئەوەش وادەکات سینۆگرافیا لەڕوویەکدا پانتایی شانۆ بگۆڕێتە سەر زەمەنێکی ئەفرێنەر، بەوەی پانتایی زەمەنی نوێی نمایش بێت، لەڕوویەکی تریشدا سینۆگرافیا دەبێتە هۆی لەدایکبوونی زانستی ئاماژەناسی (سیمیۆلۆژیا) لەناو ئەزموونی بینین، لەگەڵ ئەو تێڕوانینە بۆ سینۆگرافیا دەبێت خەڵکێك ئەوەیان قەبوولّ بێت لەشانۆی کەرکوك ئێمە لە تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك بۆ یەکەمجار لە "پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ" ئێمە هێنامانە دی چ وەك پرۆسەی ناونان وە چ وەك مانا زانستیەکەی، ئەوە لەدایکبوونێکی زانستی سینۆگرافیای شانۆبوو لەکەرکوك، دوای ئێمە ئەو چەمکە لەلایان زۆر دەرهێنەری تر بیستمان، بەلاّم لەڕاستیدا لەزۆر لەو کارانە سینۆگرافیامان نەبینیووە، تا ئێستا ئێمە لە کەرکوك دەرهێنەرێکمان نیە بتوانێ بە دوو دێر باس لە سینۆگرافیا بکات، کەچی هەمووان سینۆگرافیا بە دیکۆر تێدەگەن، با زۆر لەوەلاّمی پرسیارەکە دوور نەکەومەوە سینۆگرافیا لای ئێمە تەواوی ئەو شوێنە پێك دێنێت کە ئەکتەر و بینەر تیایدا بەشداری ئەزموونی شانۆیی دەکەن، کەسیان شوێنەکەیان تاریك نابێت، وەك چۆن کەس کورسیەکی دەست ناکەوێ بۆئەوەی لەسەری دانیشێت، سینۆگرافیا لەتەواوی ئەزموونەکانی ئێمەدا بریتیە لەو پانتاییە کراوەی ئەکتەر و بینەر تیایدا بەشدارن، شوێن دەلالەتی درووستکراوی پێنادرێت، بەڵکو شوێنەکە دەگۆڕدرێتە سەر شوێنێکی شانۆیی، موفرەدەیەك یا جولەیەکی ئەکتەر هەوڵی دۆزینەوە لە بۆشایی دەدات، ئەوە خاڵی جیاوازی ئێمەیە لە خەڵکانی تر، گەر کەسانێك لەناوبردنی سینۆگرافیا مەبەستیان پڕکردنەوەی سەر شانۆ بێت لەڕێگەی دیکۆڕی قەبەوە، ئێمە بڕوامان بەو دیکۆرە نیە تا ناوی بنێین سینۆگرافیا، چونکە سینۆگرافیا ئەوە نیە وەزیفەی سینۆگرافیا لای ئێمە بۆ بچووك کردنەوەی سەر شانۆ و کاری زەخرەفەیی نیە، بەڵکو بۆ ئاشکراکردنی پەیوەندیی دەلالی ئەکتەرە بە پانتاییەوە، ئەوە

سینۆگرافیایە لە (هاملێتی کەرکوک) زەمەنی ئەفرێنەر بەرهەم دێنێت، ئەو کاتانەی ئۆڤیلیا لەنێوان هەردوو چەمکی پانتایی و ئاماژە وەزیفەی ستراتیژی سینۆگرافیا دەردەخات، بەهۆی ئەوەی ئەوە کاری زەخرەفەیی نیە بۆیە پێویستی بە ئەکتەری خاوەن خەیاڵێکی فراوان و جەستەیەکی مەشق پێکراو هەیە، دەتوانم لەدوا ووشەدا ئەوە بڵێم سینۆگرافیا بەرەنجامی قووڵ یوونەوەیە لە شوێن و پەیوەندی هەر جەستەیەك بە یەکتر و دواتر بە بۆشاییەوە، من دەتوانم ئەو پەیوەندیانە لە ئاستی دەلالیەوە بە ئەنجام بگەیەنم. بۆیە ئەوەی لە سینۆگرافیا بۆئێمە سەرکەوتوو دەبێت بە دڵنیاییەوە بۆ دەرهێنەرێکیتر نایگەیەنێ بە سەرکەوتن، بەهۆی ئەوەی سینۆگرافیا بۆ ئێمە بەرهەمی بیرکردنەوەو ماندو بوون و خەون و خولیا و کارکردن و گفتوگۆی هەمیشەییمانە، زۆر سوپاس بۆتۆش گەر ئەو گفتوگۆیە نەبایە نەمان دەتوانی هەموو ئەو نهێنیانە بدرکێنین، کە بێگومان پرسیارە ڕەخنەییەکانی تۆ دەرفەتی ئەوەی بۆ کردینەوە لەسەر زۆر رەهەندی شاراوەی ئەو ئەزموونە بدوێین، بەتایبەت لە بارەی ئەزموونی هاملێتی کەرکوك و هەروەها لەمەسەلەی شانۆی کولتوری و ئامادەبوونی جەستە لە پانتاییدا. کە ئەوانە مەبەستی سەرەکی ئەزموونەکانی داهاتوومانن





# شانۆی پۆست مۆدێرنیتی

## سازدانی: کۆسرەت عەبدولرەحمان

*** قسەکردن لەسەر شانۆی پۆست مۆدێرن پێویستی بە باگراوندێکی مەعریفی پتەو هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو شێوە شانۆیە ئێوە قسەتان چیە؟**

– شانۆی پۆست مۆدێرنیتی لەڕووی زاراوە و مانا فەرهەنگیەکەی شانۆیەکە لە ئێستادا جێگەی لێدوان و گفتوگۆی شانۆی جیهانیە، ئەم شانۆیە بنەما سەرەتایەکانی لە نووسینە فەلسەفیە شانۆیەکانی ئارتۆ لەدایك بوو، بەلاّم بەدوای دەرکەوتنی گرۆتۆفسکی و باربا و کانتور و بروك ئەو شانۆیە گەشەی تەواوی کرد، شانۆیەکە پشت بە تێکستی ئەدەبی نابەستێت، بەڵکو ئیشکردنەوەیە لەسەر جەستە و بەتایبەت لەسەر زانستە شانۆیەکانی وەکو ئەنترۆپۆلۆژیا و کۆمەڵناسی، ڕۆشنبیری شانۆیی ئێمە لەو بوارەدا لەناو هەژاریەکی مەعریفی دەژییێت، هیچ ئاشنا بوونێکی بەو شانۆیە نیە، بەر لە ئێمە کەس باسی لەو شانۆیە نەکردووە لە ئاستی تیۆری و هەروەها لە ئاستی پراکتیکدا کۆمەڵێك پرۆژەی شانۆیمان لە شاری کەرکوك بەرهەم هێناوە، کتێبێکیشمان لەو بوارەدا نووسیوە بەناوی (شانۆی پۆست مۆدێرنیتی)، لەوێدا هەوڵمانداوە تەواوی بنەما تیۆریەکەی ئەو شانۆیە بخەینە ڕوو، بەدوای ئەوە تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئەو شانۆیە چیە و چۆن کاری تیا دەکەین هەموو ئەمانە لەو کتێبەدا دەروازەی ئێمەیە بۆچوونە نێو ئەو شانۆیە، بەر لەو کتێبە ئێمە ووتارێکمان لەو بارەیەوە نەبووە بۆیە هەوڵی ئەوەمان دا ئەو شانۆ جیاوازە بە شانۆکاری کورد نامۆ نەبێت، هەروەها بۆ ئەو شانۆکارانەی دەیانەوێ لەسەر ئەو شانۆیە کار بکەن جیهانبینیە سەرەکیەکەیان لا نامۆ نەبێت، دیارە ئەو شانۆیە خۆی وابەستەی ستایل و شێوازێکی دەست نیشان کراو نەکردووە، بەڵکو چوارچێوەیەکی گشتی هەیە لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەیە ئیشکردن تیایدا دەمێنێتەوە سەر پرۆژەی پشکنینی تۆ لە شانۆدا، ئێمە لە ڕابردوودا لەماوەی ١٩٩٥–٢٠٠٦ بە تەنیا لەو شانۆیەدا

جەختمان لەسەر جەستە دەکرد ئێستا لەو شانۆیەدا دەنگ بابەتێکی گرنگە لە کاری ئێمەدا هەردووکیشیان ڕیتوالی شانۆیی دێننە بوون، دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم کە لابۆری شانۆی لالش لە نەمسا کارەکانیان سەر بە شانۆی پۆست مۆدێرنیتیە، ئەگەرچی ئێمە کاری ئەوانمان نەدیووە، بەڵام ئەمڕۆ لابۆری لالش و تیپی ئەزموونگەری تاکە دوو گروپی کوردین کە لەو شانۆیە کار دەکەن، هەڵبەت بە جیاوازی مەنهەجی نێوانمان، ئەگەرچی ئێمە باوەڕمان وایە ئەوان لەڕووی تواناکانەوە زۆر لە ئێمە دەوڵەمەند و بە تواناترن، ئەوەش لە ئەنجامی ڕێزگرتنمانە لە کاری داهێنان، تۆ تا نەتوانێ جوانی خەڵکی ببینیت ناتوانی جوانیەکانی خۆت ببینیت ئێمە باوەڕمان بە توانای داهێنەران هەیە، بەڵام لەبەرامبەر ئەوانەش کە هێشتا ماویانە بگەنە ئەو ئاستە و نەزانینی خۆیان بەناوی بۆچوونی ئازاد و ڕەخنە بڵاو دەکەنەوە دڵنیاین لەوەی کەلێنێکی گەورە لەنێوان کاری ئێمە و قسە سادەکانی ئەوان هەیە.

*** کارەکانت لە کەرکوکدا ڕەنگدانەوەی هەبووە پێت وایە هەمان ئەو نمایشانە لە شارەکانی دیکەدا سەرکەوتنی هاوشێوەی کەرکوک بەدەست بهێنێ؟**

– تۆ بیرت نەچێت من سەرەتا کارەکانم لە هەولێر پێشکەش کردووە، لەماوەی ١٩٩٥–٢٠٠٥ پێنج شانۆگەریم نمایش کردووە لە زۆربەی فێستڤاڵە شانۆیەکان بەشداریم کردووە و لە فێستڤاڵی شانۆیی هەولێر کە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ١٩٩٥ سازی کرد، لەسەر ئاستی دوانزە شانۆگەری خەڵاتی باشترین دەرهێنەر و نمایشی شانۆیم وەرگرتووە، من کوڕی شانۆی هەولێر بوومە، و لە دایك بووی کەرکوم ویستم وەك وەزیفەیەکی ئەخلاقی بگەڕێمەوە کەرکوك، دیارە ئەزموونەکانی کەرکوك جیاواز بوون، لەسەر شانۆ نەبووە لە شوێنە مێژوویەکان بووە، بەڵام ئەگەر ئەوەت لا درووست بووبێت کە بۆ کارەکان تەنیا لە کەرکوك نمایش دەکرێت و ناهێنرێتە شارەکانی تر، دیارە ئەو نمایشانە لەسەر بنەمای ئەو شوێنەی کە مەشق و ڕاهێنانی تیا دەکرێت بە ئەنجام دەگات تۆ بیرتە من (هاملێت) ی شکسپیرم لە خانوویەکی دوو



نهۆمی قەڵای کەرکوك بە ئەنجام گەیاند یەکەم ڕۆژی پڕۆڤەمان لەو خانووە بووین تا ڕۆژی نمایش بەپێی ئەو شوێنە کارەکە بە ئەنجام گەیشتووە، یا (زولێخا لە خەونی یوسفدا) ئێمە بەپێی قەیسەری قەڵا کارمان کردووە کاتێ دەچیە شوێنێکیتر پێویستت بە پڕۆژەیەکیتر هەیە هەر شوێنێك ئەتمۆسفێری خۆی لەناو وێنەی شانۆیی بنیات دەنێت، ئەگەر (هاملێتی کەرکوك) یا (ئۆدیبی زەردەشت) لە سلێمانی یا هەولێر نمایشمان بکردبایەوە پێویستمان بەوە بوو لانی کەم هەفتەیەك لەو شوێنە پڕۆڤە بکەین کەهەڵی دەبژێرین، ئێمە نموونەیەکمان لەو بوارە هەبوو ساڵی پار لەشاری کۆیە (یادەوەری دەنگ) مان نمایش کرد شوێنەکە دوو پڕۆڤەی تیا کرا کارەکە لەڕووی ئەتمۆسفێری شانۆیی کە شەو بوو لەناو سرووتە شانۆیەکە کاریگەری گەورەی هەبوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی مەشقەکانەوە خۆمان لێی ڕازی نەبووین لەوانەیە ئەوە بینەر هەستی پێنەکات، بەڵام خۆمان باش لە پەیوەندی نێوان پانتایی و جەستەوە باش هەست بەو بۆشایە دەکەین، چونکە نەمانتوانیوە لەناو توێژینەوە و گەڕان شوێنەکە باش بپشکنین، بۆیە حەز ئەکەم ئەوە بزانی ئەو سەرکەوتنەی لە کەرکوك (ئەنتیگۆنای قەڵا) وەدەستی دێنێت ئەم نمایشە گەر بچێتە مۆسکۆ یا فێستڤاڵی ئافینون هەمان سەرکەوتن بەدەست دێنێت بگرە زیاتریش ئەویش پەیوەندی بە ئیشکردنەوەیە لەسەر شوێن، کاتێ ئەو کارانە نەهاتوونەتە دەرەوەی کەرکوك، پەوەندیان بە توانای ماددی هەبووە کە ئێمە پێویستمان بەوە بووە دوو هەفتە لە شارێك پڕۆڤە بکەین هەرکاتێ ئەوەمان بۆ مسۆگەر کرا ئەوا کارەکان دەتوانن بێنە دەرەوەی کەرکوك بیرت نەچیت کەرکوك بۆ من شارێکە سیحرێکی سەیری تیایە دەتوانم لە زۆربەی خانووی ماڵەکان و لەناو قەیسەری دوکانەکان شانۆ بکەم، ئەوە لە شارەکانی تر کەمتر بەدیدەکەم. من زۆر حەز بەوە دەکەم کارەکان بێنمە دەرەوەی کەرکوك بەتایبەت دوای ئەوەی لەماوەی دوو ساڵدا (٩) شانۆگەریمان لە کەرکوك نمایش کرد، بەڵام هاتنە دەرەوە گرفتی تایبەتی هەیە جارێ نازانین چۆن چارەسەری بکەین.

*** شانۆی بانتۆمایم لەلای نیهاد جامی و ئەزموونگەری هەمان ئەو شێوە بانتۆمایمەیە کەوا خەڵکی تێیگەیشتووە؟**

– ئێمە هێندە پەیوەستین بە بانتۆمایم کە کارەکان لەڕێگەی زمانی جەستەوە بە ئەنجام گەیشتوون، دیارە ئێمە بەدوای پرۆژەی هاملێت ئیدی دەنگ لەکارەکانمان بوونی هەیە، بەڵام بۆ وەڵام بەو پرسیارەی تۆ دیارە ئێمە تێگەیشتنمان بۆ بانتۆمایم گۆڕی، ئەوەش ئەمڕۆ دەستی پێنەکردووە هەر لەیەکەم کاری من لە هەولێر کاتێ (لەماڵێکدا) ی جاك پریڤەرمان نمایش کرد لەسەر شێوازی شانۆی ڕەشی چیکسلۆفاکی کارەکەمان پێشکەش کرد، ئەوەی ناوی لەو کارەنا بانتۆمایم تەنیا ئەوە بوو کە دەیالۆگی تیا نیە دەنا بانتۆمایم نەبوو بەمانا باوەکەی، بۆیە هەندێك لە ئەرشیفیەکان تووشی هستریا هاتن، یا (ئەفسانەی ڕێگای هات و نەهات) کە بەلای ڕەخنەگرێکی وەکو (سەباح هورمز) ئەوە هێندەی تێڕوانینی تایبەتیە ناچێتە ناو بانتۆمایم کەسانێك پێیان وابوو ئەو بۆچوونە کەمکردنەوەیە لەڕۆڵی ئێمە، بەڵام من خۆشحاڵ بووم، چونکە ئەو کارانە بانتۆمایم نین یا (کاسترۆ مەجید) لەسەر ئەو شانۆگەریە بۆچوونی وایە کە ئەم کارە زیاتر لە ئەزموونی شانۆی وێنەیی نزیکە، شانۆگەری (سەفەرەکانی پەشیمانی) گۆڕینی چەمکی داڕشتنەوەی پانتایی بوو، لەڕێگەی نووسینەوەی بۆشایی لەرێگەی ئاماژەی جەستەیی و هەروەها ماتریالەکانی وەکو قوماش و ئاوێنە کە دەلالەتی جیاواز وەردەگرنەوە وەك زیرەك عەبدوللا لەبارەی ئەو کارە لە نوسینێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە چۆن ئاوێنە پیرۆزی پێدەدرێ وەك کەژاوەی بووك دەردەکەوێ هەروەها دەبێتەوە کفنیش، ئەو بۆ خوێندنەوەی ئەو ئاماژەیە گەڕابۆوە بۆ میتۆلۆژیای نەرسیس، یا (حەیدەر عەبدولرەحمان) لەبارەی شانۆگەری (عەبا) ئەوەی دەرخستووە کە ئەم نمایشە بەرەو فەلسەفە دەڕوات، ئەوەش بەرەنجامی ئەوەیە کە ئێمە تێگەیشتنمان بۆ بانتۆمایم گۆڕی، دیارە خەڵکانی سەلەفی و نەخوێنەواری وەکو موحسین محەمەد یشمان هەیە کە بۆ ئەوەی پێمان بڵێ ڕەخنەگرە بەر لەکارەکە بۆچوونی خۆی



هەیە، جارێك لە شانۆگەری عەبا ویستوویەتی لەڕادیۆیەکی حزبی تۆمەت و جنێو درووست بکات بۆ ئەوانەی کە قسەیان لە شانۆگەریەکە کردووە لە ڕێگەی گۆڕینی قسەی ئەو ئازیزانە، جارێکیتریش لە (یادەوەری جەستە) وەعزمان پێشکەش دەکات کە دەبێ شانۆی بانتۆمایم ماوەکەی کورت بێت و بینەر لە نزیکیەوە بێت، ئەوەش گەواهی ئەو ڕاستییە کە موحسین و سەلەفیەکانی شانۆ ناتوانن لەو شانۆیە حاڵی بن هەر وادەزانن ئەو بانتۆمایمەیە کە ئەوان لە ڕابردوو پێی ئاشنا بوونە، کە دەبێ ماوەکەی لە دەقیقەیەك زیاتر نەبێت نەوەك مێشکیان بووەستێ و بەرگەی نەگرن، ئەوە سەبارەت بە کارەکانی هەولێر، هەرچی لەبارەی کاری ئێمەیە لە کەرکوك، بەوەی گەر ئەمڕۆ خەڵکانێك لە کەرکوك بیانەوێ بانتۆمایم بکەن ئێمە خۆشحاڵین هەولی وا هەبێت، بەڵام دیارە ئەو سەرکەوتنەی بۆ ئێمە وەدەست دێت و بۆ ئێمە کارێکی نوێ بێت بۆ ئەوان لاسایی کاریە، چونکە ئێمە بەرەنجامی گەڕانمان لەناو کارکردن گەیشتین بەو کارە، بەڵام کەسانێك بێن بیانەوێ لەتێگەیشتنی ئێمە بۆ ئەو شانۆیە کاربکەن هەڵبەت ناتوانن پێیان بڵێیت داهێنەر، پێم وایە تۆ باشت لەبیرە کە ئێمە یەکەم کارمان لە کەرکوك نمایش کرد (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) لەسەر پەیژەکانی قشڵە ئەنجاممان دا هەموو ئەوانە ئەو کات نوقمی دەیالۆگ بوون، ئێمە توانیمان تێگەیشتنیان بۆ شانۆ و بۆ بانتۆمایم بگۆڕین، پێم وایە کارێکی باشمان کرد، بەڵام تۆ بێیت سیناریۆیەکی نووسراوی شەفیق مەهدی یا سەباح ئەنباری تەنانەت یا (دیمەنێکی خامۆشی) بیکت بکەیت و خۆت کۆیلەی ووشەی نووسراو بکەیت بەلای ئێمەوە ئەوە هیچ جیاوازیەکی نیە لەتەك ووشە، چونکە تۆ پابەندی ئەو دەقە نووسراوەی، دیارە وەك کاری تەدریسی و بۆخۆ ڕاهێنانی جەستە و لەسنووری پەیمانگا بۆ خوێندکار کارێکی خراپ نیە، بەڵام وەك کاری موحتەریف و شانۆیی ناتوانی قسەی جدی لەبارەوە بکەیت، چونکە ئەوانە بانتۆمایمی تەدریسین دەچنە سنووری هەوڵە سەرەتایەکانی بانتۆمایم، ئێمە توانیمان ئەو هەوڵە سەرەتاییانە بەتەواوی تێپەڕێنین کەچی

خەڵكانێك تازە دێنە سەر ئەو سەرەتایە دیارە ئەوەیان ئاساییە ئەوەی نائاسییە تەنیا ئەوەیە کە ئەوان بێن خۆیان بەکارەکانی تیپی ئەزموونگەری بەراورد بکەن، ئەو ئازیزانە بیریان دەچێت کە لەکارەکانی ئێمە ئەوان ناتوانن دوو ووشە بڵێن، چونکە کارگەلێکن زۆر لەسەر مەعریفەی عەقڵی و هەستی ئەوانە، ئێستا ئەوان دێن لەڕێگەی کاسێتێکی مۆسیقی و چەند جولەیەکی وێنە بۆ کێشراو دەیانەوێت بگەن بە ئەزموونی (خاچ) کەلەسەر ئەزموونی شانۆی ژوور بوو یا (سەگ و دەف) کە لەسەر ئەزموونی شانۆی توند و تیژیی یا (هاملێتی کەرکوك) کە لەسەر تێڕوانینی گرۆتۆفسکی بۆ شانۆ، ئەوە جگە لەوەی ئەم کارە تا ساڵانێکی زۆر دەتوانیٚ کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی شانۆیی ئەم شارە دابنێت.

*** پڕۆژەکانتان تاچەند پڕۆژەی ئەکادیمین لەکاتێکدا لە کەرکوکدا بوونی پەیمانگای هونەرە جوانەکان هەیە؟**

– ئەکادیمی بوون ئەوە نیە تۆ بێیت لەسنووری شانۆی کلاسیك خۆت بەند بکەیت، نەیەڵی گەنجان لەو سنوورە بێنە دەرەوە، ئەکادیمی بوون بۆ ئێمە وابەستەیە بە تێگەیشتنی تیۆریمان بۆ شانۆ، لەهەر کوێیەك گەر تیۆر نەبوو شانۆ ئەکادیمی بوون لەدەست دەدات، جەهلێکی کوشندە یەخەی شانۆکار دەگرێت، ئەوە غیابی ئەکادیمی بوونە وادەکات کەسێك نەتوانیٚ گفتوگۆ لەسەر کارەکانی ئێمە بکات، بەپێچەوانەی ئەو قسەیەی تۆ بوونی هەر پەیمانگایەك و هەر ناوەندێکیتر وەك ناوەکەی ناوەندی ئەکادیمیە دەنا ئەکادیمی بوون لای ناوەندە شانۆیەکانی ئەم شارە نابینیین، ئەکادیمی بوون وابەستەیە بەوەی ئێمەچی لە گرۆتۆفسکی وەردەگرین و چی لای ئەو هەیە دەیگۆڕین، ڕۆژ بە ڕۆژ بڕوامان بە ئەکادیمی بوون پتەوتر دەبێت، بەڵام تۆ بێیت گەنجان لەسەر ئەوە ڕابێنی کە ئەکادیمی بوون بریتیە لەوەی شانۆ تەنیا دەبیٚ لەسەر تەختەی شانۆ بێت و گەر پشتت کەوتە بینەر هەڵەی ئەکادیمیە و گەر ووشەت لە دەق لابرد لە ئەکادیمی بوون لات داوە، بۆئەوەی ئەکادیمی بیت نابیٚ خۆت قسەت هەبیٚ، هەموو ئەمانە بەجەهلێکی کوشندە



تێدەگەین کە بەناوی ئەکادیمی بوون دەووترێتەوە، پێویستە بۆ ئەکادیمی بوون لەسەر ئەوە گەنجان پەروەردە بکرێن کە چۆن تیۆر دەتوانیٚ دیدی ئەوان بۆ شانۆ پتەو بکات، ئێمە بۆ خۆمان ئێستا خەریکی تیۆریزە کردنی ئەو قۆناغە نوێیەی کارەکانمانین کە پڕۆژەکە نوسینەوەی تیۆرە بۆ ئەزموونەکانی (یادەوەری دەنگ، ئۆدیبی زەردەشت، حیکایەتی لم، ئەنتیگۆنای قەلاٚ) ئەوەش بە ئەکادیمی کردنی ئەو شانۆ ئەزموونگەرییە لەرێگەی نوسینەوەی تیۆرەوە کە بەشێکە لە کتێبێکەکەمان لەبارەی شانۆی پۆست مۆدێرنیتی، بەناوی (سۆسیۆلۆژیای شانۆ)، ئەوەش وەك میتۆدی کارکردنی ئێمە لە دەنگ و ڕیتواڵ و پانتایی و چۆنیەتی کارکردن، بەلاٚم ئەوانەی لەنێو باڵەخانەیەکدا ناویان لەخۆیان ناوە ناوەندی ئەکادیمی تەنانەت ناتوانن موحازەرەیەکی دوو لاپەڕەیی بنووسن، ئەوە کێشەی کەرکوك نیە کێشەی هەموو پەیمانگاکانی کوردستانە، تائێستا جەخت لەسەر کتێبێکی شانۆکارێکی عیراقی دەکرێت، بۆئەوەی لەناوەندە شانۆیەکانمان خوێندکار لەسەر ئەکادیمی بوون ڕابێنین نابیٚ بۆ دەرهێنان سەرچاوەمان (بەدری حەسون فەرید و سامی عەبدولحەمید) بێت، دەبیٚ ڕاستەوخۆ پشت بە (ئەلکسەندەر دین) ببەستین، نابیٚ بۆ وانەی نواندن کتێبەکەی خوالێخۆشبوو (عەنی کەرومی) بووترێتەوە، خوێندکار پێویستی بەوەیە ڕاستەوخۆ بە کتێبەکەی ستانسلافسکی ئاشنا بکرێت، وەك چۆن ئەگەر ئێمە لەڕابردوودا بۆ شانۆی ئەزموونگەری دەگەڕاینەوە بۆ بەیاننامەکانی سەلاٚح قەسەب، ئەمڕۆ دێین ئەو هەلاٚنە ڕاست دەکەینەوە و ڕاستەوخۆ دەگەڕێینەوە بۆ کتێبە دانسقەکانی شانۆی ئەزموونگەری لای شانۆکارە ئەزموونگەرەکانی فەرەنسی و پۆڵەندی.

*** تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك تاچەند هەوڵی داوە لەهیچ پڕۆژەیەکی هونەری هاوشێوەی ووڵاتان نەچێت؟ تاچەند ئەزموونگەریەکەی ئێوە لە تیپی ئەزموونگەری هەفتاکانی کەرکوك ناچێت وەچەند لە ئەموونگەریەکەی شەماڵ عومەر و دانا رەئووف و ئەوان نزیکە؟**

– کارکردنی ئێمە لە شانۆدا بەرەنجامی گەڕانی خۆمانە لەشانۆ، ئەگەرچی لە ئاستی تیۆریی دەگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکان بەوەی بزانین کاتێ دەنگ دێنین سەیری ئەوە دەکەین کە ئەنترۆپۆلۆژیستێکی شانۆیی چۆن دەنگی بەکار هێناوە؟ ئەو پرسیارە کە لەخۆمانی دەکەین بۆئەوەیە تا دڵنیا بین لەوەی کە ئێمە چۆن بەکاری دێنین ئەوە بۆ ئێمە بە جیاوازی کولتوری ناو دەبرێت، گرۆتۆفسکی ئەکتەر بەو موقەددەسە دەبینێ کە بە قەدیس ناوی دەبات، ئێمە ئەو قەدیسە دەگۆڕین بۆ موغ، جیاوازیەکەشمان کولتوریە، ئێمە موغەکەمان وەك قەدیسەکەی ئەو لەهەموو مانا ئاینیەکان بەتاڵ دەکەینەوە، جیاوازی کولتوری تەنیا لە ئاستی ناونان نیە کە ناوەکان دەگۆڕێ، بەڵکو وابەستەیە بە دیاردە کولتوریەکانیشەوە، ئێمە بەو موغە دەڵێین جەستەی کولتوری، چونکە هەڵگری تەواوی ئەو کولتورەیە کە بوونی ئەو لە دنیای کوردی ئەزموون کردووە، دەنگ ئاماژەی کولتوریە بۆیە دەنگ گەڕانەوەیە بەرەو وێردە ئاینیەکانی زەردەشتیەت و ئیشکردنەوەیە لەسەر تێکستی ئاڤێستا، لەوێدا جیاوازیی ئەزموونەکانی ئێمە دەردەکەوێت بەوەی ئێمە ئەزموونێك بنیات دەنێین تەنیا لەخۆمان دەچێت، هەموو ئەوانەی تۆ لەسەر ئەزموونگەری ئاماژەیان بۆ دەکەیت ئێمە وەك ئەوان دەقمان نیە ئەوە خاڵی سەرەکی جیاواز بوونمانە ئێمە بیرۆکەی دەقێك گفتوگۆ دەکەین بەوەی چۆن ئەو بیرۆکەیە دەبێتەوە باکگراوندێکی کولتوری هەروا سەیری (ئۆدیب و ئەنتیگۆنا) مان کردووە، دواتر لەناو شانۆیەکی فرە کولتوری دەیتوێنینەوە، هەرچی سەبارەت بە ئەزموونی هونەرمەند شەماڵ عومەرە، سەرەتا من شەماڵ بە ڕابەری شانۆی ئەزموونگەری کوردی دەبینم، بەڵام پیم وانیە کاری ئێمە لەیەکتری بچێت، بەبەڵگەی ئەوەی نە ئێمە کاری ئەوانمان دیووە نە ئەوانیش کاری ئێمەیان دیووە، ئێمە بۆخۆمان هێندە بڕوامان بە خۆمانە هاتین ئەزموونی شەماڵ و نیگار بکەینە مەلەفێکی شانۆیی ئەوە بوو لە گۆڤاری شانۆکار مەلەفێکمان بڵاو کردەوە مەبەست تەنیا ڕێز گرتن نەبوو لە هەوڵ و ماندوو بوونی ئەوان، بەڵکو ئاشنا کردنی شانۆکارانی کەرکوك بوو بەو



ئەزموونە کە خەڵکانێکمان هەیە لەئاستی جیهان بەو شێوەیە کار دەکات، ئەوە تەنیا ئێمە نین دەنگ لەلامان بۆتە کێشە کولتوری لە شانۆ، بۆ لەیەکچوونی تیپی ئەزموونگەری کەرکوك و ئەوەی هەشتاکانی سلێمانی پێم وایە تەنیا لەیەك خاڵ لەیەك دەچن ئەویش ئەوەیە هەردووکیان ناویان تیپی ئەزموونگەری بووە دەنا لەهیچ شتێك لەیەك ناچن، ئەگەر کەسانێك شتەکان لەڕێگەی ناونانی ڕووکەشەوە ببینن ئێمە ناتوانین خۆمان بەو ڕواڵەتخوازیەوە خەریك بکەین، چونکە خۆت ئاگاداری ئێمە ئێستا کە گەیشتووینەتە ناوەڕاستی ساڵی ۲۰۰۸ ەوە هەر لەم ساڵە سێ کاری شانۆیمان نمایش کردووە، بۆیە ئێمە بەردەوام بە شانۆوە خەریکین ناتوانین خۆمان بەشتی لاوەکی کەسانێك خەریك بکەین کە مەبەستی سەرەکیان خۆ خەریك کردنی ئێمەیە بەخۆیان تا وا تێبگەن ئەوان لە ئاستی کاری ئێمەدان بۆیە وەڵامیان دەدەینەوە بۆیە خۆمان بەگەمەی ئەو کەسانەوە خەریك ناکەین.



# گومان کردن لە رابردوو بۆ ئەزموونگەری

## سازدانی: سەلاح حەمە ئەمین

*** چۆن دەڕوانیتە شانۆی ئەمڕۆ لە کوردستان و کەرکوک؟**

– بزووتنەوەیەکی شانۆیی بە مانا بەردەوامیەکەی بوونی نیە، ئەوەش بۆ نەبوونی پڕۆژەی شانۆیی دەگەڕێتەوە، وون بوونی هەستی بەرپرسیاریەتی بووەتە هۆی ئەوەی پڕۆژە بوونی نەبێت، شانۆکاری جدی ئەو کائینە بەبێ پڕۆژەی شانۆیی توانای بەردەوامی نابێت، وەك چۆن پێویستە ئەو کائینە کەمبەرهەم نەبێت، بۆئەوەی بە ڕاستی هەست بکات بەوەی کائینێکی شانۆییە، ئەو دەستەواژەیە بەتەواوی شکستی هێناوە کە دەڵێت "لەساڵێکدا ئیشێکی باش کیفایەتە" تۆ کە خەمی شانۆت هەبوو، کێشەی خوێندنەوەو گومان و پرسیار و تێڕامانت لە شانۆ هەبوو، خۆت بەوە ڕازی نابیت کەمبەرهەم بیت و لە دۆخی هەڕەشەکردن لە شانۆ بێدەنگی هەڵبژێریت، بێدەنگی کاری ئەوانەیە دەیانەوێ شانۆ ڕووبەرێك بێت بۆ بژێوی ژیان و دەوڵەمەند بوون، شانۆکاری جدی ئەو ڕووبەرە بە پرسیار و گومان پڕ دەکاتەوە، بەهۆی ئەوەی من لە کەرکوک دەژیم ناتوانم بۆچوونی خۆم لەسەر شارەکانیتر دەربڕم، بەڵام لێرە بزووتنەوەیەکی فراوان هەیە، ئەو بزووتنەوەیە پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، لەزۆربەی بەرهەمەکان گرفت لە کەمتوانایی دەرهێنان بەدی دەکرێت، نەبوونی گوتارێکی ڕەخنەیی و کەسانی پسپۆڕ لەو بوارەدا نەیهێشتووە ئەزموونەکان بخرێنە ناو خوێندنەوەی جیاوازەوە، ئێمە بۆخۆمان لەزۆربەی کارەکانمان کۆڕی ڕەخنەیی ساز دەکەین، بۆ ئەوەی لەتەك شانۆکاران و بینەران ئاڵوگۆڕی بۆچوونەکانمان بکەین، ئەوان چەندە سەرنجەکانیان بۆ ئێمە پێویستە، هێندەش خۆمان لەسەر شێوازی کارکردن و ئامادەکردنی ئەکتەر لە پانتایی و خوڵقاندنەوەی نمایش لە پڕۆڤە نەك لەسەر کاغەز و تەفسیری ئیشکردنەکە ڕوون دەکەینەوە، مەبەستمان بەشداریکردنی بینەرە لە پڕۆسەی نمایشدا، ئێمە لەوێوە دەتوانین سەیری خۆمان بکەین، بەوەی گروپێکی شانۆیی خاوەن پڕۆژەین، لەماوەی ساڵێکدا پێنج ئەزموونی شانۆییمان بەرهەم هێناوە، ئەوە جگە لەوەی گۆڤارێکی شانۆیی وەرزیمان دەرکردووە بەناوی شانۆکار کە ئێستا خەریکی دیزاینی ژمارە (٢) ی گۆڤارەکەین تیایدا دوو مەلەفی گرتۆتە خۆی مەلەفێکیان تایبەتە بە شانۆکاری یابانی (تاداشی سوزوکی) مەلەفەکی تریش تایبەتە بە گوتاری ئەزمونگەری لە ڕەوتی شانۆی کەرکوك، تیایدا شانۆکارانی کەرکوك تێڕوانینی خۆیان لەبارەی ئەزموونەکانی تیپەکەمان دەربڕیووە.

*** جەماوەری ڕۆشنبیری و هونەری لەشاری کەرکوك چۆن دەڕواننە ئەزمونەکانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك، یان بە شێوەیەکی دی بەڕێزتان چۆن دەڕواننە بۆچوونی بینەرانی ئەزموونەکانتان؟**

– ئەو پرسیارە پێویستی بە دوو تێڕوانین و وەڵامی جیاوازە، بەهۆی ئەوەی من نازانم ئەوان چۆن سەیری ئەو ئەزمونانە دەکەن، دەبێت ئەو پرسیارە لەوان بکرێت، پێویستە ئێوەی ڕۆژنامەنووسان چۆن پرسیار لە ئێمە دەکەن، بەهەمان شێوە ڕیپۆرتاژ بکەن لەگەڵ بینەران، هەرچی پەیوەندی بە ڕوانینی ئێمەیە بۆ بینەر، بەلای ئێمەوە پەیوەندی نێوان ئەکتەر و بینەر پەیوەندیەکی هاوبەشە، پەیوەندیەکە لە ساتەوەختی بەریەککەوتنی هەریەك بەویترەوە دەست پێدەکات، هەربۆیە بینەر وەك ئەکتەر جەستەیەکی بەشدارە، جەستەیەکە کورسیەکی دەست ناکەوێ بۆ ئەوەی بە دیار ئەکتەرەوە دانیشێت، وەك ئەکتەر بەسەر قاچەکانیەوە دەوەستێت، جولەی ئەکتەر وا لەو دەکات بجولێتەوە.. یا شوێنەکەی خۆی بگۆڕیێت، ئێمە ئەکتەر ناخەینە بەر ڕوناکی و بینەریش لەتاریکی دابنێین، ئەکتەر و بینەر بەیەکەوە دەوەستن و کەسیان شوێنی لەوەیتر جیاواز نیە، شوێنی هەردووکیان وەك یەکە، ئەو پەیوەندیە بە تایبەتی لەدوا ئەزموونمان (هاملێتی کەرکوك) زۆر بەووردی ئیشی لەسەر کرابوو، چ لە کاریگەربوونی بینەر لەناو سرووت، یاخود لەوەرگرتنی گوڵ لەسەرەتاوە کە لە کۆتایی لەگەڵ بینەرانماڵەکە (شوێنی نمایش) بەجێ دێلن، لە بەخاك سپاردنی هاملێت، بینەران گوڵەکانی وەریان گرتووە نایبەنەوە ماڵەکانی خۆیان، بەڵکو وەك وەفا و خۆشەویستی دەیخەنە

سەر گۆڕی هاملێت، ئەوە مانای وایە ئێمە لە کارەکانمان هەرگیز بینەرمان دانەبڕیووە، بەڵکو بینەر بونیادێکی سەرەکیە، بەڵام پێویستمان بە بینەرێکە خاوەنی ئاگاییەکی شانۆیی بێت، ئەو بینەرەی بەدوای پێکەنین و دروشمی سیاسی دەگەڕێت، زوو لە ئێمە دوور دەکەوێتەوە، چونکە ئەوانە لای ئێمە دەست ناکەوێ، بینەر پێویستی بە ئاگاییەکی ڕەخنەییە توانای گومانکردنی هەبێت و لەڕێگەی شانۆوە پرسیاری لا بروروژێت، لەهەمووشی گرنگتر ئەو بتوانێ لەڕێگەی بەشداریکردنی لە سرووت چێژی شانۆیی وەدەست بێنێت.

*** مێژووی شانۆی ئەزمونگەری لە کەرکوکدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٧٩–١٩٨٥ چۆن دەڕواننە ئەو مێژووە، ئایا ئەزموونەکانی ئێوە درێژە پێدانی ئەو مێژووەیە؟**

– هەمیشە بە چاوی گومانەوە سەیری ئەو مێژووە دەکەین، ئەوە زیاتر لە دەنگی حیکایەتی ڕابردوو دەچێت، ئەزموونێك نەبێت بە تیۆر و کتێب و کاریگەری بەسەر پرۆژەکانی داهاتوو بەجێنێلێت، توانای ئەوەی نیە وەك سەرەتایەك بۆ شانۆی ئەزمونگەری لێی بڕوانین، چونکە نەیتوانیوە لە کۆمەڵێك نمایش دەربازی بێت، نەبۆتە پرۆژە بۆ شانۆیەکی ئەزمونی، بۆ خودی ئەو شانۆکارانەش نەبۆتە هەوڵدانێکی بەردەوام، بۆ کەسانی دوای خۆشیان کاریگەر نەبووە، تیۆریزە کردنی ئەزموونەکان و نەبوون بە کتێب بە مانای گومان کردنە لە ئاستی کارەکان، هەوڵدانەکانیان چی بووە کەس نایزانێت، چونکە تێکستێکی نووسراو نیە قسە لەو کارانە بکات، بەڵام گرنگی تێگەیشتنی ئێمە لەوەدایە، تۆ چی لای من دەبینی کە لای ئەوان پێشتر هەبووە، گوناهێکی گەورە و هەڵەیەکی فکری کوشندەیە پێم بڵێی ئەوانیش لەژێر ناوی تیپی ئەزموونگەری کاریان کردووە، پرۆسەی ناونان بەبێ بوونی پرۆژە توانای بەجێ هێشتنی کاریگەری نیە، ئەگەر پرۆژە هەبووە کوا؟ من نەمبینیووە تەنانەت ئەکتەرەکانی من دوای ئەو مێژووە وەك تەمەن خۆشیان لە دایك بوونە، بەپێی ئەوەی بەدوای ناوەڕاستی هەشتاکان لەدایك بوونە، ئەگەر تۆ لەگەڵ ئەوان هاوڕایت پێت وایە کارەکانی ئێمە درێژەی کاری



ئەوانە.. بڕۆ ئەو پرسیارە لەوان بکە، دەتەوێ بگەیتە وەڵام لەمنەوە ناگەیتە هیچ وەڵامێك، چونکە ئەوە پەیوەندی بە منەوە نیە، پەیوەندی بە ڕابردوویەکە، کە نەدەتوانین بڵێین پرۆژە بووە نە دەتوانین بگەڕێینەوە سەری، چونکە تاکە ووتارێکی ڕەخنەیی لەبەردەستدا نیە لەسەر کارەکان، تەنیا دەتوانن وەك حیکایەت خۆیان لەدەمی یەکتریەوە وەریبگرنەوە، پێشم وایە هەر وایان کردووە، چونکە تائێستا نازانرێت ئەوان لەچی ئەزموونیان کردووە؟ لەکوێ ئەزموونکار بوون؟ کاریگەری چ ئەزموون و میتۆدێك بەسەر کارەکانیانەوە زاڵ بووە؟ ئایا لابۆریانە کاریان کردووە؟ بینەری ئەوسا ئیستیجابەی چۆن بووە؟ ڕەخنە تاچەند ئاوڕی لێداونەتەوە؟ ئەوانە ئەو پرسیارانەن دەبێت حیکایەت خوانەکانی ئەو قۆناغە لەقسەکردنەوە بیگوازنەوە بۆ نووسین، تاوەڵام بە قۆناغی کارکردنەکەیان بدەنەوە، بێدەنگ کردن لە نووسین مانای گومان کردنە لەکۆی ئەو پرسیارە جدیانەی کە ئەوان ناتوانن ڕووبەرووی ببنەوە، بۆیە کارکردنیان هێندەی هەستێکی سۆزداری بووە بۆ گواستنەوەی ئەزمونگەری لە بەغداوە بۆ کەرکوك، هێندە پرۆژەیەکی تیۆری و پراکتیکی نەبووە بۆ کارکردن، بەڵام ئەگەر دەتانەوێ گفتوگۆی ڕەخنەیی لەو بارەوە ساز بکەن، پێویستە پرسیار لەو بەڕێزانە بکەن کە لەو سەردەمە کاریان کردووە، نەك لە ئێمە، چونکە بە ڕاستی لێتی ناشارمەوە ئێمە بە چاوی گومانەوە سەیری ئەو مێژووە دەکەین، هەر ئەو چاوی گومانەشە، گومان لەو پرسیارەی بەڕێزیشتان دەکەین، بەوەی بڕوامان بەوە نیە ئەوە مێژووی شانۆی ئەزمونگەری بێت لەکەرکوك، ئەزمونەکانی ئێمەش نەك درێژە پێدانی ئەوان نیە، بەڵکو دابڕانە لەتەك تەواوی هەر بزووتنەوەو هەوڵێکی شانۆیی شارەکە، ئێمە گوتارێکی هاودژمان لە شانۆی ئەزمونگەری لە کەرکوك بنیات ناوە، خەریکی تیۆریزە کردنی ئەو کارانەین بۆ ئەوەی ببن بە تێکست و کتێب، بۆ ئەوەی هەر کاتێك گەڕاینەوە بۆ ئەو کارانە سەرچاوەی تیۆری لەبەردەستدا بێت، بیریشت نەچێ کارکردنی ئێمە وەك پرۆژە وایکردووە، شانۆکارانی شارەکە چالاکانەتر کاربکەن، جۆرێك لە سڵەمینەوە

دروووست بێت، هەر بەو سەرەتایەش کاریگەری کارەکانمان زۆر ڕۆشنە و لە داهاتووشدا ئەو کاریگەریە زیاتر بە ڕووی  کاری گروپەکانیتر دەردەکەوێت.

*** هونەرمەندانی تیپەکەتان گەنجن و هیچ ئەزمونێکیان نەبووە، تاچ ڕادەیەك لەم تاقیکردنەوەیەتدا سەرکەوتوو بویتە؟**

– کارکردن لەتەك ئەکتەری گەنج زەمینەی ئیشکردنی فراوانترە، بەهۆی ئەوەی گرفتی کلێشە بەندی نیە، ئەزمون بۆ ئەکتەر چەندە گرنگە، بەڵام بۆ ئەکتەری کورد کە تووشی نێو شێوە نواندنێك دەبێت ناتوانیّ لێی دەرباز بێت، کەچی ئەکتەرێکی گەنج وەك ئەوەی دەتەویّ ئاوا دەتوانی کاری لەتەکدا بکەیت، بە تایبەت ئەو ئەکتەرانەی لەتەك مندا کار دەکەن، بونە بە خاوەنی کۆمەڵە ئەزمونێك، گەیشتونەتە ئەوەی کە ئێمە لە شانۆ چیمان دەوێت، لەوانە کە ئەوە چوارەم ئەزموونیەتی لەگەڵ من (دیدار مەجید) ە ئەوکچە موعجیزەیەکی شانۆیی نێو ئەو پانتاییە شانۆییە، ئەگەرچی فریاد ئەحمەد لە بەکارهێنانی دەنگ ئەزموونێکی جیاواز بەو کارەی ئێستامان دەبەخشێت، ئەو ڕۆژە خانمە شانۆکارێکی هۆڵەندی بەناوی (ئەنیت هاینمان) داوای لێکردنین بۆ ماوەی مانگێك لەگەڵیدا بچینە ئیتاڵیا بۆ ئەوەی لەبەردەم پەرلەمانی ئیتاڵی نمایشێك لەسەر تەقینەوەکانی کەرکوك پێشکەش بکەین، بەڵام بەهۆی ئەوەی شانۆگەریەکە لەتەك دیدی هونەری ئێمە یەکی نەدەگرتەوە، من ڕێزم بۆ ئەو خانمە هەیە لەبەرامبەر خۆشی هەروام ووت کاتیّ باس هاتە سەر شانۆی جیهانی و قسەکردن لەسەر گرۆتۆفسکی ناکۆکی هەبوو لە تێگەیشتنی نێوانمان، ئەو خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ سووربوونی ئێمە لەسەر بۆچوونەکانمان بەمنی ووت "ناکریّ کەشتیەك دوو کاپتنی هەبێت" ووتم ڕاست دەکەیت بۆیە من و تۆ ناتوانین بەیەکەوە کار بکەین ئەو چەند ڕێزی لەو بۆچوونەی ئێمە گرت ئێمە سەد هێندە کارەکەی ئەو بەرز دەنرخێنین، چونکە دەیەویّ خزمەتی کەرکوك بکات لە ڕێگەی شانۆوە، بەڵام شێوازی ئیشکردنەکەمان جیاواز بوو، بۆیە نەمان توانی لەگەڵیدا کار بکەین کەچی هەندێك لە شانۆکارانی کەرکوك بەدوای چوونە هەولێر و خۆیان بۆی



نمایش کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی بیانبات، کەچی لە خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانم بیستەوە ئەو خانمە وتوویەتی بەهۆی قسەکانی نیهاد جامی لە کارەکە پەشیمان بوومەتەوەو کەس لەگەڵ خۆم نابەم، ئەوە لەخۆبایی بوونمان بۆ دروست ناکات، ئێمە خاوەنی پرۆژەی شانۆیین، ئەگەر بۆ ئەبەد بمانبەنە گەورترین شانۆی جیهان، بەڵام ناچار بکرێین بەدژی تێڕوانینی هونەریمان کار بکەین، دڵنیات دەکەمەوە ڕەفزی دەکەینەوە و کەرکوك هەڵدەبژێرینەوە، ئێمە لەو تیپە خەمی شانۆ کۆی کردوینەتەوە، ئەندامانی ئەو تیپە بە مناڵی خۆم تێدەگەم ئەوانیش خۆشەویستیەکی بێسنوریان بۆ من هەیە، بۆیە ئەو پەیوەندیەمان وای کردووە کۆڵ نەدەین و لەکارەکانمان بەردەوام بین بێئەوەی مۆڵەتی ڕەسمیمان هەبێت و تاکە دینارێك بودجەی ئێمە بێت، سوپاس بۆخوا لەسەری فریاد ئەحمەدی ئەکتەری تیپەکە بەزیاد بێت هەمیشە موچەی تەلەڤزیۆن کە وەری دەگرێت دەیکاتە بودجەی تیپەکە، ئەوە خۆشەویستی و خولیای کارکردن نەبێت لەشانۆ چۆن ئەو سووربوونە دروست دەبێت.

*** دوا کاری هونەریتان چیە و لەبارەیەوە چی دەڵێیت؟**

– ئێمە بەدوای ئەوەی قۆناغی یەکەمی کارکردنمان تەواو کرد، ئەزمونی کارکردنمان ئیشکردنی جەستەیی بوو لە شوێنەوار و شوێنە کراوەکان، نووسینەوەی شانۆ بوو لەڕێگەی جەستەوە، ئێستا لە سەرەتای قۆناغی دووەمی کارکردنین، ئەو سەرەتایە گۆڕانی تەواوی بەسەردا هاتووە، بەدوای ئەوەی ئێمە دەق وەك بیرۆکەش لەلامان بوونی نەماوە، بەڵکو لەکاتی کارکردن بیرۆکە دەخولقێنین، ئەوەش چەندە مەشقێکی پراکتیکیە، هێندەش پەیوەستە بە گفتوگۆ و ئاستی تیۆری ئەزمونەکە، ئێمە لە گفتوگۆ سەرەتاییەکانمان گەیشتبووینە ئەوەی ئەزمونەکە ناو بنێین (ئێوارە لۆریەك ئەتەقێتەوە) بەڵام لەوەدەچیّ بەپێی ڕۆژەکانی پرۆڤە ئەو ناونیشانە گۆڕانی بەسەردا بێت، لەوانەیە ببێت بە (یادەوەری دەنگ) چونکە بۆ یەکەمجارە ئێمە دەنگ وەك جەستە بەکار دێنین، ئامادەبوونی دەنگ.. ئامادەبوونی

ووشە نیە بۆ تێگەیشتن، تەنانـەت دەنـگ دەچـێتەوە بەرلـە فێربـوونی مانـا و ناونانی شتەکان، ئەوە جگە لە (ئاو+خۆڵ+ئاگر) سـێ بونیـادی سـەرەکی نـاو سرووتی وێنەی شانۆین، لەپاڵ تێکسـتێکی زەردەشـتی، هـەر بـەو شـێوەیەی خۆی هاتۆتەوە، بەڵام بە سیستمێکی ئاهەنگی دەنگ، ئەو ئەزمونە بڕیار وایـە بەدوای نمایشکردنی لە کەرکوك، لە شاری هـەولێریش نمـایش بکرێـت، ئەگـەر هاتوو کار ئاسانیمان لەلایان دەزگا هونەریەکان بۆکرا، ئەگەر ئەو کارەمان بـۆ چووە سەر هەوڵ دەدەین بۆ ئەو قۆناغە هەر ئەزمونێك بەدوای نمایش کردنـی لە کەرکوك هەوڵ دەدەین لـە شـارێکیتریش نمایشـی بکـەین، ئەگـەر بۆشمـان نەچووە سەر ئەوا ئەو دابڕانە لە نێوان شانۆی کەرکوك و شـانۆی شـارەکانیتر قـوولتر ئەبێتـەوە، ئەوکاتـە ئـەوە ئێمـەنین بەرپرسـیارین ئـەوە دەزگـا شانۆییەکان و هەروەها شانۆکارانی شارەکانن کە ئامادە نین بێنـە کـەرکوك و کارەکان ببینن





# بیریارێکی فینۆمینۆلۆژی لە شانۆدا

## سازدانی: سۆران مامە حەمە

بەئامادەبوونی کۆمەڵێك گەنجی رۆشنبیر وشانۆکاران رۆژی ٢٠٠٧/٦/١٣ تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك شانۆگەری (هاملێتی کەرکوك) ی لە یەکێك لەخانووە چۆڵەکانی قەلاَی کەرکوکدا نمایش کرد، دارِشتنەوەی پانتایی (نیهاد جامی) جەستەکان (دیدار مەجید، شکۆ عومەر، ئافریدە، فریاد ئەحمەد، کارگەر جەواد) ئەم شانۆییە لەژێر بۆچوونەکانی (گرۆتۆفسکی)، لەوبارەوە ئەم دیدارەمان لەگەڵ نیهاد جامی ئەنجامدا، کەنزیکەی ١٢ ساڵە لەبواری پانتۆمایم و شانۆی جەستەیی و دوور لەبۆردی شانۆ کار دەکات:

*** چی وایلێکردن کە"هاملێتی کەرکوك"ئەنجامبدەن، ئەمە جیاوازی چییە لەگەڵ هاملێتدا؟**

_ هاملێتی کەرکوك بەتەنیا پرۆسەیەکی ناونان نیە هێندەی گەڕانەوەیە بۆ چەمکی ئێرە بوون، ئەو چەمکە بەخشینی زەمەنێکی ساتەوەختی نیە بەڵکو زەمەنی بیرکردنەوەی ئێمەیە لەناو فەزای زمانەوانی شکسپیردا، چونکە ئێمە بڕوامان بەوەیە کە دەبێت شکسپیر بەپێی گریمانەی تێکست نەخوێنرێتەوە بەڵکو چۆن جارێکیتر تەواوی فەزا و بونیادی درامی و کارەکتەر و تەنانەت مانای نێو تێکستیش بەرهەم دێنینەوە، ئەوە نووسینەوەیەکی جیاوازە، جیاواز بە مانای ئەوەی کە خوێندنەوەی ئێکستە بۆ هاملێت دارِشتنەوە نیە بۆ هاملێتی دانیمارکی بەڵکو هاملێتی کەرکوکە کارەکتەرێکە بەهەموو رەهەندە فەلسەفی وکۆمەلاَیەتەیەکانەوە پەیوەستە بە مرۆڤی ئەم شارەوە، سرووت وابەستە نیە بە سرووتێکی نامۆ بە ئێمە بەڵکو چەمکی سرووت تێگەیشتنێکیتری ئێمەیە بە کولتوری کوردیەوە، وەك چۆن هەمیشە بۆئێمە ئاگر دەلالەتێکی رۆحی هەیە پەیوەندی ئاگر بە جەستەی کوردیەوە بابەتێکی فەلسەفی نێو ئەو جیهانە خەون ئامێزەی ئێمەیە، کە تەواوی ئەوانە دواجار هاملێتی کەرکوك بەرهەم دێنن، هاملێتێك پەیوەندی نەبێت بە خوێندنەوەی کەسانی بەر لەخۆمان و لەکەسیش نەچین.

*** پێتان وایە زمانی جەستە، زمانی سەرەکی شانۆیە و دەتانەوێت لەڕێگەی جەستەکانەوە چی بڵێن، کەئێوە دەق ڕەتدەکەنەوەو هەوڵ بۆبەشداری بینەر دەدەن لەپڕکردنەوەی پانتایدا؟**

_ پەیوەندی ئێمە بە جەستەوە پابەست نیە بە تەنیا بەم ئەزموونەوە بەڵکو ئەزموونی من وەك دەرهێنەر ئەو کات لە هەولێر و ئێستا لە کەرکوك ئیشکردنە لەسەر زمانی جەستە، هەمیشە بڕوایەکی پتەوم بەوە هەبووە کە زمانی سەرەکی شانۆ زمانی جەستەیە، جەستە چ بۆ من و چ بۆ ئەوانەی لە تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك وەك ئەکتەر کاردەکەین جەستە گەڕانە بەدوای زمانێکی نویێ زمانێك وابەستە نەبێت بە دەیالۆگە دەیالۆگ میتافیزیکیا بەرهەم ناهێنێ ئێمە دەیالۆگمان کردە دەرەوە، چونکە دەمانەوێ شانۆ ساتەوەختێکی ئامادەکراو نەبێت، ئێمە نابێت پلانێکی نووسراو بسەپێنینە سەر خۆمان، هێندەی مەبەستمان لەکاتی مەشق و پرۆڤەکانمان شانۆ بنیات بنێین ئەوە کارێکی لابۆریە هەربۆیە هەمیشە بەرەو ئەزمونگەرە گەورەکانی وەکو ئارتۆ و گرۆتۆفسکی و پیتەر بروك و گۆردن گریك دەگەڕێینەوە، ئێمە لە هاملێت هەوڵماندا لە تێڕوانینەکانی گرۆتۆفسکی نزیك ببینەوە بێئەوەی شانۆی هەژار ئەنجام بدەین، بەڵکو دەمانوویست لەم ڕێگەیەوە ئەزمونێکی جیاواز بێنینە بەرهەم، ئەزمونێك بڕوامان وایە تێگەیشتنی ڕەخنەیی زۆر بە سانایی ناتوانێ تێی بگات، هەربۆیە زۆربەی ئەوانەی لەدوای نمایشەکە لە کۆڕە ڕەخنەییەکە گفتوگۆیان کرد باسیان لەبانتۆمایم دەکرد بانتۆمایمێکی سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ یاخود دەیانووت بوونی ئاماژە نەتوانینە بۆ گوزارشت کردنی دەموچاو لەکاتێکدا ئاماژە یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی جولە لای گرۆتۆفسکی ئەوە تێنەگەیشتنە لە ئەزموون دەشێ هێشتا ئاستی بینین بۆ تێگەیشتن لەو ئەزموونە لەسەرەتادا بێت، سەیرە کەسانێك ناویان شانۆکاربێت و تا ئێستا نەتوانن دوو قسەی جدی لەبارەی ئەزمونێکی شانۆیی بکەن هەمووان وەك ئێمە باس لەناوی ئەو ئەزموونگەران دەکەن بەڵام کە دێینە سەر ناوەڕۆك ناتوانن دێرێك لەبارەی ئەوان بڵێن ئەوە بۆ ئێمە مایەی خۆشحاڵی نیە کە کەسانێك نەبن گفتوگۆمان



لەگەڵدا بکەن نا بە پێچەوانەوە ئەوپەڕی نیگەرانیە، چونکە دواجار ئێمە بینەرێکمان پێویستە توانای گفتوگۆکردنی لەگەڵمان هەبێت با ئەو بینەرە ژمارەشی زۆر نەبێت بەلاّم خۆ دەبێت هۆشیاری کردەی وەرگرتن ئەنجام بدەن.

*** پێتان وایە هەموو دەقێکی نوسراوی شانۆیی دەتوانێت زمانی نوسینیی وەلابنرێت وبەزمانی جەستە ئەو دەقە شانۆییە پانتایی پڕبکاتەوە، هەموو دەقێکی شانۆیی لەڕێگەی جولەوە بەرهەم دێت؟**

_ نا بڕواناکەم هەموو دەقێك بتوانێ ئەوەی هەبێت لە ڕێگەی جولە بەرهەم بێت، ئێمە پێویستمان بەو دەقانەیە کەشیعریەتی شوێنی تیا بێت، بۆیە هەموو دەقێك توانای ئەوەی نیەبێتە ناو ئەو جیهانە شیعریەوە، ئەوە شیعری ووتراو نیە ئەوە شیعریی پانتاییە گەڕانە لەناو مەملەکەتی خەیاڵ پرسیار و گومانە گەڕانی هەموومانە لەناو یەکتری، بۆیە هەموو دەقێك ناکرێ بەجولە ئەنجام بدرێت، شکسپیر جیاوازە.. شکسپیر زۆربەی دەقەکانی توانای ئەوەیان تیایە شیعریەتی شوێنی تیا ئەنجام بدەیت، بەلاّم تۆ چەند شکسپیرت هەیە؟ پرسیارەکە ئەوەیە، ئەگەرچی شکسپیر بۆ ئێمە بیرۆکەیەکە لەوێوە دنیایەکی تر کە زەمەنی کارکردنی ئێمە دێتەدی، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پرۆژەکانی ئایندەمان ئێمە هیچ بیرۆکە و دەقێك ئەنجام نادەین، بەڵکو لەمەولا بەتەواوی دەق ڕەت دەکەینەوە دەق لە ئەنجامی پرۆڤەکانمان دەینووسینەوە، ئەوە نوسینەوەی جولەیە لەکاتی پرۆڤەدا پەیوەندیی بە نووسینەوەی قەڵەم و کاغەزەوە نیە، چونکە شانۆ بە قەلەم و کاغەز نانووسرێتەوە، ئەوە شانۆکارە تەمبەڵەکانن دەیانەوێ پلانێکی سەرکاغەزت بۆ ئەنجام بگەیەنن، ئێمە ئیدی بڕوامان بە بیرۆکەش نیە بەڵکو ڕاهێنان و مەشق دەکەین تا لە ئەنجامدا شوێن دەمانگەیەنێت بە پەیوەندی نوێ و سەرەنجام بیرۆکە و جولە ئەزموونێکی نوێ درووست دەکەن، تووشی هەڵە نەبیت بەوەی واتێبگەیت ئەوە چرکەیەکی هەڵچوونی ئێمەیەو دواتر لێی پاشگەز دەبینەوە نا ئەوە قسەی گۆردن گریکە کاتێ ووتی "ئەو ڕۆژە دێت دەقی شانۆیی بوونی نەمێنێت شانۆی داهاتووش شانۆی جولەو ئاماژەیە" ئەوەتە ئەمرۆ ئێمەی ئەندامانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك دەمانەوێ ئەم خەون و پرۆژە

ئەزمونكاريەی گۆردن گريك بێنينە دی بۆ ئەو مەبەستەش كاری لابۆری و گەڕانی خۆمان لەداهاتوويەكی زۆرنزيكدا درێژە پێدەدەين.

*** تۆ لەم كارەتاندا ووشەی"دەرهێنەر"ت لابردووە لەسەرناوەكەت و ووشەی"داڕشتنەوەی پانتايی"ت بۆ خۆت بەكارهێناوە، واتە تۆوەكو داڕێژەرەوەی دەقەكە كارت كردووە، ئەمە بۆچی؟**

_ چونكە من ئيدی دەرهێنەر نيم بۆ دەرهێنەرنيم؟ ئێمە دەقێكمان نيە تا دەرهێنەری دەقەكە بين، بەڵكو ڕۆڵی من ڕۆڵی هەر كەسێكيتری بەشداربووی ئەو ئەزموونەيە، من لەگەڵ "فرياد ئەحمەد" يا "ديدار مەجيد" هيچ جياوازيەكم نيە، بەمانای دەسەڵاتی ڕەهای لای من نيە بەوەی دەرهێنەر دەبێت دەسەڵاتە ديكتاتۆريانەكەی بەكاربێنێت، بەڵكو ئەو ئەزموونە دەرهێنەری گۆڕی بۆ چەمكی داڕشتنەوەی پانتايی، ئەو چەمكە لە شوێنی دەرهێنان كاردەكات، بەڵام خاوەنی ڕەهەندی سەربەخۆ و دەسەڵاتی جياوازە، ئێمە بڕوامان بە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری دەسەڵات و گوتارەكەی هەيە لەتەواوی شانۆدا داڕشتنەوەی پانتايی پەيوەندی جەستەيە بە بۆشاييەوە، من ڕێكخەرێكی نێو ئەو پانتاييەم بەخشينی ڕەهەندی دەلالی بەرهەم دێنم، بە كورتی ئيدی لە ئەزمونەكاندا من دەرهێننەر نيم، دەشێ چەمكی داڕشتنەوەی پانتايی پابەست بێت بەم ئەزموونەوە ئەو چەمكەش لەداهاتوو گۆڕانی بەسەردا بێت، من بيريارێكی فينۆمينۆلۆژيم لەشانۆدا، لەناو شانۆ بيردەكەمەوە بە دياردەگەراييەوە خەريكم، ئەوە پەيوەنديەكی قووڵی نێوان ئەنتريۆپۆلۆژيا و فينۆمينۆنۆلۆژيايە، بۆيە هەميشە پێويستم بە گەڕانەوەيە بۆ زانستە مرۆييەكان و كولتور، چونكە شانۆيەكە لە قووڵايدا كۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژيا و جەستەی كولتوری نمايشەكە لەناو ئەبستمۆلۆژيای ڕەخنەيی نمايشی شانۆيی چڕ دەكەمەوە، ئەوە زەمەنی ئێمەيە زەمەنێك كە بە تۆی وەرگر تەواو نامۆيە، ئێمە لەبەيەك گەيشتنی جەستەی كولتوری (ئەكتەرەكان) لەگەڵ جەستەی وەرگر (بينەر) ئەزموونی بينين دێنينە كايەوە، ئەزموونێك بەتەواوی دەسەڵاتی دەرهێنەر لەمن دەسێنێتەوە دەمكات بە ڕێكخەرێك كە دواجار ئەو ڕێكخەرە وەزيفەی داڕشتنەوەی پانتاييە.



*** ئێوە وەكو تيپی شانۆی ئەزمونگەری بۆچی دەتانەوێت بينەر بەشداری كاربێت لەتەكتاندا، ئايا لای گرۆتۆفسكی ئەوە تاچەند ئامادەيی هەيە كەبينەر بەشداری كارەكە بێت؟**

_ بەر لەوەی باس لە پەيوەندی شوێن لای گرۆتۆفسكی بكەم پێم خۆشە ئاماژە بە تێگەيشتنی خۆمان بكەم، بۆ چەمكی شوێن ئێمە بڕوامان بەوە هەيە كە نابێت شانۆ لە بيناسازی تەقليدی شانۆ نمايش بكرێت، بۆيە شانۆ دەبەينە شوێنەوارە مێژوويی و كۆنەكان يا هەر شوێنێكی نا شانۆيی، تۆ لە بيرتە ئێمە لەسەر پەيژەی قشلە (پرۆڤەيەكی شانۆيی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) مان ئەنجامدا يا لە ژوورێك (خاچ) لە (سەگ و دەف) لە هەيوانێك كارمان كرد لە (زولێخا لەخەونی يوسفدا) لەقەيسەری قەلاّ، بۆيە شوێن بۆ ئێمە بەخشينی دەلالەتی نوێيە ئێمە ديكۆرمان نيە،بەڵكو بيناسازيەی شوێن وەك خۆی بەكار دێنين، واتە شوێنەكە چۆنە ئاوا سەيری دەكەين، زۆربەی جار شوێن هەموو خەياڵێكی ئێمە لەسەر خۆی بنيات دەنێت بۆيە ئێمە شوێن زۆر لە دەق بە گرنگتر سەير دەكەين، ئێستا بابێمە سەر وەلاّمی پرسيارەكەت گرۆتۆفسكی بڕوای وايە كە دەبێت ئەكتەرەكان هێندەی لە بينەران نزيك ببنەوە تا ڕادەی ئەوەی بينەران هەست بە هەناسە و ماندوو بوونی ئەكتەرەكان بكەن، ئەوان بەشدار بن لە پرۆسەی بينين وەك چۆن لەيەكێك لە ئەزمونەكانی كە لە بەرزاييەكەوە نمايش كراوە، بينەران هەندێ ديمەن بە ئاسانی نابينن، بۆيە ناچارن لەسەر نوكی قاچەكانيان بووەستن، ئەوە هەمان جولەی هاوبەشی ئەكتەر و بينەرە كە ئێمە كارمان پێكردووە، بۆيە پەيوەندی نێوان ئەكتەر و بينەر پەيوەنديەكی هاوبەشە لەسەر بنەمايەكی تيۆری كە گرۆتۆفسكی بەووردی كاری بۆ كردووە، بەلاّم ئێمە هەوڵماندا ئەو پەيوەنديە فراوانتر بكەين وەك بينيتان لەدوا ديمەن بينەران لەتەك ئەكتەركانماڵەكەيان بەجێ هێشت و بەشداری مەراسيمی ناشتنی هاملێتيان كرد ئەوە چەندە ئەزموونی ئێمە، بەلاّم ئەزمونێك خاڵی نيە لەتيۆر، ئەزموونێكە گرۆتۆفسكی لەپشت بيركردنەوەمان و تێگەيشتنمانە بۆ پەيوەندی ئەكتەر و بينەر و پانتايی شانۆ وەستاوە. ئەگەر وانەبێت ئێمە ناتوانين ئەو نهێنيە ئەفسوونەيەی شانۆی

ئەزموونگەری ئاشکرا بکەین و سەرلەنوێ بەدوای نهێنیە ئاشکرا نەکراوەکان بگەڕێین

*** لەسەرەوە ئاماژەت بەوەدا کەشوێن دەتانگەیەنێت بەپەیوەندییەکی نوێ، ئەمە مانای ئەوە نییە کەئێوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شوێنەوە و شوێن بڕیار لەسەر کارەکانی ئێوە دەدات؟**

_ ئێمە ناکەوینە ژێر کاریگەری شوێنەوە هێندەی هەوڵ دەدەین شوێن تەوزیف بکەین بەوەی چۆن لەناو بۆشایدا ئەزموون بەرهەم دێنین بەمانای شوێن گریمانەیەك نیە بەقەد ئەوەی شوێن ڕووبەرێکە هەمووتان بینیتان ئەو خانووەی ناو قەلاّ کە هاملێتی کەرکوکی تیا کرا لەبنەڕەتدا خانووەیەکی دوو نهۆمی بوو،بەلاّم دەلالەتی سیمیۆلۆژی بۆ ئێمە گۆڕی بەوەی نهۆمی خوارەوە جیهانی مردووەکان بوو، (هاملێت و ئۆڤیلیا و کلۆدیس) تیای دەردەکەون گەڕانەوە بوو بۆ ئەزموونی ناو ژیانی مردووەکان، لەوێ لەنهۆمی خوارەوە وەك دەلالەتێك بۆ گۆڕستان دەرکەوتن، هەرچی نهۆمی سەرەوە بوو جیهانێکی جیاواز بوو جیهانی یادەوەری بوو دنیای (تارمایی و غرترود) بوو یادەوەری دواتر لەڕێگەی گەڕانەوەی هەردوو روحی کارەکتەرەکان دوو نهێنی تری بۆ ئاشکرا کردین ئەوانیش خیانەتکردنی کلۆدیس پەیوەندی بە ئینحرافاتی سێکسی تارماییەوە هەیە، ئەوە دەسەلاّتی شوێن نەبوو، بەلّکو بەخشینی دەلالەتی جولەی جۆلانەکە بوو کە وا دەکات غرترود ڕوو بکاتە کلۆدیس بەمانای ئێمە لەم ئەزموونەدا وەك شکسپیر کارەکتەرەکانمان پۆلین نەکردۆتە سەر کارەکتەری باش و خراپ بەلّکو هەمووکارەکتەرکان بەشی خۆیان گوناهبارن، غرترود لای من بریتی نیە لەو ژنەی بکەوێتە دوای ئارەزووەکانی، بەلّکو بەشێکی گوناهەکەی لە ئەستۆی تارمایی دایە، کاتێ بە سێکسی لادەر بێزاری کردووە، وەك چۆن هاملێت کەوتۆتە نێوان دوو ئەوینی جیاواز عەشقی بۆ دایکی کە عەشقێکی ئۆدیبیە، بۆیە لەناو یادەوەری بەرجەستە دەکرێت کە نهۆمی سەرەوەیە، عەشقی بۆ ئۆڤیلیا کە عەشقێکی رۆحی نیە وەك شکسپیر لەڕێگەی نامەیەکەوە دەری دەخات، بەلّکو عەشقێکی سێکسیە ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی سکی ئۆڤیلیا پڕ بکات لەساتی



منالّبوونی ئۆڤیلیا، هاملێت لەلایان کلۆدیسەوە بکوژرێت، ئەگەر دەسەلاّتی شوێن کاریگەری بەسەر جەستەکان هەبوایە زەحمەت بوو ئەو پەیوەندیانە بەم جیاوازیەوە کەشف بکرێت، شوێن یارمەتی ئەوەی داین بتوانین پەیوەندی کولتور بە جەستەبەرهەم بێنین، شوێن وێنەی سرووتی ئاگری بۆ خولّقاندین لەوانە بوو گەر ئەو ڕووبەرە نەبوایە لە شوێن بیرمان لە دیمەنی ئاگر کردنەوەکە نەکردبایەوە، بەلاّم ئەوسرووتە بەهیچ جۆرێك خۆی تەسلیمی شوێن نەکرد، هێندەی بەرەو ئازاد بوونی جەستە کاری کرد، بۆیە شوێن لە دەق گرنگترە، بەلاّم هیچ دەسەلاّتێك لەسەرووی دەسەلاّتی کارکردنی پرۆڤە و جولەکانی گرنگتر نیە ئەوە خولّقاندنی وێنەیە لە شوێن نووسینەوەی ئەزموونی سیمیۆلۆژی ناونمایشی شانۆییە.



# شار و شانۆ

## سازدانی: عەبدولستار جەباری

*** جۆن لۆك دەڵێت "هەر بیرێك نوێ بێت، گومانی لێدەكرێ و پاشان بەرهەڵست دەكرێت، چونكە جارێ نەبۆتە بیرێكی ئاسایی" تیپی شانۆی ئەزموونگەری كە لە شاری كەركوك داتان مەزراند بەم قۆناغانەدا تێپەڕین؟**

– هەر ووتەیەكی فەلسەفی كە لە سیاقی خۆی دەرت كرد دوور نیە بەدەرەنجامی ترسناكتدا ببات، دیارە ئەو ووتەیە ئەگەر لەسیاقی بەكارهێنانیدا مەبەست لە پڕۆژەی تازەگەری فەلسەفی بێت ئەوە دیارە پەیوەستە بەو قبوولٚ نەكردنەی پڕۆژەكە لەلایان كۆمەڵگاوە، مەرج نیە هەر ووتەیەكی فەلسەفی توانای ئەوەی هەبێت لە شانۆدا ڕاست بكەوێتەوە، دەشێ دەرەنجامی ئەزموونكارانی شانۆ زۆر سوود مەندتر بن لەبۆچوونی فەیلەسووفێك، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە كە نەتواین تێڕوانینی فەلسەفی بگوازینەوە بۆ شانۆ، دیارە ئەوەندەی فەیلەسووفانی وەكو جۆلیا كریستیفا و جاك دریدا لە پڕۆژەی شانۆی توند و تیژیی ئارتۆ قسەیان كردووە شانۆكارەكان هێندە وردبین نەبوونە لەسەر شانۆی ئاڕتۆ، تەنانەت دریدا لەكتێبی (تارمایەكانی ماركس) كە دەیەوێ وەڵام بە بۆچوونەكانی فۆكۆیاما بداتەوە لەبارەی تێزی كۆتایی مێژوو ئەم كارەی لەڕێگەی شانۆگەری (هاملێت) ئەنجام داوە، هەروەها كریستیفا توێژینەوەیەكی قووڵی هەیە بەناوی (ناوی ژیان یان مردن) لەڕێگەی كارەكتەری هاملێتەوە توێژینەوەیەكی دەروونی و نەخۆشی زهان دەخاتە ڕوو، ئەوە جگە لە پڕۆژە تیۆریەكەی بەناوی (ئەزموونی شێتی لە شانۆی ئاڕتۆ) ئەوانە دەرخەری ئەو ڕاستیەن كە پەیوەندیەكی نزیك هەیە لەنێوان شانۆ و فەلسەفە، بەدوای ئەزموونی شانۆی توند و تیژیی و شانۆی هەژار شانۆ لەناو زانستەكانیش بوونی خۆی سەلماند،



بۆیە ئەمڕۆ (ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ) و (سۆسیۆلۆژیای شانۆ) وەك دوو زانستی شانۆیی دەركەوتوون و چەندان ئەنترۆپۆلۆژیست و سۆسیۆلۆژیستی شانۆیی وەكو یۆژینۆ باربا و تاداشی سوزوكی وەك دوو ناوی ئەو زانستە شانۆیە دەیانبینین، ئەوانە مانای وایە پەیوەندی شانۆ بە زانست و فەلسەفە لەیەكتری دابڕاو نین، بەڵام ئەو قسەیەی جۆن لۆك كە ئێوە كردوتانە بەدەروازەیەك بۆ پرسیارەكەتان، دەمەوێ ئەوە بڵێم كە تیپی شانۆی ئەزموونگەری بیری نوێی نەهێناوەتە ناو شانۆ، بەڵكو ویستویەتی گۆڕان لە گوتاری شانۆ درووست بكات، لەسەر ئاستە جیاوازەكانی شانۆ، لەڕووی ئەزموونە جیاوازەكانی شانۆ، هێنانی شانۆ بۆ شوێنەوارە مێژوویەكان و ئەزموونكردن لە ژوور، بنیاتنانی ئەزموونێكی جیاواز بوو، دەمانەوێ هەموو شوێنێكی ئەم شارە بكەین بە شانۆ، ئەگەر لە ماڵەكەی ئێوە شوێنێكی شیاو هەبێت دێین لەوێش شانۆ ئەكەین، هەروەها گۆڕینی ووشە بە جولە و دواتر ئامادە بوونی دەنگ و بنیاتنانی ڕیتوال، خوڵقاندنی ئەزموونێكی تایبەتە بە تیپی ئەزموونگەری، ئێمە تێڕوانینی بینەران بە دژایەتی ناو نابەین، كەسانێك هەن ویستویانە لەڕێگەی كردەی وەرگرتن بەشێ بن لەو پڕۆژە ئەزموونكاریە كەسانێك كە نەیانتوانیوە لەو ئەزموونە بگەن و بچنە ڕەهەندە سرووتیەكەی وێنەوە، ویستویانە كارەكە كەم بایەخ بكەن، ئێمە واسەیری ئەوانە ناكەین كەدژی پڕۆژەی ئێمەن، وەك مەسیح دەڵێت "خوایە بیانبوورە گوناهن" گوناهن بە مانا میتافیزیكیەكەی نا، بەڵكو چەمكی گوناه بەمانا هەژاریەكەی لەڕووی مەعریفەوە، لە خاچدانی مەسیح سزایەك نیە بەڕووی مەسیح، بەڵكو سزادانی كۆمەڵگایە، چونكە نازانن ڕاستی لەخاچ دەدەن، بەواتای ئەوە مەسیح نەبوو هەڵەی كرد بەڵكو جەهلی كۆمەڵگا بوو، ئەو جەهلە بەدرێژایی مێژوو بوونی هەبووە، ئۆدیب یەكێكە لەو جاهیلانە كاتێ باوكی خۆی دەكوژێت و دایكی مارە دەكات، ئەوانەی سوكرات ژەهر خوارد دەكەن لەناو ئەو جەهلە دان، ئەوە پێشبینیەكە سوكرات بۆ ئەو جەهلە مەعریفیە چاوەڕوانی دەكات، بۆیە دەڵێت "جیاوازی من لەگەڵ خەڵكی ئەسینا ئەوەیە

من دەزانم کە هیچ نازانم، بەڵام ئەوان نازانن کە هیچ نازانن" با هەر بەو ووتە فەلسەفیە لەسەر پرسیارەکە بووەستین، من لەسەرەتای کارکردنەوە دەزانم شتێکمان نیە ناوی شانۆ بێت، دەبێت کار بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بە بەشە نازانراوەکان بگەین، بەڵام ئەوانیتر نازانن کە شانۆمان نیە، دڵنیای دەدەنە خۆیان کە شانۆی ئێمە لە قۆناغێکی زێڕپیندایە.. ئەوە خەوی غەفڵەتی ئەوانە، تۆ دەزانی پاڵەوانەکەی (هارۆڵد بنتەر) دیڤز دیڤز لە شانۆگەری پاسەوان خەون بە پێڵاوێکەوە دەبینیٚ، خەونی ئێمە ئومێدێکە بۆ هاتنە دی، خەونی ئەوان هەست کردنە بەوەی خەون هاتۆتە دی، من هەمیشە لەگومانێکی قووڵدام بەرامبەر بە شانۆ، بەوەی من دەتوانم چیبکەم؟ هەست ئەکەم بە پانزە کاری شانۆیی هێشتا بەوە نەگەیشتووم کە دەمەویٚ، ئایا ئەو کارانەی من ئەنجامم دان شایەنی ئەوەن هەر بینەرێك ببیینێت و پێمان بڵێت ئەو شانۆیە دەتوانیٚ ببێت بە شانۆیەکی گەردوونی؟ ئەوە بیرێکی نویٚ نیە ئێمە خستبێتمانە ڕوو، بەهۆی ئەوەی پڕۆژەی بیرکردنەوە لەبنەڕەتدا لە شانۆی کەرکوك بوونی نیە، بەڵام کاری ئێمە پڕۆژەی پشکنین و گەڕانە لەپێناو ئەزموونی جیاواز، بۆیە هەر ڕەتکردنەوە و دژایەتیەك بێتاقەتمان ناکات، چونکە ئێمە خەمی شانۆمان هەیە، خەمی شانۆ بۆ ئێمە وامان لێناکات کە ساردبینەوە لەکارەکان، بەڵام کاتیٚ دوو قۆناغی شانۆیی بە نۆ ئەزموونی شانۆیی بەڕیٚ دەکەین تێبینی ئەوە دەکەین کە شانۆی ئەم شارە لە ئاستی ئێمەدا نیە، بۆیە لەقۆناغی سێیەممان کارەکانمان دەگوزاینەوە بۆ شانۆی شارەکانی تر، بۆ ئێمە گرنگە بینەرێك هەبێت توانای گفتوگۆ کردنی لەگەڵماندا هەبێت، شانۆی کەرکوك لە ئاستی توانای مندا نیە ناتوانیٚ گفتوگۆ لەبارەی ئەزموونەکانمان بکات، هیوادارم ئەوە بە لەخۆبایی بوون لێك نەدرێتەوە، بەڵکو ئەوە واقعی شانۆی ئەم شارەیە، ئێمە بەدوای کارەکان گفتوگۆی ڕەخنەیمان سازکردووە، بەڵام گفتوگۆکان لە ئاستێکی هێندە نزم بووە مرۆڤ شەرم دەکات لێرەدا ئاماژەیان بۆ بکات، دیارە ئەو قسانەم سەرنج و تێبینیەکانی هاوڕێی شانۆکارمان (کاردۆ) ناگرێتەوە، هەروەها سەرنجەکانی



سینەماکار (ئەسعەد عومەر) لەبارەی (ئۆدیبی زەردەشت) و کۆمەڵناس (زیرەك عەبدوللاٚ) لەبارەی (ئەنتیگۆنای قەلاٚ) ناگرێتەوە.

*** باکۆتین دەڵیٚ "وێرانکردنیش هەر داهێنانە" ئایا لە شانۆشدا وێرانکاری هەر داهێنانە؟**

– ببورە من ئەو ناوە ناناسم ناشزانم لە بواری فەلسەفە کار دەکات یا شانۆ، بەڵام ووتەکە دیارە چیمان پیٚ دەڵێت وێرانکردن کاتیٚ دەبیٚ بە داهێنان کە تەواوی بنەماکانی ئەو ڕابردووە بسڕێتەوە و بوونێکی تر بنیات بنێت، وێرانکردنی برێخت بۆ شانۆی ستانسلافسکی بە داهێنان دەزانم، هەروەها پڕۆژەی ئیلیا کازان لە شانۆی لنکۆڵن سنتەر لە سەر شانۆی ستانسلافسکی داهێنانە، ئەگەرچی ئەو تێگەیشتنی ئەمریکی لەسەر ستانسلافسکی دەگۆڕێت وەك خۆی دەڵێت "من دژی ستانسلافسکی نیم.. بەڵکو دژی تێگەیشتنی ئەمریکیەکانم بۆ ستانسلافسکی" لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا لای شانۆکاری کورد وێرانکردن داهێنانە ؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە زەحمەتە، چونکە ئێمە پڕۆژەیەکمان نیە توانیبێتی گۆڕان لە شانۆ درووست بکات تا بە داهێنان ناوی بەرین، وێرانکردنی کوردی شێواندنی زیاتری شتەکانە، قلْپ کردنەوەی چەمکەکانە بۆ ئاقارێکی تر، جا بێینە سەر ئەوەی کە ئایا ئێمە شانۆی کەرکوك وێران دەکەین بۆ ئەوەی داهێنان بکەین؟ کە لەوە دەچێت پرسیارەکەت بەشێکی پەیوەندی بە شانۆی کەرکوکەوە هەبێت و بەتایبەت بە پڕۆژەی تیپەکەی ئێمەوە، ئێمە شتێکمان لەبەردەستدا نەبووە وێرانی بکەین، نا بە پێچەوانەوە ئێمە هاتووینەتە سەر وێرانە، ئێمە هیچ شتێکمان وێران نەکرد، شانۆیەکی لاواز ئارەزووی نواندن هەبووە نەك مەعریفەیەکی شانۆیی هەبووبێت ئێمە ئەو مەعریفەیەمان لەبەردەستدا بووبێت توێژینەوەمان لەسەر کردبێت و بە مەعریفەی تر گۆڕیبمان، ئەوەی ئێمە کردومانە هەوڵی خۆمان بووە لەسەر کەلاوە خابوور و زەویە وێرانەکان، ئێمە هیچمان وێران نەکردووە تا داهێنانی تیا بکەین نا شتەکان خۆیان بەپێی ڕۆژگارەکە وێران بووە، ئەگەر توانیبمان کۆشکێکی جوان لەسەر ئەو وێرانەیە دروست بکەین، با دوای ئێمە

کەسانێکیتر باس لەو کۆشکە بکەن نەك خۆمان، هەوڵ مەدە پرسیاری ئەوە لەمن بکەیت کە ئەگەر کەس باسی لەو کۆشکە ئەزمونکاریە نەکرد، پێت دەڵێم گرنگ نیە ڕۆژێك دێت کەسانێك بە ئینسافەوە قسە بکەن و کاریگەری ئەو کۆشکە لەسەر نەخشەی شانۆی ئەم شارە دەست نیشان بکەن.

*** ئێوە لەنێو هەندێ لە شانۆکارانی کەرکوکدا بەوە تۆمەتبار کراوون کە کارە شانۆییەکانی کەرکوك لەماوەی پێش دامەزراندنی تیپی ئەزموونگەری زەڕبی سفر دەکەن؟**

– بۆ ئەوەی پێت بڵێم ئەوە تەنیا تۆمەتێکە، من بەدوای ماندوو بوونێکی زۆر توانیم کتێبێك بنووسم لەبارەی مێژووی شانۆی کوردی لەکەرکوك، نووسینی ئەو کتێبە باشترین وەڵامە بۆ ئەو قسانە، تۆ لەو کتێبەوە تێدەگەیت کە ئێمە لەناو چ نائومێدیەکی گەورە دەژین، کامەیە هەوڵە شانۆیەکانی ئێمە شانازی پێوە بکەین، با ئەو قسانە هەڵگرین بۆ کتێبەکە، ئێمە ئەو مێژووە ناشێوێنین، بەڵام هەق وایە شتەکان وەك خۆیان مامەلەیان لەگەڵدا بکرێت، بەوەی بزانین کامە هەوڵ و گروپ و شانۆکارە کە ئەو بزووتنەوە شانۆیە بەرەو پێش دەبات کامەشە تەنیا خەریکی حیکایەت گێڕانەوەیە، ئەوانەی باس لە مێژووی خۆیان دەکەن ئامادە نەبوون هاوکاری ئەو پرۆژە مێژوویەی ئێمە بکەن، ئێمە کە ئەو مێژووە بە چاوی گومانەوە سەیر دەکەین کەچی هاتین کتێبێکمان بۆ نووسی، ئەوەش گەواهی ئەوەیە کە خۆمان دانەبڕیووە لە شانۆی ئەم شارە، بەڵام کەسانێك ناتوانن ئەزموونی نوێ و داهێنانی ئەوانیتر ببینن، ئەو کتێبە لەدوای چاپکردنی نائومێدیەکانی شانۆی ئەم شارە دەخاتە ڕوو، ئەوە هەوڵێکە بۆ لابردنی ئەو دەمامکەی کە کەس نەیویستووە لەسەر ڕووخساری ئەو شانۆیە لای بدات کە تەمەنی ٥٠ ساڵە، بۆیە ئێمە بەدوای دروست کردنی ئارگۆمێنتێك بۆ ئەو شانۆیە بەشێکمان تەرخان کردووە بە ناوی "٥٠ ساڵ لە نائومێدی"، ئەو کتێبە دەبێتە بۆمبایەك بۆ بە ئاگا هاتن لەو خەوە قووڵە، ئەگەرچی زۆرن ئەوانەی نایانەوێ لەخەونی قووڵی ڕابردوو بە ئاگا بێن، سەبارەت بەوەی کە ئێمە ئەو ڕابردووە ڕەت دەکەینەوە و تەنها وێنەیەك



بۆخۆمان دروست دەکەین، لەو باوەڕەدا نیم ئەو تۆمەتانە ڕاست بن، بەڵکو ئەوە لە شەڕە کەڵەشێر دەچێت، کەڵەشێری دۆڕاو لەداخا دەچێت لەکۆلیتێك مریشکێکی کڕ کەوتووی سەر هێلکە دەبینێت و بەسەریدا دەفسێ، ئەو قسانە بەو شێوەیە دەبینم، بەهۆی ئەوەی کە ئێستا من وەڵامی ئەو دیدارەی تۆ دەدەمەوە، ماوەی پێشوو دیدارێکی ترم لەگەڵ سازکرا بۆ گۆڤاری نەوشەفەق، بڕیار وایە هەر ئەم ئێوارە دیدارێکی شانۆیی ترم هەیە لە گەڵ ڕۆژنامەی میدیا هەفتەی داهاتووش لەگەڵ ئەو گۆڤارە نوێیەی کۆمەڵەی ڕووناکبیری دەری دەکەن، ئەوانە گەواهی چین؟ ئێوەی ڕۆژنامەنووسان بۆ ناچن دیدار لەگەڵ ئەو لەشکرە شانۆکارە ساز بکەن، بەڵام دیارە ئێوەش تێبینیی ئەوەتان کردووە کەئەوانە لەناو زەمەنی حیکایەتدان، بۆچی هەموو ئاراستەکان بەرەو لای ئێمە هاتوون، لەکاتێکدا زۆرجار ئەو گفتوگۆیانە ڕەت دەکەینەوە کەسانێك پێیان وایە ئەوە لەخۆبایی ئێمەیە، بۆیە ئەوەتە بە ناچاری ئەمجارە هەموو دیدارەکانم لەم ماوەیە قبووڵ کردووە، چونکە دەزانم ئێوەش لە پەرۆشیتان بۆ شانۆی ئەزموونگەری کوردی لەم شارە دەتانەوێ دیدو بۆچوونی ئیمە بخەنە ڕوو.

*** شانۆکار مەرجە مرۆڤێکی تەواو بێت لەڕووی جەستەیی و ئەقڵیەوە؟**

– پێویست بوو ئەو پرسیارە بەجۆرێکیتر بێت، بەڵام هەوڵ دەدەم بەپێی ئەوەی ئێوە دەپرسن چەند سەرنجێکی گشتی بخەمە ڕوو، ئایا هەموو ئەوانەی خاوەنی جەستەیەکی تەندرووست و تۆکمەن شانۆکاری داهێنەرن؟ ئەوە بۆخۆی گومان کردنەوەیە لەجۆری پرسیارەکە، ئایا داهێنەران کێن؟ عاقڵەکان یان شێتەکان؟ ئایا تا ئەمڕۆ شێتی ئارتۆ و بەندکردنی لە شێتخانە حەقیقەتی داهێنانی نەبوو؟ ئایا لەبواری فەلسەفەدا ئەوەی نیتچەی کرد بە گەورەترین فەیلەسووف شێتی نەبوو، تەنانەت من لە کتێبە توێژینەوە فەلسەفیەکەم بەناوی (ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی) ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە و گەیشتوومە بەو دەرەنجامەی کە قبووڵ نەکردنی ژیانی هاوسەری لۆسالۆمی بە نیتچە وای کردووە کتێبی "وەهای گووت زەردەشت" بنووسێت، ئەگەر

بگەڕێمەوە سەر شانۆ دیارە داهێنەر کائینێکی کۆمەڵایەتی نیە، د. عەلی وەردی قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێت "مرۆڤ تا لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دوورە پەرێز بێت و خۆی دوور بگرێت زیاتر بەرەو داهێنان دەڕوات" بۆیە بەدووری مەزانە لە داهاتوودا داهێنەرانی ئێمە بیر لە ژیانی هاوسەری و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان نەکەنەوە یاخود ئەوانەی لە ژیانی هاوسەریدا دەژین بەهۆی کێشەی داهێنان و خۆ تەرخان کردن بۆ کاری هونەری ناچارین هاوسەرەکانیان فەرامۆش بکەن و لێیان جیا ببنەوە، چونکە داهێنەر ناتوانێ بەپێی ئەو دیسپلینە عەقڵیەی کۆمەڵگا بجولێتەوە، داهێنەر کۆمەڵگا بە عاقڵی نازانێت، بەڵام چی لە عەقڵ بکەین، ئایا عاقڵەکان بریتین لەو کەسانەی خەریکی کۆمپانیا و شەڕو کوشتار و پارە کۆکردنەوەن؟ ئایا عاقڵەکان ئەوانەن گازی ژەهراوی بەسەر هەڵەبجەدا دەکەن؟ ئەوانەن لەهەر جەولەیەکی شەڕی حزبەکان کراسە ڕەشەکان لە دۆلابی پیرەژنەکان دەردەهێننەوە دەیکەنە بەر خۆیان و کچەکانیان بۆ براو مێرد و باوك؟ ئەوانەن نوقمی نێو پارەن و ژیان لە کۆکردنەوەی پارە دەبینن و چێژ لەسەردانی و میوانداری خزمەکانیان دەبینن؟ ئەگەر وایە من پیاوێکی عاقڵ نیم، چونکە هەموو ئەوانەم تیا بەدی ناکرێت، ژیانی من بریتیە لە شانۆ و نووسین، ئەمرۆش نیە خێزانەکەم بە تایبەت دایکم پێی ووتوم کە من کەسێکی شێتۆکەم ڕۆژێك تەمسیل و ئەو کتێبانە شێتم ئەکەن، بەڵام ئەو شێتیە بۆ خۆی قسەکردنەوەیە لەسەر داهێنان، ئەوە ئەگەر ڕۆژێك من توانیم کەسێکی داهێنەر بم، کە باوەڕم وانیە، بەڵکو ئازارە خودیەکان و تێکشکانە ڕۆحیە گەورەکان ناچارم دەکەن خەریکی شانۆبم، بەڵام لە شانۆدا بەدوای زمانێکی جیاواز بگەڕێم کە پێش من ئەم زمانە ئەزموون نەکرابێت، ئەوە بۆ چەمکی عەقڵ هەرچی پەیوەندی بە جەستەوەیە دیارە باوەڕم وایە ناتەواوی جەستە لای ژان لۆی بارۆ بووە هۆی ئەوەی گەشەی تەواو بە جەستە لە شانۆ بدات و قوتابخانەی تایبەت لە بانتۆمایم دابمەزرێنێ، کاردۆ لە ئەزموونی (ئۆدیبی زەردەشت) ڕۆژانە بەدوو دارشەقەی ژێر باڵەکانیەوە دەهاتە پرۆڤە لەهەموو ئەکتەرەکان هۆشیارتر و



زیاتر دەردەکەوت، لە نمایشەکەشدا بینیتان بوونی ئەو کاریگەریەکی چەند گەورەی لەسەر ئەو پرۆژەی ئەزموونکاریە هەبوو. هەرچی پەیوەندی بە خۆشمەوە هەیە، من مناڵیم بریتی بووە لە جەستەیەکی قەڵەو و ترسنۆك کە لەلایان مناڵان جەستەی من مایەی سووکایەتی کردن بووە، بەهۆی ئەوەی مناڵێکی ترسنۆکیش بوومە نەمتوانیوە جەستەم بە ئارەزووی خۆم بجولێنم و لە کۆڵان یاری بکەم، لەیاری تۆپێنیش لە پشت گۆڵ دانراوم تا تۆپیان بۆبێنمەوە، لەپشت گۆڵ لەسەر بەردێك دانیشتووم و خەیاڵم کردووە گەورە بوومە و بوومە بە پلاتینی و زیکۆ و باولۆ ڕۆسی، هەموو ئەوانە لای من چەپێنراون تا دواجار لە بڕی ئەوەی ببمە یاریزانی تۆپی پێ بوومە شانۆکار و خەیاڵەکانم لەناو شانۆ تەقیونەتەوە، بەڵام ئێستاش ئارەزوویەکی سەیرم بۆ سەیرکردنی یاری تۆپی پێ هەیە، لەسەرەتای هەشتاکانەوە کە مناڵ بوومە هەڵبژاردەی برازیلم خۆش ویستووە تا ئەمرۆش عاشقم بۆی هەیە هەروەها لە یانە عیراقیەکانیش یانەی تەڵەبە ئێستاشی لەگەڵ بێت بە بردنەوەکانی خۆشحاڵ دەبم، بابگەڕێمەوە بۆ شانۆ من ئەگەر مناڵیەکی ئاسایم هەبوایە هەرگیز بەو شێوەیە نەدەبوومە گەریدەی جەستە لە شانۆدا، ئەوە سیانزە ساڵە من خەریکی توێژینەوەی جەستەم لە شانۆدا، جگە لەوەی دەنگ کە لەناو ماڵی کوردی دەچەپێنرێت و بێدەنگ دەکرێت تادەگات بە دامەرزاوەکانی وەکو قوتابخانە و مزگەوت، بۆیە دەنگ لای من بەم دواییە بووە بەشێکی تری ئەو پرۆژەی پشکنینی شانۆییە، بە کورتی دەکرێ من لەڕووی دەروونی و جەستە و عەقڵیەوە کەسێکی تەندرووست نەبم لە شانۆدا، وابزانم تۆش واسەیری من دەکەیت بۆیە ئەو پرسیارەت ڕووبەڕووم کردۆتەوە، دەمەوێ شانۆیەك بکەم بەرەنجامی گەڕان بێت نەك دەق و پلانی دەرهێنانی نووسراوو ئامادەکراو، شانۆ لای من گەڕانە بەدوای وون بوون و ئاشکرا کردنی نهێنیەکانی ناخی مرۆڤ، پشکنینی دیاردە کولتوریەکان و ئامادە بوونی فیگوری هەر مرۆڤێکە لەڕووی جەستە و دەنگەوە، ئەوەش وای لێکردووم کاتێ پێم دەڵێن تۆ کە لە کەرکوك لە دایك بوویت و لەهەولێر ژیاویت خۆت بە

خەڵكی چ شارێك دەزانی، من ئێستاش خۆم بە خەڵكی ئەمارەتی شانۆ دەزانم من كوڕی شانۆم و هاووڵاتیەكی شانۆكارم.

*** دوا ڕۆژی شانۆی كوردی چۆن دەبینی لە شاری كەركوك؟**

– ئەوانە ئەو پرسیارانەن كە هەمیشە بە ترسەوە سەیری دەكەم، من ناتوانم پێشبینی بۆ داهاتوو بخەمە ڕوو، بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا كە تا ئێستا دەزگایەكی شانۆیی لەم شار ە بوونی نیە، هەوڵە شانۆیەكان هەوڵی چەند گروپ و گەنجێكی بواری شانۆیە، بەدووری مەبینە ئەو بزووتنەوە شانۆیە بەبێ پشتگیری و هاوكاری ماددی لە داهاتوودا كۆتایی بەخۆی بێنێت، چونكە ئێمە بە تەنیا پێویستمان بەوە نیە نمایشی شانۆیی بەرهەم بێنین، بەڵكو پێویستمان بە گفتوگۆ و بازنەی دەیالۆگی شانۆییە كە سیمینار و كۆڕی شانۆیی بگرێتە خۆی، ئەوە جگە لە بوونی ماڵپەڕێكی شانۆیی كە ڕۆژانە نوێژەن بكرێتەوە، بۆ ئەوەی لە شانۆی جیهانی دانەبڕێین و ببێت بە سەرچاوەیەكی دانسقەی شانۆ، هەروەها بوونی مانگنامەیەك لە شێوەی ڕۆژنامە كە تێڕوانینی ڕۆژنامەنووسی بۆ بزووتنەوە شانۆیەكە بەرهەم بێنێت، ئەوە جگە لە گۆڤاری شانۆیی و پرۆژەی چاپكردنی كتێب و هەروەها كردنەوەی وۆرك شۆپ و لابۆری شانۆیی، هەموو ئەمانە ئەگەر لە داهاتوودا دەزگایەكی شانۆیی لە كەركوك نەیگرێتە خۆی، بە دڵنیایەوە شانۆ بەرەو سست بوون دەچێت و لەوانەیە ئەو بزووتنەوەیە بە تەواوی كپ بێتەوە، ئەگەرچی ئێمە لە تیپی شانۆی ئەزموونگەری پرۆژەیەكمان هەیە ئەگەر بێت و كیشەی ماددی پرۆژەكە پەك نەخات هەوڵ دەدەین نێوەندی توێژینەوەی شانۆی كولتوری دابمەزرێنین بەناوی ماڵی شانۆ كە بریتی دەبێت لە "تیپی ئەزموونگەری، گۆڤاری شانۆكار، مونتەدای شانۆی لاوان، ماڵپەڕی شانۆ، پرۆژەی ١٠٠ كتێبی شانۆیی، لیژنەی ڕەخنەگرانی شانۆ" بەڵام كێ دەڵێ ڕەشەباكان بەدژی ڕێڕەوی كەشتیەكەی ئێمە ڕێ ناكەن و هەموو خەونەكانمان لەبار نابەن، هەر بۆ وەڵامی ئەو قسەیەی تۆ قسەیەكی پیتەر بروك دێنمەوە یاد ئەو دەڵێت "بەداوی شانۆگەری مهابهارتا لێم دەپرسن دوای



ئەو شاكارە گەورەیە بەرهەمی داهاتووت چی دەبێت پێیان دەڵێم جەنگ و ئاشتی تۆلستۆی، لەڕاستیدا من قەت بیرم لەو كارەی تۆلستۆی نەكردۆتەوە" لەژێر تێڕوانینی ئەو قسەیەدا دەڵێم: من ناتوانم باس لە دوا ڕۆژی شانۆی كەركوك بكەم، بەڵام بۆخۆم دەزانم بە پێی بەرنامەیەك كە دووساڵە دام ناوەو بە ووردی كاری بۆ دەكەم بەشێكی هاتۆتە دی، كەبریتی بووە لە دامەزراندنی تیپێك و دەركردنی گۆڤارێكی شانۆیی و ئێستا لە خەیاڵی كردنەوەی ماڵپەڕێكی شانۆیم خەونی گەورەم ئەوەیە كە هەموو پرۆژەكان لەناو ماڵی شانۆی كەركوك كۆبكەمەوە، بەڵام ئایا ئەوانە تەنیا خەونی من نین؟



# پرسیاری جەستەی ئەکتەر لە یادەوەری دەنگ
## سازدانی: سەباح ئیسماعیل

*** بۆچی شانۆی ئەزموونگەری؟ هەوڵت نەداوە سوود لە شانۆی مەلحەمیی برێخت لە شانۆنامەکانتا وەرگریت؟**

– سەیرم بەوە دێت ئەو کاتانەی داوام لێ دەکرێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمە کە من بۆچی ئەوا کار دەکەم، وەك ئەوەی تۆ فۆڕمێکت پێبێت داوام لێ بکەیت کە دەبێ شانۆ بەو فۆڕمە دەربکەوێت، وەك ئەوەی لە پرسیارەکەی ئێوەدا دەتانەوێ من لەڕوانگەی برێخت خەریکی شانۆبم، دیارە سەرەتا دەمەوێ دڵنیاتان بکەمەوە لەوەی من ڕێزێکی زۆر لەبۆچوونەکەتان دەگرم، وەك چۆن بەچاوی ڕێزەوە سەیری ئەوانە دەکەم کە لەسەر ئەو ڕێبازانە کاردەکەن، بەڵام من ناتوانم وا کار بکەم، ئەو کاتانەی پرسیاری ئەوەمان ڕووبەروو دەبێتەوە بۆ شانۆی ئەزمونگەری؟ وەك ئەوەی شانۆی ئەزمونگەری کیسەیەك تلیاك بێت و پێمانەوە گیرا بێت، مەفرەزەیەکی پۆلیس عبوە ناسیفەیەکیان پێ گرتبین، ئەوە بەتەنیا گوناهی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نیە، بەڵکو بەشێکی دیاری دەکەوێتە ئەستۆی شانۆکاران کە نەیانتوانیوە ئاگاییەکی شانۆیی لەئاستی تیۆری بەرهەم بێنن، ئێمە بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە پڕکەینەوە بیرمان لە پرۆژەیەکی فراوان کردەوە، کە دامەزراندنی گروپێکی ئەزمونکاری بوو لە شارەکەدا، دیارە شانۆی ئەزمونگەری ئەزمونکردنە لە پێناو شانۆیەکی جیاواز کە هەڵگری پرسیاری سەردەم بێت، شانۆ لە کەرکوکدا لەناو فۆڕمی سواو نوقم بوو، دامەزراندنی شانۆیەکی ئەزمونگەری تاکە هۆکارێك بوو بۆ ئەزمونی جیاواز، شانۆ لەناو دەیالۆگ کوژرابوو، ئێمە دژایەتی دەیالۆگمان نەکرد هێندەی بەدژی بەکارهێنانی بووین، بۆیە سەرەتا ویستمان ئەزمونێك بنیات بنێین لەڕێگەی جەستەوە بێت، تیایدا لە بیناسازی شانۆش دوور بکەوینەوە، ڕووبکەینە شوێنەوار و ژوور پانتایی ناشانۆیی، لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵێك ئەزموونمان بنیاتنا ئەوانەش (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ



چاوەڕوانی گۆدۆ، خاچ، سەگ و دەف، زولێخا لەخەونی یوسفدا، هاملێتی کەرکوك) بەدوای ئەو کۆمەڵە ئەزمونە ویستمان ئەزمونێکی تر، ئەزموون بکەین، ئێستا لەسەرەتای ئەو ئەزمونەداین، (یادەوەری دەنگ) سەرەتای ئەو قۆناغە نوێیە، ئەوە شانۆی ئەزمونگەریە ئێمە بەرەو پێش دەبات، بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەشتان لە بارەی برێختەوە، حەز ئەکەم لەڕوانگەیەکی ئەزمونکارانەوە چەند سەرنجێکی گشتی بخەمە ڕوو، کارکردنی ئێمە بۆخۆی دژایەتیکردنی هەوڵی برێخت و بسکاتور و تەنانەت زۆر پرۆژەی تازەگەری شانۆیە کە لەنێو دەقەوە هاتونەتە بوون، چونکە کاری ئێمە سەر بە شانۆی پاش تازەگەریە، بە زمانی گرۆتۆفسکی "ئێمە لە قۆناغی میتا شانۆداین" نەك نامانەوێ سوود لە برێخت وەرگرین، بەڵکو شانۆکەی ئەو نوقمی نێو ئایدیۆلۆژیا و ووشەیە، ئێمە دژی ئەو شانۆیەن، چونکە بەدوای ئەوەی ئایدیۆلۆژیاکان هەرەسی هێنا، زۆر شێواز هەبوون کۆتاییان هات، تازەگەری برێخت و هاوسەردەمەکانی پرۆژەیەکی ناتەواو نین، تاکاری لەسەر بکرێتەوە، بەڵکو تازەگەری سەردەمی کۆتایی هات، کارکردنی پاش تازەگەری بەدوای ڕووخانی ئایدیۆلۆژیا، ئایدیۆلۆژیای جوانکاری هێنایە بوون، بەواتای شتێ نەما پێی بڵێین گەڕانەوە بۆ ئەو ململانێی ئایدیۆلۆژیەی برێخت کاری لەسەر دەکرد و بایەخی شانۆی دەگەڕاندەوە بۆ ووشە، هیوام وایە ئەو قسەیە بەوە لێك نەدرێتەوە کە من ئەو بێبایەخ دەکەم، نا بە پێچەوانەوە ئەو توانی گۆڕان بنیات بنێت، بەڵام ئەوەی کردی هەر درێژەی پرۆژەی تازەگەری بوو، ئێمە لە ڕەخنەگرتنمان لەو تازەگەریە گەیشتوینەتە ئەو شوێنەی ووشە توانای گەیاندنی پەیامی شانۆی نیە، ئەو قۆناغە پێویستی بە ئەزمونی جیاوازە، ئەوە مردنی برێخت و زۆر ناوی ترە، کە هەموویان دەچنەوە سەر ڕەفەی کتێبخانەکان، وەك ئەرشیفێکی شانۆیی و یادەوەری بۆ شانۆی ئەزمونگەری دەمێننەوە، بەڵام توانای زیندەگی نێو ژیانمانی نیە، تۆ تا ئەمرۆ دەتوانی ئیش لەسەر ئەزمونی مایەر هۆڵد و ئارتۆ و تایرۆف بکەیت، چونکە

ئەزمونەکەیان خاوەنی ڕۆحی شانۆن، بەڵام بڕێخت جگە لە کۆمەڵە کتێبێکی سەر ڕەفەی کتێبخانە زیاتر نیە.

*** بیرۆکەی شانۆنامەی (یادەوەری دەنگ) لە چییەوە لەدایکبوو؟**

– ئێمە پرۆژەیەکی نووسراومان نەبووە بۆ بنیاتنانی نمایش، بەڵکو لەو قۆناغەدا لەگفتوگۆ بووین بەوەی ئەزموونی ئێمە دەبێت ئیش کردن بێت لەسەر (کولتور، یادەوەری، جەستە، دەنگ، سرووت) دەستمان بە ڕاهێنان و پرۆڤەکرد، هێڵێکمان دۆزیەوە، کە سەرەتا تەنها دەمانویست هەوڵ بۆ ئەوە بدەین کاریگەری تەقینەوە لەسەر یادەوەری هەر یەکێکمان دەربخەین، بەوەی چۆن دەنگی تەقینەوەی لۆریەك گەورەتر نیە لەدەنگی تەقینەوەی شیشڵدانێك کە بە منالّی لێیان تەقاندووین، ئایا هەر ئەو کارە نیە تورەمان دەکات و دەمانکات بە تیرۆریست، بەڵام ئەوە پێویستی بە چارەسەری جیاواز و زمانی سەربەخۆ هەبوو، کارەکەمان سەرەتا ناونا (ئێوارە لۆریەك ئەتەقێتەوە) دواجار لەکاتی ئیشکردن لە پرۆڤەکان، نەك تەنیا ڕۆژانە پرۆڤەکان دەرەنجامەکانی جیاواز دەکەوتن تەنانەت ئەو ناونیشانەش گۆڕانی بەسەردا هات و بوو بە (یادەوەری دەنگ) ئەو ناوە واهەست ئەکەم کەسمان ناومان نەناوە، بەڵکو پرۆڤەکان خۆیان گەیاندیان بەوناوە، ئەوەش سەرەتایەکە بۆ ئەزمونێکی جدی کە تایبەتە بە ئێمە، ئەزمونێکە تەنیا پەیوەندی بە بیرکردنەوەی تایبەتی خۆمانەوە هەیە، ئێمە زۆر بەلامانەوە گرنگە خۆمان بین و لەکەس نەچین.

*** لە شانۆنامەی (یادەوەری دەنگ) بایەخێکی زیاتر درابوو بە خوارەوەی جەستە، لە کاتێکدا دەربڕین و گوزارشت لەسەرەوەی جەستە زیاترە، ئەمە بۆوا؟**

– ئێمە هەمیشە لەژیاندا واڕاهاتووین بایەخی تایبەتی بدەین بە دەم و چاومان، بایەخی تایبەتی بە پەنجەکانمان دەدەین، بەتایبەت بۆ خانمان، هەروەها بەکارهێنانی دەستەکانمان لەکاتی قسەکردندا بۆ ئەوەی سەرنجی بەرامبەرەکانمان ڕاکێشین، تاکە شتێك کە لە ژیاندا بایەخی پێنادەین



قاچەکانە، لەکاتێکدا وەزیفەی قاچ وەستانی جەستەمانە لەسەر زەوی ئەو کێشمان ڕادەگرێت، پەیوەندیەکی بەردەوام هەیە لە نێوان جەستە و زەوی ئەو پەیوەندیە قاچ دروستی کردووە، ئێمە کە دەشمرین بەرەو زەوی دەگەڕێینەوە، کەواتە ئەو پەیوەندیە ئەبەدیە، بایەخدانی ئێمە بە قاچەکان جیا لەو تێگەیشتنە هەولێك بوو بۆ بەتاڵ بوونەوەی ئەکتەر لە تورە بوونەکانی ناو ژیان، کە دەبێت بە جەستەی کولتوری، کەچی بەشێکی ئەو ڕاهێنانە بووە بەشێکی نمایشەکە، نەك بێین ڕاهێنانەکە بکەینە دیمەنێك، بەڵکو جەستەی کولتوری لەو شوێنەی پێویستی بەو فەزای ترسەیە ئەو ڕاهێنانە دەگوازێتەوە خۆی لێ دانابڕێت ئەوەش لە پرسیارەکەی یۆژینۆ باربا نزیکمان دەکاتەوە کە دەپرسێت "ئایا مەشقی شانۆیی توانای ئەوەی هەیە ببێتە نمایش؟" ئێمە لەئەنجامی ئیشکردنمان گەیشتوینەتە وەڵامی ئەو پرسیارە، دیارە چارەسەری شانۆیی ئێمە بۆ قاچەکان سوودێکی زۆرمان لە میتۆدی ڕاهێنانەکانی شانۆکاری یابانی(تاداشی سوزوکی) وەرگرت، ئێمەی شانۆکاران هەمیشە لە شانۆی ئەزمونگەریدا واڕاهاتووین پەنا بەرینە بەر میتۆدە خۆر ئاواییەکان، کەچی ئێمە لەم ئەزمونەدا لە میتۆدی شانۆکارێکی خۆرهەڵاتی نزیك بووینەوە، چونکە لە ڕۆحی ئەزمونەکەمانەوە نزیك بوو.

*** شانۆی ئەمڕۆی کوردی چۆن دەبینیت؟ ئەی ڕات لەسەر شانۆی کەرکووك چییە؟**

– بزووتنەوەی شانۆی کوردی ڕاستە ئەمڕۆ بزووتنەوەیەکی چالاك نیە، بەڵام بەم شێوەیەش نیە کە مەترسیەکانی هێندە گەورەبن، کەسانێك باس لەمردنی شانۆ دەکەن، لەڕاستیدا ئەوە مردنی ئەوانە لە شانۆدا نەك مردنی شانۆ خۆی، ئەوان کە ڕوویان کردۆتە زنجیرەی تەلەڤزیۆنی یا پۆستێکی حزبی و ئیعلامیان وەرگرتووە چ پەیوەندی بە مردنی شانۆوە هەیە، بەدووری نازانم ئەوە لە بەرژەوەندی شانۆ بێت بۆئەوەی تەنیا شانۆکارە چالاك و عاشقەکانی لەم بوارە بمێننەوە، بڕوا ناکەم بزووتنەوەی شانۆی لە کەرکوکیش دابڕاو بێت لەو واقیعە، ئەو بزووتنەوەیە پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە، بوونی دەزگایەکی

شانۆیی بۆ یەکخستنی هەوڵەکان و پرۆژەی هاوبەش لەهەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی کارێکی پێویستە، جگە لەوەی دوو رەهەند هەیە بۆ گروپە شانۆیەکان یەکەمیان گروپ و تیپە شانۆییەکان کەمبەرهەمن کە پێویستە زیاتر خەریکی کاری شانۆیی بن هەموویان بەو دەستەواژەیە خۆیان ڕازی کردووە "ساڵی کارێکی باش بکەم بەسە" سەیرە چی بەسە تۆ خەریکی شانۆ بیت و بە کارێك وازبێنی، ئەوە کارەساتە نەك عاقڵی، رەهەندی دووەم نەبوونی جورئەتە چ لەلایان تیپەکان و یا هەندێ لە شانۆکاران کە وایکردووە جورئەتی کارکردنیان نەبێت، لەکاتێکدا شانۆکاری بە توانا هەیە، بەڵام جورئەتی کارکردنی تیا نیە، بوونی دەزگایەکی شانۆیی لەم شارەدا توانای چارەسەر کردنی ئەو رەهەندانەی هەیە، چونکە دەتوانێ چارەسەری زۆر گرفت بکات لەهەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی، گەر ئەوەش مەیسەر نەبێت پێویستە شانۆکاران و گروپە شانۆیەکان بیر لە ناوەندێکی شانۆیی هاوبەش بکەنەوە کە پاڵپشتی لەلایان حکومەتەوە بۆ وەربگیرێت، وەك ناوەندێکی سەربەخۆی شانۆیی مامەلەی لەتەکدا بکرێت، ئەوە پەیوەندی بە بەرێوبەرایەتی هونەری شانۆ نیە، دەکرێ ئەو بەرێوبەرایەتیەش کۆمەڵێك ئەرك بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵام ناوەندێکی شانۆیی سەربەخۆ نەك حکومی تەنیا مۆڵەتی ڕەسمی بۆ وەربگیرێت و بودجەیەکی سەربەخۆی هەبێت بۆ کارەکانی، توانای رێکخستنەوەو چارەسەرکردنی گرفتەکانی شانۆی هەیە، ئەگەر ئەوەش نەکرا دەتوانرێ ماڵێکی شانۆیی لەلایان چەند تیپێکەوە درووست بکرێت، ئەگەر ئەوەشیان سەری نەگرت، ئێمە لە تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك هەوڵ دەدەین بۆ دامەزراندنی (ماڵی شانۆی کەرکوك) کە ئەو ماڵە بریتی بێت لە (تیپی ئەزمونگەری، گۆڤاری شانۆکار، ماڵپەرێکی شانۆیی، رۆژنامەیەکی مانگانە، پرۆژەی کتێب) هەموو شانۆکارێکی کەرکوکیش بۆی هەیە ببێتە ئەندام لەم ماڵە و لەیەکێك لە ئۆرگانەکانی ئەو ماڵە کار بکات بێئەوەی ناوی تیپ و گروپەکان بسڕدرێتەوە، بەڵکو ئەو ماڵە تەنیا کاری ڕێکخستن و چاودێری دەگرێتە ئەستۆ.



# گفتوگۆیەکی ڕەخنەیی لەبارەی ئۆدیبی زەردەشت

## سازدانی: سەلاح حەمە ئەمین

*** لە شانۆگەری (یادەوەری دەنگ) ەوە ئەزموونەکانتان چوونەتە نێو قۆناغی کارکردن لەسەر خودی دەنگ، لە ئەزموونی (ئۆدیبی زەردەشت) چ شتێکی نوێتان خستە سەر ئەزموونەکانی ڕابردووتان؟**

– ئێمە هەمیشە لە گەڕانێکی ئەزموونکاریداین.. کاری ئێمە پشکنینە، بۆیە ئەو پشکنینە ئێمەی گەیاندە قۆناغێکی نوێ کە تیایدا دەنگ و جەستە دوو میکانیزمی سەرەکی خودن، لەڕێگەی ئەو میکانیزمانەوە دەمانەوێ ئەزموونی جیاواز بنیات بنێین، ئەوەی ئێوە بە (خودی دەنگ) ناوی دەبەن، لەڕاستیدا لای ئێمە ئەوە خود نیە، بەڵکو جەستە و دەنگ هەردووکیان میکانیزمی فیگورە، فیگور ئاماژەیە بۆ خودی نمایشکار، خود لەگەڵ یەکەم ڕۆژی مەشقەکان لەنێو شوێن تەوزیف دەبێت، خودی نمایشکار دەگۆڕێت بۆ جەستەی کولتوری، لەگەڵ یەکەم مەشقەوە تا دوای نمایش و ئەو کاتەی ئەو کەرەستە تایبەتیەکانی خۆی کۆ دەکاتەوە شتێ نیە بەناوی خودی نمایشکار، چونکە جەستەی کولتوری شوێنی گرتۆتەوە، ئەو تەنیا ئەو کاتانە خودی نمایشکارە کە قسە لە پرۆژەیەکی شانۆیی نوێ دەکەین، کاتێ گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی پرۆژەیەکی ئەزموونکاری دەکەین، لەگەڵ دەست کردن بە مەشق دەبێت بە جەستەی کولتوری، ئەو جەستەیە هەڵگری کۆی ئەو یادەوەریە خودی و کولتورییە کە ئەو لە ئەزموونی نێو ژیان ئەزموونی کردووە، لەو ڕوانگەیەوە (ئۆدیبی زەردەشت) بەدوای ئەزموونی (یادەوەری دەنگ) دووەم هەوڵی ئەزموونکاری ئێمەیە لەم قۆناغەدا، ئەو دوو هەوڵە لەڕووی یەکەی گوتارەوە زۆر لەیەك جیاوازن، کەسێك هەست بەو جیاوازیە نەکات توانای خوێندنەوەی بونیادی کولتوری نێو نمایشە ئەزموونگەریەکانی نیە، بوونی کۆڕە ڕەخنەییەکان بۆ ئەو دوو ئەزموونە گەواهی ئەوەمان بۆ دەدەن گوتاری

ڕەخنەیی توانای نیە لە ئاستی ئەزموونەکان گفتوگۆ بکات، هێندەی بە پڕۆسەی دەرەوەی شانۆوە خەریکن، توانایان نیە لەناو پڕۆسەی شانۆ خۆی نزیك بکەونەوە، کارەساتێکی گەورەیە ئێمە خۆمان جیاوازیەکان دەست نیشان بکەین، ئەوە دەرخستنی ئەو ڕاستییە وەك بەشێك لە بینەرانی ئێمە دەڵێن "کارەکانی ئێوە لە ئاستی بینەری کەرکوك نیە، بەڵکو کاری جیهانین" دیارە ئێمە واسەیری جیهانی بوون ناکەین کە خۆمان دابڕین لە کۆمەڵگا، بەڵکو جیهانی بوون لای ئێمە پەیوەستە بە شێوازی دەربڕین و بەو فۆڕمەی ئەزموونەکە دەیگرێتە خۆی، بۆیە هەمیشە ناچار بووینە خۆمان ڕەخنەگری کارەکانی خۆمان بین، گۆڤاری شانۆکار بە مەبەستی ئاگاییەکی ڕەخنەیی بۆ ئەزموونەکانمان هاتۆتە دی. جیاوازی سەرەکی یا ئەو شتە نوێیەی تۆ لەو پرسیارەدا داوای دەکەیت، لەچەندین خاڵی گرنگ دەتوانین دەست نیشانی بکەین، سەرەتا ئێمە چارەسەرێکی تازەمان بۆ پانتایی کرد، بەوەی جەستەی کولتووری شوێنێکی دەست نیشان کراوی هەیە، وەك (یادەوەری دەنگ) نیە کە پانتایی شوێنی بەشداریکردنی ئەو جەستەیە بێت لەگەڵ وەرگر، بەڵام بینەر بۆی هەیە بچێتە پانتایی جەستەوە، کەچی جەستەی کولتوری بۆی نیە بچێتە پانتایی وەرگرەوە، خاڵێکیتر جیاوازی کولتوری ئەو دوو ئەزموونە، لە (یادەوەری دەنگ) ئێمە بڕوامان بە شانۆیەکی کولتوری هەبوو، کەچی لە (ئۆدیبی زەردەشت) شانۆیەکی فرە کولتوری پڕۆژەی کارکردنمان بوو، بەڵام ئەو جیاوازیە پێویستی بە بینەرێکی بە ئاگا و خاوەن مەعریفەیەکی قووڵ هەیە، کە لە ئاستی ئەو تێگەیشتنە ئیستاتیکی و فەلسەفیەی شانۆ بێت، ئەوە جگە لە گەڕانەوە بەرەو مرۆڤی سەرەتایی کە پێشتر پەیوەندیەکە تەنیا پەیوەست بوو بە زەمەنێکی کولتوری دەستی نیشان کراو، سێکس لەم ئەزموونەدا وەك ئەزموونی پێشوو نەبوو بابەتێکی فەرامۆش کراو بێت، بەڵکو سێکس تەوەری سەرەکی نمایشەکە بوو، بەڵام بۆ تەوەری سەرەکی بوو؟ ئەوە پرسیارە گرنگەکەیە کە پرسیارێکی نا ئامادەیە لەو نێوەندە ڕەخنەیە هۆیەکەشی ئەوەیە نەبوونی ئاگایی فکرییە، بەهۆی ئەوەی ئەو پرسیارە گەڕانەوەیە بەرەو جیاوازیەکی کولتوری، جیاوازیەك نەك بەتەنیا لەتەك ئەزموونەکانی ڕابردووی تیپی ئەزموونگەری، بەڵکو لەتەك دیدی باو بۆ گرێی



ئۆدیب کە لە ئەفسانە گریکیەکەوە دەست پێ دەکات، لەلای ئێمە ئەو گرێیە بۆ مرۆڤی شامپازی و نیاندرتاڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوانە کێ قسەی لەسەر بکات، تۆ پێویستت بە ڕەخنەگرێکە لەئاست ئەو کارانەدا بێت، دڵنیام ئەزموونەکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری بۆ داهاتوو ڕەخنەگری نوێ بە مەعریفە و میتۆدی نوێ دێنێتە کایەوە، بەڵام تا هاتنی ئەو دەنگە نوێیانە کاری ئێمەیە لە گۆڤاری شانۆکار ئەو ئەرکەش بگرینە ئەستۆ، بەڵام بیرت نەچێت ئەزموونەکانی ئێمە ئیستفزاز کردنی چێژی باوی شانۆ بوو، گۆڕین و کودەتا بوو بەسەر تەواوی شانۆی کەرکوك، بەئاگا هاتنی نەوەیەکە لەناو خەوێکی قووڵ، لە داهاتوودا نەوەیەکی نوێ دێتە کایەوە، کە هەمیشە خەونی گۆڕانی دەبێت لە شانۆدا، چونکە ڕێرەوە زانستی و ڕاستەقینەکەمان دۆزیەوە، ڕێگایەك بۆ شانۆیەکی ئەزموونی، کە بزووتنەوەی شانۆییمان لێرەوە دابڕان لەتەك ئەو هەستە سادەیە بخولقێنێت، ئێمە ئارەزوو کردنمان لە شانۆ گۆڕی بۆ مەعریفەی شانۆیی.

*** لەم ئەزموونە نوێیەتاندا کاریگەری (شانۆی وێنە–المسرح الصورە) بەسەر نمایشەکەتاندا دیار بوو، چی لەو بارەیەوە دەڵێن؟**

– ڕێك نازانم مەبەستت لە شانۆی وێنە چ ئەزموونێکە؟ کام ئەزموونی وێنەیی؟ ئەگەر مەبەستتان ئەزموونی (د. صلاح القصب) ە پێم وایە بەهەڵە تێگەیشتنێك هەیە، چونکە ڕاستە هیچ ئەزموونێکی ئەم شانۆکارەم نەدیووە، بەڵام تەواوی بەیاننامە و توێژینەوە و سیناریۆ شانۆییەکانی و ووتارە ڕەخنەیی و گفتوگۆکان، ئەوەی بەم دوایە لە کتێبێکدا کۆی کردنەوە بەووردی خوێندومەتەوە، هەست دەکەم جیاوازی زۆر وورد هەیە لە جۆری کارکردنمان، ئەوەی لەهەمووی سەیرترە کاتێ لەهەولێر بووم چەند ووتارێکم لەسەر ئەو شانۆکارە نووسی، کەسانێك وەڵامیان دامەوە، دەیانووت "تۆ کاری ئەوت نەدیووە بۆت نیە باسی بکەی" تۆ واز لە ڕەهەندە کۆمیدیەکەی ئەو قسەیە بێنە، کە وەك ئەوە وایە تۆ شانۆی یۆنانیت نەدیووە بۆت نیە باسی بکەی؟ یا تۆ لەنزیکەوە شکسپیرت نەناسیووە بۆت نیە لە دەقەکانی کار بکەی، ئەو دوو تێگەیشتنە چ ئەوەی لە ڕابردوو ووترا یاخود ئەو پرسیارەی ئێوەش تووشی سەرسوورمانیەکی سەیرم دەکات، بەهۆی ئەوەی من ناخوازم ئەزموونی

کەسێکیتر دووبارە بکەمەوە، ئەو بنەمایانەی ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین زۆر جیاوازە لە ئەزموونی ئەو، خۆ ئەگەر لەو شانۆیە وێنەیەدا مەبەستتان ئەزموونی خۆر ئاوایە کە پێم وایە زۆر جیاوازترە لە ئەزموونی قەسەب، ئەوەیان تاڕادەیەك پەیوەستە بە گەڕانی ئەزموونکاری چ لەو بنەمایانەی ئارتۆ کە پێشتر ئێمە دوو پرۆژەی شانۆییمان بۆ تەرخان کردبوو، چ بۆ ئەزموونە هاوچەرخەکان لە شانۆی وێنەیی، بەتایبەت شانۆی وێنەی دانیمارکی، کە لەڕووی تێڕوانینەوە سوودمان لە لایەنە ڕیتوالیەکەی وەرگرتووە، بەڵام پێویستە ئەوە دەربخەین بە کۆتایی هاتنی ئەو قۆناغەمان کە بەدوای سێ ئەزموونیتر تەواو دەبێت، دەشێ قۆناغی سێیەمی ئێمە ئەزموونێکی شانۆی وێنەیی کوردی بێت، هەوڵدانمان بێت بۆ شانۆیەکی ئەزموونگەری وێنەیی کە چۆن شانۆی عیراقی خاوەنی ئەو ئەزموونەیە، ئاوا ئێمەش ئەزموونێك لە ئاستی شانۆی کوردی بنیات بنێین بە جیاوازی قووڵمانەوە لەتەك ئەزموونی شانۆکارانی شانۆی وێنەیی، کێ دەڵێ ئەو ئەزموونە هەروا دەمێنێتەوە، ئەو ئەزموونە پێویستی بەوە دەبێت ئەزموون لە شوێنی جیاوازتر بکات، ئەگەر پێویست بکات قۆناغی داهاتوو ئەزموونکردن دەبێت لەسەر تەختەی شانۆ بە ڕووناکیەوە، وەك چۆن لە ئێستادا جل و بەرگ ئامادە بوونێکی دیاری هەیە، ئەگەر ئەو ئەزموونە بچێتە سەر تەختەی شانۆ بۆ ئەزموونێکی وێنەیی ڕووناکی ئەو ڕۆڵە دەبینێت، بەڵام ئەوانە گریمانەن، ڕۆژێك بڕوامان بەوەش نیە بووەستین لە ئەزموون و بڵێین ئەوە شانۆی ئێمەیە.

*** ئەو (چرا دەسکردانەی) لە نمایشەکەتاندا بەکارتان هێنا بوو چڕە دووکەڵێکی زۆری لەناو هۆڵەکەدا درووست کردبوو بە شێوەیەك زۆر لە بینەران ناچار بوون هۆڵەکە بەجێ بێڵن و ئەوانەشی کە مابوونەوە بەپێی پێویست سوود و چێژیان لە دیمەنە نمایش کراوەکان وەرنەگرت، ئایا ئەو حالەتە کاردانەوەیەکی پێچەوانەی لەسەر نمایشەکەتان بەجێ نەهێشت؟**

— کاتێ لەسەر بینەر قسە دەکەین، ئێمە خاوەنی بۆچوونێکی جیاوازین، ئێمە چەندایەتی ئەو بینەرەمان بەلاوە مەبەست نیە، ئەوەش دژایەتی بینەر نیە، بەڵکو سرووت بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی بەجێ بێلێت پێویستی بە



ژمارەیەکی دەست نیشان کراو هەیە، کە نابێت لە (٢٠–٢٥) بینەر تێبپەڕێت، وابزانم ئەو ژمارەیە لە هۆڵەکە مابوونەوە، بەڵام با بپرسین: کێ بوون ئەوانەی لەهۆڵەکە چوونە دەرەوە؟ ڕۆژنامەنووس و مامۆستایانی بەشی شانۆی پەیمانگا، ئەو کارەکتەرانەی فێر بوونە بە قات و ڕیباتەوە بێن لەڕیزی پێشەوە کورسیەکان دانیشن، ئەو پیاو ماقوولانە لەلای ئێمە کورسیەکیان دەست ناکەوێ، بڕوا ناکەم دووکەڵی چراکان بەو ڕادەیە بووبن وەك ئێوە پێی هەراسان بوونە، بەڵکو کەسانێك هەن ناتوانن بینەربن لەم شانۆیەدا، بۆیە دەچنە دەرەوە.. نەك دووکەڵەکە هەراسانی کردبن، ئەوان لە موحازەرە و دیدارە تەلەڤزیۆنیەکان باس لە بیتەر بروك و شانۆی سرووتی دەکەن، باس لە کاریگەری ئاگر و بۆن دەکەن، بەڵام ناتوانن لە سرووتێکی ڕاستەقینەی شانۆ تەنیا بینەرێك بن، نەك بەرهەم هێنەری سرووت، چونکە ئەو کارەی تۆ دەیبینی ئەو جۆرە کەسانە بەهەموو تەمەنیان پێی ناگەن، ئەو بەڕێزانە وا تێگەیشتوون شانۆ بریتیە لە قسەکردن و ووتنەوەی دەستەواژەکان، منەت کردن بەسەر قوتابیان، نازانن شانۆ بریتیە لە کارکردن، نەمزانی ئەو کوڕە ناسکانەی ئەم شارەی ئێمە بەرگەی دووکەڵ ناگرن، دەچنە دەرەوەی هۆڵەکە نەوەکو بخنکێن، دەزانی ئەو چرایە من نەمهێنایە ناو شانۆ، ئەوە ڕۆحی کوردی بوو هێنای، ڕۆحی کوردی بێ ئەو چرایە هەڵناکات، ئەوە کولتوری نێو ماڵی کوردیە، با بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژە سەرەتاییەکانی ڕاپەرین، کاتێ بەعس بەدژی ئەو ئازادیەی ئێمە هەڵمانبژارد ووزەی کارەبای لێ بڕین، هەموو ماڵەکان پڕبوون لەو چرایانە، بۆ ئەو کات کەسمان گلەییمان نەبوو؟ ڕۆحی کوردی وای کرد ئەو چرایانە بێنە ناو ئەو ئەزموونە شانۆییەوە، ئەی بۆ ئەو کات هەستتان بە چڕە دووکەڵ نەکرد؟ بۆ چێژمان لە دانیشتنە خێزانیەکان دەبینی؟ ئەو چرا دووکەڵاویە شەوانە هەموومانی بەدەوری خۆی کۆ دەکردەوە، باسمان لە حیکایەتی خورافی پێشمەرگە و ژیانی داهاتووی ئازادی دەکرد، درەنگانێکی شەویش دەچووینە حەوشەی ماڵی یار و ئەو چرایەکی دەهێنا حەمامەکەی ماڵی خۆیان تا ژوانی عەشق و دەس لەملانێی تیا ساز بکەین، ئایا ئێمە توانای ئەوەمان هەیە پرسیار لە یادەوەری خۆمان بکەین؟ ئەو نمونەیەی من هێنامەوە بۆ عەشق، دەکرێ کەسانێك نموونەی زۆر

جوانتری ئەو یادەوەریەی لەلابێت، با بێمەوە سەر پرسیارەکە، مەسەلەکە پەیوەست نیە بە سوود و چێژی بینەر، سوود وەرگرتن لەم ئەزموونەدا بوونی نیە، بەڵکو ئاوێتە بوونی بینەرە لەتەك جەستەی کولتوری لەناو سرووت، کەسانێك دەتوانن لەناو ئەو سرووتەدا ئامادە بن، چونکە هەڵگری ڕۆحیەتی، کەسانێکیتر هەر لە بنەڕەتدا دەیانەوێ دژایەتی ڕۆحی کوردی بکەن، ئەوەیان لەڕووی ڕاڤەکردنەوە.. لەڕووی هیرمنیۆتیکی (تەئویل) یشەوە سرووت پەیوەندی بینەرە بە جەستەوە، هەردووکیان لەناو سرووت جەستەی کولتوری بنیات دەنێن، ئێستا لە بەرەنجامی ئەو تێگەیشتنەی ئێمەدا، ئەمجارەیان من پرسیاری ئەوەتان لێ دەکەم: کاردانەوەی پێچەوانە یانی چی؟ کێشەکە گرفتی مەعریفە و تێگەیشتنی شانۆییە، گرفتێکی ئەبستمۆلۆژیە کە پەیوەستە بە پەیوەندی شانۆکار بە میتۆدی کارەکەوە، هەڵەکە لەو کاتەدا لەوەدایە ئێمە ڕێگا بدەین هەموو کەسێك ببێتە بینەری ئەم شانۆیە.

*** لەم ئەزموونەتاندا سوودتانی لە فرە کولتوری وەرگرتبوو، وەکو کولتوری زەردەشتی و یۆنانی و هندی، تاچ ڕادەیەك ئەو کولتورانە سوود بە ئەزموونەکانتان ئەبەخشن؟**

– ئێمە سوودمان لە فرە کولتوری وەرنەگرتووە، بەڵکو لەو ئەزموونەدا ویستوومانە لە شانۆیەکی کولتوری بەرەو شانۆیەکی فرە کولتوری بێین، بۆیە دەبێت ئەو پرسیارەی بەڕێزتان بەجۆرێکیتر دابڕێژینەوە، ئەوسا بپرسین: ئایا شانۆیەکی فرە کولتوری تاچەند دەتوانێ گوتاری ئەزموونگەری شانۆییمان بەرەو ئەزموونی شانۆیەکی نوێ بەرێت؟ پێویستە پرسیارەکە بەمجۆرە بێت، چونکە شانۆی فرە کولتوری پێشنیارێکی (پیتەر بروك) ە لە شانۆدا، ئەوەش ئاوێتە کردنی کولتورە جیاوازەکانە لە نمایشدا، بەمەبەستی خولقاندنی نمایشێکی ڕیتوالی (سرووتئامێز) کە یەکەی نوێ لە شانۆ بە گوتاری ئەزموونگەری دەبەخشێت، (ئۆدیبی زەردەشت) توێژینەوەیەکی کولتوری و گەڕانێکی شانۆییە لەناو کولتورە جیاوازەکاندا، ئەوە گەڕانەوەیە بەرەو کولتوری کوردی کە تێکستی ئاڤێستایە، ئەو تێکستە هەر لە سەرەتاوە دەگەڕێتەوە بەرەو سەرەتاکانی دەرکەوتنی مرۆڤ و ئاوێتە بوونی بە



ئەفسانەی گریکی، تا لەناو سرووتی هندیە سوورەکان یەك دەگرێتەوە، ئەو یەکگرتنەوەیە خاڵی کۆبوونەوەیە لەنێو کولتوری هندیەکان و ئەفسانەی گریکی، بەهۆی ئەوەی دەنگی (موتی) کە مانای دایك دەگەیەنێت، دەیانەوێ ئۆدیبی گوناهباری پێ پاك بکەنەوە، لەو ڕێگەیەوە فرە کولتوری سیستمێکی نوێی گوتار بنیات دەنێت، کە دەتوانێ گوتاری شانۆی ئەزموونگەریمان بەرەو شانۆیەکی فرە کولتوری ببات، ئەوەش تەواو جیاوازە لەو تێگەیشتنەی بڕوای وابوو دەتوانرێ شانۆی ئەزموونگەری کوردی لەڕێگەی تێکستی کوردی و کەلەپوری کوردیەوە بەرهەم بێت، چونکە ئاوێتە بوونی کولتورەکان شتێ نایەڵێت بەناوی کوردی بوون، هێندەی چەمکی شانۆکاری کورد دەبێتە ئامادە بوو، شانۆی کوردی دەبێتە پەراوێزێکی ئەو بابەتە.

*** لەڕێکەوتی ٢٠٠٧/٩/٢٣ شانۆگەری (یادەوەری دەنگ) تان نمایشکرد، هەست ناکەی ماوەی کەمتر لە سێ مانگ دەرفەتێکی زۆر کەم بوو بەمەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی ئەزموونی (ئۆدیبی زەردەشت) کە لەڕێکەوتی ٢٠٠٨/١/٧ نمایشتان کرد؟**

– جارێ دەتوانرێ هەردوو ئەزموونەکە و سێ ئەزموونیتریش وەك پڕۆژەیەکی ئەزموونکاری بەردەوام سەیری بکەیت، نەك وەك دوو ئەزموونی سەربەخۆ و دابڕاو، ئەگەرچی هەریەکە لەو دوو ئەزموونە خاوەنی سیستمی سەربەخۆ و جیاوازن، بەڵام لەسەر بنەمایەکی ئەزموونکاری، کە هەردوو ئەزموونەکە و ئەزموونەکانی دواتریش ئەزموونکردنە لەسەر ئەو بنەمایانە، دواتر سەبارەت بەو بیرهێنانەوەی ڕۆژ و مانگە بۆ ئەو دوو ئەزموونە لێتی ناشارمەوە، هەمیشە لەو جۆرە پرسیارانە تێناگەم، چونکە لەبنەڕەتدا نەپرسیاری شانۆیین.. نە ڕەخنەیی، بەڵکو پەتایەکە ڕەخنەگرە ئەرشیفیەکانی ئێمە دروستیان کرد، ئەوانە پرسیاری فەرمانبەرێکی فەرمانگەی نفوسن، بەڵام تاوانی ئێوە نیە، ئەوە ئەرشیفیەکان و هاوڕێ شانۆکارە تەمبەڵەکانن وایان کردووە ئێوە ئەو جۆرە پرسیارانە بکەن، شانۆکاری وا هەیە چەندین ساڵە لە خەڵوەتە و بەرهەمێکی نیە، لەکاتێکدا پێویستە شانۆکار خاوەنی پڕۆژە بێت، ئێمە لە تیپی شانۆی ئەزموونگەری خاوەنی ڕیپۆرتواری شانۆیی ساڵانەین، دەبێ لەهەر وەرزێکدا بەشێکیتری

پڕۆژەی ئەزموونی ئەو قۆناغە تەواو بکەین، بەواتای لەگەڵ کۆتایی ئەمساڵ دەبێ ئەو قۆناغەمان تەواو بێت، کە بەدرێژایی ئەمساڵ دەکاتە چوار ئەزموون، ساڵی (٢٠٠٧) بەپێی ئەو بەرنامەیە کارمان کرد، ئەمساڵیش درێژەی دەبێت، تۆ کە کائینێکی شانۆیی بوویت کارت شانۆیە بۆیە شانۆکارت پێ دەووترێ، دەزانی کە وەڵامی تۆ دەدەمەوە بیر لەوە دەکەمەوە پرۆژەی داهاتوو چی بکەین؟ چیە ئەوەی ئەمجارە ئەنجامی دەدەین؟ کاتێ گەیشتمە وەڵامی ئەو پرسیارانە جا بە مانگێك پێی بگەم یا بە سێ مانگ ئەوەیان گرنگ نیە، لەهەمووی مەبەستر ئەوەیە کە پرۆژەیەکی نوێ لەلام گەلاڵە بوو ئەنجامی بدەم، کەسانێك وەك ئێمە تیپیان هەیە و ناویان شانۆکارە بە ساڵ بەرهەمێکیان نیە، ئەمڕۆ ئەگەر ئێمە لە نەخشەی شانۆی کەرکوك بێینە دەرەوە بیابانێکی ڕووت دەبینی، بۆیە چالاك بوونی ئەو بزووتنەوە شانۆییە زیاتر بۆ (تیپی شانۆی ئەزموونگەری) و (گۆڤاری شانۆکار) دەگەڕێتەوە، لەپاڵ هەندێك هەوڵی دەگمەنی شانۆکارانیتر، کە بەداخەوە ئەو هەوڵانە نەبوونە بە پرۆژە، بەڵکو تەنیا بە مەبەستی بەرهەم هێنانی نمایشێك هاتوونەتە دی، بەدوای نمایشەکە سەر لەنوێ بێدەنگی هەڵدەبژێرنەوە.

*** ئایا ئەو ئەزموونانەی ئێوە نمایشیان دەکەن ناچنە ژێر ساباتی (هونەر بۆ هونەر) کە لە ئاستی توێژێکی دیاریکراون لە شانۆکاران و ڕۆشنبیران؟**

– "ئێمە لەسەدەی میتا شانۆداین" ئاوا گرۆتۆفسکی سەیری ئەزموونە شانۆییەکانی خۆی دەکرد، شانۆی ئەزموونگەری پێویستی بە ئاگاییەکی فکری و جوانکاری و فەلسەفی هەیە، پڕۆسەی شانۆیە لەناو شانۆ، ئەو ئەزموونەی ئێمەش شانۆیەکە چەندە لەناو گرفتەکانی کۆمەڵ و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان دەست پێ دەکات، بەلام پێویستی بە بینەرێکە خاوەنی گومان لە مەعریفە و چێژی باو بێت و توانای خولقاندنەوەی پرسیاری هەبێت، ئەگەر ببێت بە شانۆیەك بۆ نوخبە خەوشێك لەوەدا نیە، چونکە ئێمە خۆمان نامانەوێ ئەوانەی بەدوای وەزیفەیەکی دەست نیشان کراو لە شانۆ دەگەڕێن، بەرەو کارەکانی ئێمە بێن، ئێمە بەدوای بینەرێکی دەستە بژێر دەگەڕێین، بەپێی ئەزموونەکانیش هەست دەکەین ئێمە دەتوانین بینەری خۆمان بدۆزینەوە، کە توێژێکی هۆشیار و ڕوناکبیرە و مایەی دڵخۆشی زۆرمانە،



هێشتا ئەو ژمارەیەی تۆ بینیت تەواوی بینەری ئێمە نین، تەنیا ئەوانەی تا کۆتایی نمایشەکە لەگەڵ ئێمە لە هۆڵەکە مانەوە، ئەوانە بینەری ڕاستەقینەی ئێمە بوون، جارێکیتریش بۆ هەر ئەزموونێك تەنیا ئەوانە بانگ دەکەینەوە، چونکە بەر لە ئێمە هەست بە بەر پرسیاریەتی شانۆ دەکەن، هەر ئەوانیش بینەری ڕاستەقینەی  شانۆی ئەزموونگەرین.

*** تاچ ڕادەیەك ئەزموونەکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك نزیکە لە ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش؟**

– ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش بۆ ئێمە ئەزموونگەلێکن نەبینراون، بەهۆی ئەوەی ئەزموونەکانیانمان نەبینیووە، نازانین فۆڕمی نمایش و ئامادە بوونی دەنگ لە چ ئاستێکدایە، بەلام بەر لە ئێمە ئەوان دەنگ لەلایان ئامادە بووە، جگە لە کاری ئەو لابۆرە ئێمە تاکە گروپی ئەزموونکاری شانۆیی ناو شانۆی کوردین کە (دەنگ) مان هەیە و (ووشە) مان نیە، بەلام ئەوەی من تێیدەگەم جیاوازی دەنگ لەنێوان تیپی شانۆی ئەزموونگەری و لابۆری شانۆی لالش دەتوانین لە خاڵێکی گرنگدا دەست نیشانی بکەین لەوەی دەنگ لە لابۆری لالش زیاتر دەنگێکە جەخت لەسەر تەکنیکێکی بەرزی ئاستی دەنگی دەکات، ئەوە گەڕانە بەدوای بونیادی ئاهەنگسازی لەنێو دەنگدا، هەرچی لەلای تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك دەبینرێت، دەنگ پەیوەستە بە یادەوەری کوردیەوە، لە تیۆریزە کردن و نووسینەوەی ئەزموونەکان ئەوەمان ناو ناوە (یادەوەری لەیاد کراو) بۆ ئێمە دەنگ ئەو یادەوەریە دەگەڕێنێتەوە، لابۆری لالش جەستە و دەنگ وەك یەك میکانیزمی فیگور سەیر دەکەن، بەوەی بە هەردووکیان فیگوری نمایشکار بنیات دەنێن، هەر بۆیە ناویان لە جەستەی نمایشکار ناوە (جەستەی ئاهەنگسان) هەرچی لەلای ئێمەیە هەریەکە لە (جەستە) و (دەنگ) دوو میکانیزمی گوزارشت کردنی سەربەخۆن، بەلام لەناو پێکهاتی دەنگی کۆ نابنەوە تا ناوی بنێین (جەستەی ئاهەنگسان) بەڵکو لەناو پێکهاتی کولتوری کۆ دەبنەوە، بۆیە ناومان ناوە (جەستەی کولتوری) ئەگەرچی جەستەی کولتوری جەستەیەکی ئاهەنگسازە، ئەوانە نزیك بوونەوە نیە لە ئەزموونەکانی ئەو دوو گروپە، بەڵکو ئەوە خاڵە بنەڕەتیەکانە کە هەریەکە لەو دوو گروپە  لێك جیا دەکاتەوە نەك نزیکی

بکاتەوە، بەلاّم مەسەلەیەکی ئەخلاقی هەیە ئەویش ئەوەیە ئێمە لەڕووی تیۆریەوە بەلابۆری شانۆی لالش کاریگەر بووین، ئەو کاریگەریە ناشارینەوە نامانەوێ لەسەر خاڵی داهێنانی ئەوان بژین بۆیە هاتین لە گۆڤاری شانۆکار مەلەفێکی تایبەتمان بۆ ئەزموونەکانیان تەرخان کرد، تاوەکو هەموو لایەك بزانن ئەوەی ئێمە دەیکەین کارێك نیە بەتەنیا ئێمە خاوەنی بین، بەڵکو کەسانی تر هەن کاریان تیای کردووە و تیایدا گەیشتوونە بەدەرەنجامی گەورەش، ئەوەش وای لە ئێمە کرد بەدوای ئەزموونیتر بگەڕێین، ئەوان دۆزەرەوەی دەنگن نەك ئێمە، بەڵکو ئێمە توانیومانە دەنگ بە ئاقار و ڕێرەوێکی سەربەخۆ بەرین، کە نەچینەوە سەر کارکردنی کەس، بەلاّم ئەو کاریگەریەی کە ئاماژەی بۆ دەکەین، مەسەلەیەك نیە ئەمڕۆ دەریبخەین، کاتی خۆی لەنامەیەکی ئێمەدا بۆ نیگار و شەماڵ نووسیبوومان "ئێوە ڕێگایەکتان بڕی یوونە هۆی ئەوەی زۆر دەرگا بۆ ئێمە بکەنەوە" لەوەلاّمی ئەو نامەیەی ئێمەدا (نیگار حەسیب قەرەداغی) ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە ئەو نامەیەی ئێمە کاریگەریەکی تایبەتی لەسەر (شەماڵ عومەر) بەجێ هێشتووە، ئەوەش گوزارشت لەوە دەکات (شانۆی ئەزموونگەری پڕۆژەیەکی ناتەواوە) مەبەست لە ناتەواوی بە مانا فەلسەفیەکەی کە پڕۆژەیەکە هەمیشە پێویستی بە گەڕان و پشکنینی نوێ هەیە، یۆژینۆ باربا چەندە ڕوویەکی تری پڕۆژەی گرۆتۆفسکی تەواو دەکات (گرۆتۆفسکی) یش ڕوویەکی نادیاری گوتاری ئەزموونگەری (ئارتۆ) دەنووسێتەوە، لەسەر ئەو تێگەیشتنە بۆ ئێمەش هەروایە، ئەو کاریگەریە توانای ئەوەی هەیە، ئێمە بەدوای خاڵی جیاواز بگەڕێین نەك لێکچوون، وەك چۆن هەر لەناو شانۆی کەرکوك خۆی دەبێ ئەوەمان قەبووڵ بێت دەنگی نوێ بێنە کایەوە لەشانۆی ئەزموونگەری، نەك بۆ ئەوەی لە ئێمە بچن، بەڵکو بۆ ئەوەی جیاوازیەکانی خۆیان لە شانۆدا دەربخەن، لەوانەیە ئەو کارە کاتێکی زۆری بووێت، بەلاّم ئەزموونی قووڵ و جدی هەمیشە پێویستی بە ئارامگری باشتر هەیە لەوەی بمانەوێت گۆڕان بکەین و نەزانین ئێمە لەچی ئەزموونکارین، لەهەموو ئەوانە گرنگتر ئەوەیە شانۆی کەرکوك لە گوتاری باوی بەدرێژایی تەمەنی بەهۆی ئێمەوە ڕزگاری بوو، بڕواش ناکەم جارێکیتر دەسەلاّتی شانۆ لێرە بکەوێتەوە دەست دیمەنی



دکتۆر و فەڕاش و دیمەنی سادە بەناوی نمایشی شانۆیی، بەڵکو ئیدی شانۆی کەرکوك لەناو شانۆیەکی ئەزموونگەری توانای ئەوەی هەیە ئەزموونی جدی و جیاواز بنیات بنێت، بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەو هەولاّنە ڕێك بخرێت، ئەوا ئەمجارەیان شانۆ لە کوردستان لە کەرکوکەوە سەردەمی گەشی خۆی دەژیێتەوە، ئێرە دەبێت بە پایتەختی شانۆی کوردی، بەلاّم ئەو کارە پێویستی بە هاوکاری زۆر هەیە چ لە نێوان شانۆکاران خۆمان یاخود لەلایان دەزگا بەرپرسەکان، ئەوەیان بەتەنیا خەونێك نیە، ئێمە خەریکی نووسینی پڕۆژەی ستراتیژی شانۆین، ئەگەر هاوکاریش نەکراین دەکرێ بەدوای میکانیزمی تر بۆ ئەو پڕۆژەیە بگەڕێین، لەکاتی خۆشی پڕۆژەی ستراتیژی ئێمە بۆ شانۆ دەخرێتە ڕوو، بە شێوەیەی شیاو ئەو پڕۆژەیە بە ئەنجام دەگات.

## تراژیدیای کولتوریی و شانۆی مردوو

## سازدانی: فریاد ئەحمەد

لە دووەم ساڵیادی دامەزراندنی، تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکووك "حیکایەتی لم" نمایش دەکات، لە ٢٠٠٦/٣/١٦ بە نمایش کردنی بانتۆمایمی "پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ" یەکەم نمایشی ئەوان لە قۆناغی یەکەم دەستی پێکرد و بە "هاملێتی کەرکووك"ئەو قۆناغەیان کۆتا پێهێنا، کە بریتی بوو لە پێنج نمایش، لەم قۆناغەدا تەنها گرنگی دەدرا بە جەستە، بەواتای ئەوەی دەنگ ئامادەیی نەبوو، بەلاّم "یادەوەری دەنگ" کە نۆبەرەی

قۆناغی دووەمی تیپی ئەزموونگەری بوو، لێرەوە دەنگ بوو بە بونیادێکی سەرەکی نێو نمایشەکانی جامی و ئەزموونگەری، ئەمە جگە لە هاتنە ناوەوەی چەند چەمکێکی وەك "داڕشتنەوەی پانتایی لە جێی دەرهێنەر، جەستەی کولتوری لە جێی ئەکتەر"، لێرەو لەوێ زۆر دەبیستین لەسەر ئەزموونەکانی جامی و ئەزموونگەری، قسەکانیش جۆراوجۆرن، بەڵام لە کۆتاییدا هەموو ئەوانەی لە دانیشتنە تایبەتیەکانیاندا ئەزموونەکانی جامی ڕەتدەکەنەوە، لەبەرامبەر خۆیدا تا ئەو دیوی سنووری ئەقڵەوە ستایشی دەکەن و سەرسامی خۆیان دەردەبڕن، شانۆی کەرکووك مێژوویەکی ئەوەندە درێژی نیە تا زۆر تەم و مژاوی بێت، ئاشکرایە لەگەڵ هاتنی جامی و دامەزراندنی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکووك بە مەفهومە زانستییەکەی ئەزموونگەری لەم شارە دروست بوو، ئەوەی لە رابردوو ناو نراوە ئەزموونگەری هیچ مەعریفەیەکی شانۆیی لە پشت نمایشەکانەوە نەبووە، کەسەکان خاوەن هۆشیارییەکی شانۆیی تۆکمە نەبوونە، هەشت ئەزموونی زانستی و دیار و بەرچاوی تیپی شانۆی ئەزمونگەری جێگای دەستخۆشی و ستایشە، بۆ قسە کردن لەسەر "حیکایەتی لم" دانیشتنێکمان لەگەڵ هونەرمەندی شانۆکار "نیهاد جامی"سازدا.

*** لەماوەی دوو ساڵدا هەشت نمایشتان لە کەرکوك کردووە، پێش تۆ شانۆ لە کەرکوك چۆن بووە؟ ئێستا چۆنە؟**

– بزووتنەوەیەکی شانۆیی فراوان بە ئەزموون و پڕۆژەی شانۆیی بەرهەم دێت نەوەك بە لێدوان و بانگەشە، هەمیشە بە چاوی گومانەوە سەیری ئەو ڕابردووە دەکەین، هەر هەوڵێکی شانۆیی لەم شارە درابێت سەرەنجام نەبۆتە پڕۆژە، بۆیە ئەو خولیایە بۆ شانۆیەکی زانستی و هاوچەرخ تەنیا خەونێك بووە کە کەس توانای ئەوەی نەبووە بێنێتە دی، لێرە شانۆ ئارەزوو کردن بووە لە کاری نواندن، ئەو ئارەزووە نوقمی نێو دیمەنی لاسایی کردنەوە بووە، دیمەنی پێکەنیناوی لە شێوەی دیاردەکانی ناو کۆمەڵ بە شانۆ سەیر کراوە، ئێمە هاتینە سەر وێرانە، دامەزراندنی ئەو تیپە بە مەبەستی



کۆکردنەوەی ئەو توانا شاراوانە بوو کە خەونیان بە شانۆیەکی جیاواز دەبینی، ئەوە بەرهەمی ئەو دۆخە نوێیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریەی شارەکە بوو کە بوونی ئێمەی کرد بە پێویستیەك، ئێمە نەهاتین شانۆ بکەین بۆ ئەوەی ئارەزووی کارکردن لە شانۆکان هەبوو، هاتنی ئێمە و دامەزراندنی تیپەکە بۆ ئەوە بوو تەواوی شانۆکاران فێری کاری شانۆیی بکەین، با ئەو ووتەیە نەبێتە ئیستیفزاز کردنی هیچ شانۆکارێك، چونکە ئەوەیان واقیعە، ئێمە شانۆمان لە ئارەزوو کردن لە نواندن گۆڕی بۆ مەعریفەی شانۆیی، ئەوە کودەتا بوو، لەدایکبوونی تیپی شانۆی ئەزموونگەری لە دایکبوونی شانۆی ڕاستەقینەی کەرکوك بوو، وەك هاوڕێی شانۆکارمان (کاردۆ) لە دیمانەیەکدا ووتی "هۆشیاری شانۆیی لە کەرکوك ئەو ڕۆژە لەدایك بوو کە تیپی ئەزموونگەری دامەزرا" ئەو ووتەیە دەمانخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتیەکی ئەخلاقی گەورە، فێرمان دەکات لەخۆبایی نەبین، بەڵکو بەو پەڕی بەرپرسیاریەتیەوە خەریکی شانۆ بین، خەونەکانمان فراوانتر دەکەن، پڕۆژەکانمان دەبەنە جیهانێکی بێسنوور بۆ بەردەوامبوون، دیارە زۆر جار گوێمان لەوە دەبێت کە کەسانێك پێشتر کاری ئەزموونیان کردووە، ئێمە بە گومانێکی زۆرەوە دەڕوانینە ئەو حیکایەتانە، چونکە تا ئێستا ئەوانە دەیانەوێ لەسەر زەمەنی حیکایەت بژین، خەون بەو سەروەریە دەبینن، کە لە تەمسیلیەکی تەلەڤزیۆنی وەدەستیان هێناوە، جیاوازی بنەڕەتی ئێمە لەتەك هەمووان ئەوەیە ئەوان کە هۆڵیان پێ نەدراوە ڕوویان کردۆتە شوێنی تر، کەچی ئێمە هۆڵی شانۆمان ڕەت کردەوە بۆ ئەوەی ئەزموون لەبیناسازیە مێژوویەکان بکەین، ئەزموون لە ژوور و پانتایی جیاواز ئەنجام بدەین، ئێمە خولقێنەری شانۆی کەرکوکین، بە بەڵگەی ئەوەی هەمووان تووشی سەرسامی بوونە تا ڕادەی ئەوەی بەدوای کارەکان ئەبڵەق دەبن و ناتوانن لە کۆڕەکان دوو ووشە بڵێن، ئێمە ڕێز لەو بێدەنگیەیان دەگرین، بەڵام پێویستە ئەوانیش ئەو جورئەتەیان تیا بێت تا ئەو حەقیقەتە بخەنە ڕوو، ئێستا لەهەر کاتێکدا من یا تیپی ئەزموونگەری لە شارەکە نەمێنێت خەممان نیە، چونکە بنەما

زانستیەکەی شانۆ لەو شارە دامەزراوە، خەڵکمان فێرکرد شانۆ چیە، بۆیە ئەمڕۆ شانۆی کەرکوك لەپەراوێزی شانۆی شارەکاندا ناژییێت، ئێستا کاتی ئەوەیە دڵمان بەنەوەی دوای خۆمان خۆشبێت، دەبێ ئەوەش قبوولێ بکەین دوای ئێمە نەوەی نوێ تەواوی کارەکانی ئێمە ڕامالێت، لە ئێستاوە پێشوای لەو نەوەیە دەکەین دڵنیاشین ئەوەندەی نەماوە ئەزموونی ئەو نەوەیە بگاتە ئاستی دەرکەوتن، بڕوای تەواوم بەو قسەیەی مایەر هۆڵد هەیە کە دەڵێت "ئەگەر نەمانتوانی شانۆیەکی نوێش دابمەزرێنین بەلاّم با ببین بە پرد بۆنەوەی داهاتوو"

*** پێش ئەوەی بێینە سەر حیکایەتی لم پێت وانیە کەسانێك هەن لەم شارە دەیانەوێ لەتۆ بچن؟**

– دەبێ ئەزموونی نەوەی نوێ هەڵگری خەونی نەوەکە خۆی بێت، ئەزموونێك بێت تێپەڕاندن بەسەر ئەزموونی ئێمەدا بێنێت، بەلاّم کاتێ ئەو ئەزموونە نەیتوانی لە کاری ئێمە دەربچێت، ئیشکالیەتەکە لێرەدایە، وەك چۆن ئیشکالیەتی کوشندە لەشانۆی کەرکوك ئێستا بووە بەوەی ئەگەر تۆ کاری بانتۆمایم بکەی ئەزموونگەری، لەوانەیە ئەو قسەیە بۆ تیپی ئەزموونگەری ڕاست بێت بەهۆی ئەوەی ئێمە لەسەر شێوازە باوەکانی بانتۆمایم کار ناکەین، بەڵکو ئەزموونێکی جیاوازمان بنیاتنا، ئایا ڕاستە تۆ بەکاری ئەوان بڵێیت ئەزموونگەری و بە (هاملێتی کەرکوك) یش هەر بڵێیت ئەزموونگەری؟ ئەوانە تا ئێستا لەوە نەگەیشتوون بەلاسایی کردنەوەی ئێمە جگە لە لاسایی کارێك شتێکی تر نین، دیارە بەو قووڵیەش نیە ئەگەرچی منیش تێبینی ئەوەم کردووە لەهەندێ کاردا کە هیوادارم ئەوانە بیانەوێ لەخۆیان بچن و لەکەس نەچن، جوانی تیپی ئەزموونگەری لەوەدایە کە لەکەس ناچێت با ئەوانیش بتوانن پارێزگاری لە جوانیەك بکەن کە خۆیان بنیاتنەری بن.

*** یادی تیپەکەتان لە ٣/١٦ یە هاوکات لەگەڵ یادی هەڵەبجەدا، نمایشەکەی ئەمڕۆتان تا چەند پەیوەندی بە یادی هەڵەبجەوەیە؟**



– قسەکردن لە یادەوەری گەڕانەوەیە بۆ ساتەوەختێکی زەمەنی، ئێمە هەمیشە وا ڕاهاتووین بەسەر یادەوەری تراژیدیاکانمان خەمبار بین و بگرین، بەلاّم یادەوەری بۆ ئێمە ئەو مانایەی نیە، ئێمە ویستمان تراژیدیاکان بگۆڕین بۆ خولقاندن، بۆیە ئەو ڕۆژەمان هەڵبژارد، بۆ ئێمە ٣/١٦ ڕۆژی لەدایکبوونەوەیە بیرت نەچێت هەڵەبجەییەکان و ئەنفالەکان بەتەنیا شەهید نین، بەڵکو ڕەمزی قوربانی دانی جەستەی کوردین، ئێمە بە چاوی ڕێز و ستایشەوە دەڕوانینە ئەوان، بەلاّم نامانەوێ شانۆ لەناو تراژیدیاکانی یادەوەری نوقم بکەین، ڕەنگە تا ئێستا نەگەیشتبینە ئەوەی شانۆیەکی مەزن بۆ هەڵەبجە بکەین، تۆ دەزانی هەموو ئەو شانۆگەریانەی لەو ڕۆژەدا بۆ هەڵەبجە دەکرێن وەرگیراوی ئەو فیلمە ئەرشیفیەی کیمیا بارانەکەن، کە شانۆیەکن بەر لەدەست پێکردنی شانۆیەکی مردووە، ئێمە نامانەوێ بۆ گەورەترین تراژیدیای کولتوریمان شانۆیەکی مردوو درووست بکەین، ئەگەر ڕۆژێك توانیمان ئەزموونێك بەقەد گەورەیی شەهید بوونی ئەو شارە بنیات بنێین ئەوە ئەو کارە دەکەین، دیارە کارەکەی ئێمە بەدوور و نزیکەوە پەیوەندی بەو یادەی کیمیا باران کردنەوە نەبوو، ئەزموونێکی توێژینەوەی کولتوری بەردەوامی ئێمە بوو لە بواری شانۆدا، ئەزموونێك لەسەرەتای قۆناغی دووەم بە (یادەوەری دەنگ) دەستی پێکرد و بە (ئۆدیبی زەردەشت) تێپەڕی و پڕۆژەیەکە بەردەوام دەبێت لە (ئەنتیگۆنای قەلاّ).

*** لەو خانووەی (حیکایەتی لم) تان کرد، ساڵی پار (هاملێتی کەرکوك) تان تیا نمایش کرد، لە هاملێتی کەرکوك جەستەکان لەسەرەوە بوون و وەرگرەکان لە خوارەوە بوون، بەلاّم لە حیکایەتی لم ئەم پڕۆسەیە پێچەوانە بوو، ئاستی بینین سەد دەرسەد گۆڕاوە ئەمە بۆ؟**

– ئەو گۆڕانە بەمەبەستی بنیاتنانی ئەزموونی هاودژە، بەوەی چۆن جارێکیتر چارەسەری پانتایی دەکەینەوە، ئەوە تێکشکاندنەوەی وێنە ڕەهاکانی پانتاییە، بینەر بەشێکی سەرەکیە لەم پانتاییە، ترسێکی هەیە ترس لە کەوتنە خوارەوەی، بەرزبوونەوەی تا ئاستی ئەوەی ڕێزێکی زیاتر بەو دراوە

ئەوانەی لەخوارەوەن بریتین لە نمایشکاران، بینین لەبەرزییەوە دادەبەزێتە خوارەوە ئەوەش پرۆسەیەکی جیاوازی بۆ بینین خوڵقاندووە، بەشێکی پەیوەندی بە ڕەهەندە فکریەکەی نمایشەکەوە هەیە، بەوەی جەستەی کولتوری بریتیە لەدوو جەستەی تێکشکاوی کۆمەڵگا، بینەر کە نوێنەرایەتی ئەو کۆمەڵە دەکات لە ئاستی خوارەوە سەیری ئەو کەسێتیانە دەکات، ئەوان گرفتی گەڕانەوەیان هەبوو بۆناو کۆمەڵگا، کەچی کارۆخ هەمیشە ڕەفزی ئەو گەڕانەوەیە دەکات بیری لای خۆکوشتن بوو، شکۆ کەهەمیشە دەیویست بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگا، کەچی لە کۆتاییدا لەوە گەیشتبوو قبوولّ کردنەوەی لەلایان کۆمەڵگاوە نرخێکی زۆری دەوێت، بۆیە قبوولّی ئەوەی کرد لەخۆی بەهەمان شێوەی کارۆخ سزای خۆی بدات، لێرەدا دەکرێت دەرگا بۆ تەئویلێکیتر بکەینەوە، بەهۆی ئەوەی ئەو پشتی کەوتە بینەران ئەوەش پێی ووت ئێوە بوون پەلامارتان دام پەیوەندی سێکسی ناسرووشتیتان لەگەڵ بەستم دەتوانن بۆ هەمیشە دووبارەی بکەنەوە، لەڕاستیدا ئەوە کوشتنی جەستە نەبوو لەلایان جەستەی کولتوریەوە، بەڵکو ئەشکەنجەدانەوەی ئەو جەستەیە بوو کە کۆمەڵگا لەڕێگەی کولتوری سڕینەوە بەرهەمی هێناوە.

*** لەتەواوی نمایشەکانی ئێوەدا ئاگر ئامادەیی هەبووە و بەشێك بووە لە بونیادی نمایشەکە، نا ئامادەگی ئاگر لەم نمایشەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– لەڕاستیدا ئەوە نا ئامادەیی ئاگر نیە، بەڵکو کوژانەوەی ئاگرە، لم ئاگری کوژاندۆتەوە، مێژووی ئێمە مێژووی بەلم بوونی شوێنە، ئەوە پرسیاری سەرەکی ئێمەیە بەوەی شوناس بەدوای کوژانەوەی ئاگر چی بەسەر دێت، ئایا تەنیا دۆڕاندنی ڕەهەندە ڕۆحی و ئاینە زەردەشتیەکەیەتی؟ لەلایەکیتریش ویستمان ئەوە بۆ هەمووان دەربخەین کە تەنیا ئاگر نیە دەتوانێ سرووت بنیات بنێت بەداخەوە خەڵکانێك بەهۆی ئاگر لەکاری ئێمەدا گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە ئاگر یانی سرووت، ئەمجارە ویستمان سرووت لەدەرەوەی ئاگرەوە سرووتێکی جیاواز بێنێتە کایەوە.



*** لەدوای (یادەوەری دەنگ) و (ئۆدیبی زەردەشت)، (حیکایەتی لم) تان ئەنجامدا، قۆناغی دووەمی پرۆژەکەتان (سۆسیۆلۆژیای شانۆ) هێشتا دوو کاری ماوە تەواو بێت، بەڵام (حیکایەتی لم) تەواو لەو دوو نمایشەی پێشتر جیاواز بوو، پێت وایە پرۆژەکەتان خەریکە دەگاتە کۆتا؟**

– مەرجنیە بەدوو کاری تر قۆناغی ئەزموونکاری دووەمان کۆتایی بێت، ڕاستە قۆناغی یەکەمی ئێمە بە ئێنج ئەزموونی شانۆیی تەواو بوو، ئەوەش پەیوەندی بەو گەڕان و پشکنینە هەبوو، بەواتای پەیوەست نیە بە ژمارەی کارەکانەوە، ئەمجارەیان قۆناغەکە بە پێنج ئەزموون تەواو نابێت، بەڵکو بە چوار ئەزموون بەواتای بە (ئەنتیگۆنای قەلاّ) پرۆژەی دووەمی گەڕان و پشکنینی ئێمە کۆتایی دێت، بەدوای ئەنتیگۆنا ئێمە نۆ ئەزموونی شانۆیمان ئەنجامدا بە دوو قۆناغ هاتین ئێستا پێویستمان بەوەیە بگەینە ئەنجامی تر، ئەزموونی جیاوازتر بێنینە دی، لە کاتی خۆیدا قۆناغی سێیەمی ئێمە دەبینن با ئەوە هەڵگرین بۆ کاتی کارەکان.

*** لەدوو کاری پێشترتان گرنگیەکی زۆر باشتان دابوو بە دەنگ، لە (حیکایەتی لم) هەست دەکرا زیاتر گرنگی بە جەستە دراوە و تا ڕادەیەك دەنگ فەرامۆش کراوە، تۆ وای نابینی؟**

– ئەوە پەیوەندی بە جۆری بینینەوە نیە، بەڵکو ئەوە نهێنی ئەزموونەکەیە، چی وادەکات جەستە دەربکەوێت و ئامادە بوونی دەنگ کەمتر بێت؟ ئەوەئێمە نین بەڵکو خودی ئەزموونەکە خۆیەتی، چونکە کارەکە لەسەر سەرکوتکردنەوەی دەنگ بەرهەم هاتووە، بۆیە تەواوی دەنگەکان نزای ئاینی نین، بەڵکو تێکشکاندنەوەی مانا ڕەهاکانی وێنەی هزری زمانە، ئەوە نووسینەوەی تێکشکاندنی ووشەیە، ئەوەی لە ئۆدیب وا دەکات دەنگ زاڵ بکات پەیوەندی بە ئازادکردنی دەنگە لەناو پەرستگادا، دەنگەکە چیە سەرەنجام دەنگەکە بریتیە لە تێکستی ئاینی، بەڵام لێرەدا جولە دەیەوێ حیکایەتێك بنووسێتەوە، بەجیاواز لە حیکایەتی سەرکوتکردنی ووشە، دەنگ بوونی هەیە چونکە دەنگ میتا حیکایەتە، میتا حیکایەت لەڕێگەی جولە و

تێکشکاندنەوەی ووشە ئەزموونێکی ناتەبا دەخاتە ناو پرۆسەی بینین، ئەگەر دەنگ توانای خوڵقاندنی ئاماژەی نمایشی هەبێت ئەوا بێدەنگیش دەتوانێ ئاماژە ترسناکەکانی دەزگاکانی سەرکوتکردن ئەزموون بکات.

*** تۆ زیاتر کارەکانت لەسەر (ئاگر، شوێن، پانتایی ناتەبا، سرووتی ڕۆژهەڵاتی) بنیات دەنا، ئەمجارە بونیادی سەرەکی کارکردنتان چی بوو؟ ئایا تەنها چیرۆك بوو؟**

– لەڕاستیدا چیرۆك بە مانا باوەکەی بوونی نیە، ئەوە بینەرە سەرەنجام دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە نمایشەکە خاوەنی چیرۆکێك بووە، ئیشکردنی ئێمە لەسەر ماتریالە جەستەیەکان نەبوو، بەڵکو جەستەی کولتوری ویستویەتی لەشوێنی ماتریالەکانیش دەربکەوێت ئەوە ئەزموونێکی سەختە، بەڵام هەوڵێکە بۆ ئەزموونێك خۆی خاڵی دەکاتەوە لە ماتریال و ڕاستەوخۆ پشت بە جەستە دەبەستێ، لەوانەیە لێرەدا لە گرۆتۆفسکی نزیك بینەوە، بەڵام دەنگ توانای ئەوەی هەیە ماتریالە دەنگیەکانی خۆی بەجەستە ببەخشێت بەوەی بتوانێ ئامادە نەبوونی ماتریالێکی وەك ئاگر کاریگەری نێگەتیف نەکاتە سەر تەواوی ئەتمۆسفێرە شانۆییەکە.

*** دووساڵ تێپەڕی بەسەر دامەزراندنی تیپەکەتان، بەم بۆنەیەوە دەتەوێ چی بە هاوەڵە شانۆکارەکانت بڵێی لە تیپی شانۆی ئەزموونگەری و دواتر بە شانۆکارانی کەرکوك؟**

– ئێمە قسەیەکی ئەوتۆمان نیە بیکەین. قسەکانی ئێمە لەناو نمایشەکاندایە، بەڵام ئەندامانی تیپەکە ئەو حەقیقەتە لەهەموو کەس باشتر تێدەگەن بەوەی ئەوان چۆن و لە چ سەردەمێك تیپەکەیان دامەزراندووە، چەند لە هاوەڵەکانی ئەوان نەیانتوانی لەو کاروانە بەردەوام بن جا بەهەر هۆکارێك بێت، ئەوان ئێستا دوو قۆناغی دیاریان لە ئەزموونگەرێتی بڕیووە، هیوادارم کەسیان لە خۆبایی نەبن. لە قۆناغی داهاتوو زیاتر خەونی ئەزموونیان لەلا گەورەتر بێت، ئەگەرچی باوەڕی تەواوم پێیانە کە مانەوەیان پێمان دەڵێت ئەوان بۆ شانۆ خوڵقاون، بە شانۆکارانی شارەکەش دەڵێین تفەنگەکانتان بخەنە کێلانەوە



جەنگی ئێوە لەگەڵ ئێمە نیە جەنگی ئێوە کارکردنە لەسەر شانۆ کە پێتان نەکرا گلەیی مەکەن شەڕ بە جوانیەکانمان مەفرۆشن، ئێوە لەهەموو کەس باشتر دەزانن بوونی ئێمە لەشانۆی ئەمشارەدا چ کاریگەریەکی گەورەی هەیە، ئێمە نەهاتووین نمایش درووست بکەین هاتین شانۆمان دۆزیەوە ئەوەی هەبوو شانۆ نەبوو نوکتە و حیکایەت و ئارەزووکردن بوو لەنواندن ئێمە ئەوانەمان گۆڕی و شانۆمان بنیاتنا، حورمەتی تایبەتیشمان بۆ ئەو شانۆکار و گروپانەی ئێمە بە بەشێك لەخۆیان دەزانن و هەمیشە لەبەرامبەر جوانیەکان گفتوگۆ و ڕەخنەکانیان دەخەنە ڕوو کە بۆئێمە ئەو پەڕی هیواو ئومێدن.



## سرووت.. کولتور.. ئەزموونگەری لە ئۆدیبی زەردەشت

### سازدانی: فریاد ئەحمەد

**بەشداران: ئەسعەد عومەر (سینەماکار)، حوسێن سیودین (سینەماکار) تارق ناسح (بەرپرسی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوك) سیروان بێلانە (بەرپرسی تیپی شانۆی ئاشتی کەرکوك)، نیهاد جامی (بەرپرسی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك)**

ئۆدیبی زەردەشت ئەم شانۆگەریەی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك وەك ئەزموونێکی نوێی قۆناغی دووەمی بەناوی (سۆسیۆلۆژیای شانۆ) نمایشی کرد، تاچەند کاریکی ئەزموونگەری بوو؟ کولتور چ واتایەکی هەیە؟ ئایا ئەو

تیپە وەك خۆی بانگەشەی دەکات لەگەڕان و پشکنینێکی کولتوریدایە؟ لەچ تێڕوانینێکەوە ئۆدیبی زەردەشت بخوێنینەوە؟ ئایا دەتوانین فرە تەئویلی بەو ئەزموونە ببەخشین؟ ئەوانە ئەو پرسیارانەن لەڕێگەی ئەم مێزگردەوە دەمانەوێ وەڵام بدرێتەوە، بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەو دەیالۆگەوە گفتوگۆیەکی ڕەخنەیی ساز بکەین.

**فریاد ئەحمەد:** ئایا چەمکی ئەزموونگەری لای ئێوە هەمان چەمکی هەیە کە لای گەورە شانۆکارانی جیهان و تیۆریستەکانی شانۆ هەیەتی یان لای ئێوە چەمکێکی جیاوازە بەتایبەت لە ئۆدیبی زەردەشت؟

**نیهاد جامی:** بڕوامان بەوە هەیە چەمکی ئەزموونگەری لە ڕووبەری نمایشە کوردیەکاندا چەمکێکی تاکمانا نیە، چونکە کۆمەڵێك تەفسیری جیاواز دەگرێتە خۆی، ئەگەر یەکێك لە تەفسیرەکان پێمان بڵێ دەرچوونە لە تەباوە، کە دیارە ئێمە بۆخۆمان بڕوامان بەو تەفسیرە نیە، چونکە ئەزموونگەری لای ئێمە دەرچوون نیە لە تەباوە تا پێمان بڵێن ئەزموونگەر، سەرەتای کارکردنی من لە شانۆدا لەهەولێر دەمویست دیدێکی شێوەکاری لە شانۆ بنیات بنێم لەڕێگەی خوێندنەوەی دەق لەتێڕوانینی بونیادی فەلسەفی وێنەی شانۆییەوە، کە تەنیا جەستە زمانی ناو ئەو وێنەیە بێت لەپاڵ ڕوناکی و ڕەهەندە شێوەکاریەکان، ئەو سەرەتایە ١٠ساڵی خایاند پێنج نمایشی شانۆیی گرتە خۆی، قۆناغی دووەمی کارکردنم بە دامەزراندنی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك دەستی پێکرد ٥ نمایشی شانۆیی گرتە خۆی لە (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) وە بۆ (هاملێتی کەرکوك) لەم قۆناغەدا دەمویست بپرسم: ئایا دەکرێ ئێمە لەدەرەوەی بیناسازی شانۆ، شانۆ بنیات بنێین؟ ئەوەش وای لە ئێمە دەکرد کە دەچینە شوێنێك وەك بیناسازی شوێنەکە خۆی شانۆ بکەین، ئێمە کە چووینە قەڵا (هاملێتی کەرکوك) مان کرد، نەهاتین دیکۆر بۆ شانۆگەری هاملێت دروست بکەین، لەخانوویەکی دوو نهۆمی کۆن کردمان وابزانم زۆربەتان بینیتان، بەپێی بیناسازی شوێنەکە خۆی کردمان، بەڵام ڕەنگە لەم پانتایەدا تۆ ماتریالێك



بدەیت بە ئەکتەرێك لەجۆری شمشێر یا گوریس یا خاچ، ئەمە وەك قۆناغێکی تری ئەزموونگەری ئێمە، لە قۆناغی دواتر قۆناغی سێیەمی کارکردنی من و قۆناغی دووەمی تیپی ئەزموونگەری، ئامادە بوونی دەنگە.. لەم قۆناغەدا دەمانەوێ دەنگ وەك جەستە ئامادە بوونی هەبێت، دەنگ بەتەنیا ئەزموونێك نیە لە کارکردنی ئێمەدا، دەنگ یادەوەریە.. پێویستە لە زەمەنی ئێستادا دەنگ یادەوەریی ئەو جەستەیە پێك بێنێت کە ئێمە بە جەستەی کولتوری ناوی دەبەین، یادەوەری ئەو جەستەیە لەڕێگەی دەنگەوەیە، بەڵام ئەو جەستەیە خۆی گوزارشت لەزەمەنی هەنووکەیی خۆی دەکات، لەنێوان زەمەنی یادەوەری (دەنگ) و زەمەنی هەنوکەیی (جەستە) پێشبینی دەخرێتە ڕوو، ئەگەر بیرتان بێت لە ئەزموونی (یادەوەری دەنگ) دا بەدوای ئەوەی ئەو دوو زەمەنە تێکەڵ یەك دەبوون، پێشبینی دەکرا بۆ تراژیدیا، لەماڵەکە دەمانووت ئەگەر تەقینەوە ببێت چیان بەسەردێت؟ هەموو پێشبینی ئیفلیج بوونی خۆیان دەکرد، ئەوەش بۆ تێگەیشتنە لە چەمکی ئەزموونگەری لەکارکردنی ئێمەدا، کە دەمانگەیەنێ بەو تێگەیشتنەی "ئەزموونگەری لای ئێمە ئەزموونکردنە لەپێناو دۆزینەوە و پشکنین و گەڕان" ئێمە هەمیشە وەبەتایبەتی لەم قۆناغەدا هەست دەکەین لەگەڕانێکی کولتوریدایین، بۆیە زۆرجار دەکرێ تێگەیشتنی شانۆیی ئێمە بۆ بینەر تێگەیشتنێکی تەندرووست نەبێت، پێویستی بەتێگەیشتنێکی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری بێت یا پێویستی بە کۆمەڵناسی شانۆیی بێت، لەبەرئەوەی تۆ دێیت ئیش لەهەندێ زانست دەکەیت.. ئیش لەسەر کولتور دەکەیت، بەتایبەت لە ڕۆشنبیری شانۆیی ئێمەدا دوو چەمك هەیە هەمیشە تێکەڵ کراون بەناوی یەکتریەوە قسەیان کردووە، ئەویش هەردوو چەمکی (کولتور) و (کەلەپوور) بوو، ئەگەر لێرەدا ئاماژەیەکی زۆر بچووك بدەین دەڵێین: کەلەپوور شتێکە لە ڕابردوو ڕوویداوە.. هەرچی کولتورە شتێکە لە ئێستادا لەگەڵماندا دەژییێت، بۆیە سەیر دەکەیت کەلەپوور لقێکە لەناو کولتور، یانی ئێمە ناگەڕێینەوە سەر کەلەپوور بۆ

زەمەنی ڕابردوو، بەڵام هەمیشە لەناو گەڕانێکی کولتوریدا خەریکی پشکنینین.

**فریاد ئەحمەد:** لەقۆناغی یەکەمی کارکردنتان لەتیپی شانۆی ئەزموونگەری بەناوی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ تێگەیشتنێکی تایبەتان بۆ بیناسازی هەبوو، لەقۆناغی سۆسیۆلۆژیای شانۆ ئەو تێگەیشتنە وەك خۆی ماوە یان گۆڕاوە؟

**نیهاد جامی:** دەسبەردار بوون لەقۆناغێکی ئەزموونکاری هێندە ئاسان نیە، پێویستی بە شەونخونی و گەڕانی قووڵ هەیە لە شانۆدا، ئەو گەڕانە لە قۆناغی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ بۆ ئەوەی ئێستا کە سۆسیۆلۆژیای شانۆیە پێم وانیە گۆڕانێکی ئەوتۆ کرابێت لە بیناسازی شوێن، بەڵام لەوە دەچێت قۆناغی داهاتوومان ئەو ئەزموونە بچێتە سەر تەختەی شانۆ، ئەزموونکردن بێت لە ئاستی دەق و ڕوناکی و مۆسیقاوە، هەمیشە دەڵێین دیکۆر شتێ نیە لەکارەکانی ئێمەدا ، شوێنەکە خۆی چۆن بێت ئاوا سەیری دەکەین، دیارە مەبەست لەگواستنەوەی ئەو ئەزموونە بۆ سەر شانۆ پەڕینەوەیە لە نوخبەیەکەوە بۆ ئاستێکی فراوانتری بینەر، بەڵام هەمیشە پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەین کاریگەری سرووت لەسەر بینەر پەیوەندی بە ژمارەیەکی دەست نیشان کراو هەیە بۆ ئەوەی کاریگەری بەجێ بێلێت، لێرەوە دۆزینەوەی هۆڵێکی شیاو لەدەست نیشان کردنی بینەر کاریگەری گەورە لەسەر سرووت بەجێ دێلێت.

**فریاد ئەحمەد:** ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەزموونی (ئۆدیبی زەردەشت) ئەتوانین بەم نمایشە بڵێین نمایشێکی ئەزموونگەری؟

**ئەسعەد عومەر:** پێش ئەوەی باسی (ئۆدیبی زەردەشت) بکەم پێمخۆشە سەرەتا باسی خودی ئەزموونگەری بکەم سەرەتاکانی لەکوێوە دەستی پێکردووە، شانۆی ئەزموونگەری ئەگەڕێتەوە بۆ برتۆڵد برێختی ئەڵمانی کە هەموو یاساکانی ستانسلافسکی ڕەتکردەوە، چونکە ستانسلافسکی لەسەر شانۆدا کاتێ مێزێك دادەنێ دەبێت مێزێك بێت، برێخت ئەمانەی ڕەتکردەوە، هەڵسا شانۆیەکی ئەزموونگەری دانا، لەچلەکانی سەدەی رابردوودا دەستی



پێکرد ئیتر بەردەوامی پێدا، ئەویش لەهەمان کاتی کە خەریکی ئەزموونگەری بوو وەکو ئێستا نیهاد باسی کرد مەسەلەی فرە کولتوری خستە ناو شانۆی ئەڵمانیەوە، بۆ نمونە ئەو شانۆگەریەی (ئەو پیاوەی دەڵێ بەڵێ.. ئەو پیاوەی دەڵێ نەخێر) ئەمە ئەفسانەیەکی یابانیە هێناویەتیە ناو تیاتری ئەڵمانیەوە، جا لەوێوە بەردەوامی وەردەگرێ و بەردەوام بوو ئێستاش بەردەوامە، لەبەر ئەوەی کە دەڵێی ئەزموونگەری خۆی لەخۆیدا یانی بەردەوامی، بەردەوامی لە گەڕان لە گەڕان، هەرچەندە کاتی خۆی برێخت کۆمەڵێ یاساو ڕێسای بۆ دانا، بەڵام ئەزموونگەری نوێ کە ئێستا دەکرێت، خۆی لەو ڕێساو یاسایانەش دەرباز کردووە، ڕەهایەکی وای داوە بەخۆی کە بتوانێ بەدوای پشکنینی ئەو ئەنێمێنتانەیە بگەڕێت کەوا شتێ درووست بکات تەنها دەنگ نەبێت بیبات بۆ بینەر.. تەنها دەق نەبێت بیبات بۆ بینەر، ڕۆحێك بدات بە بینەر، یانی شتێکی هەستی لەناو بینەردا درووست بکات کە بینەر لەو شوێنەدا ئامادە باشی هەیە شتێ بێتە لایەوە، چۆنی لێك دەدەیتەوە ئەمە ئارەزووی خۆتە، من پێش ئەمەی بێمە سەر شانۆیەکەی نیهاد، باسی ئەزموونێك دەکەم لەگەڵ برێخت کە بینیوومە ساڵی ١٩٨٧ بۆمن شتێکی گەلێك نوێ بوو کاتێ (دایك) م بینی لەشاری بۆنی ئەڵمانی، دانیشتبووین لەسەر کورسی، پەردەی یەکەمی دایك تەواو بوو پەردە کەوتە خوارەوە لەگەڵ دەنگی جەنگدا هەموو کورسیەکان لەسەر سکەیەکەوە بەیەکەوە بۆ پێشەوە ڕۆیشتن، بردمانی ئێمە دوای کەوتین بردمانی پەردە پەردە لا ئەچوو بینەر ئەڕۆیشتە پێشەوە بە کورسیەوە، لەکۆتایدا ئێمەی بەرەو ڕووی یەك دیواری زەبەلاح کردەوە، پێمانی ووت جەنگ ڕووبەرووی ئەم دیوارە ووشکەتان ئەکاتەوە، بیست ساڵ پێش ئێستا یانی ئەوە ئیشێکی ئەزموونگەری زۆر زۆر تایبەت بوو، بەڵام ئەمەنە کاری لەم جۆرە کرا، سەمایەکی لەم جۆرە کرا کچێك بوو لەگەڵماندا بوو، سەمایەکی ئەزموونگەریان کرد، یانی دانیشتووی هەست بەوان دەکەیت، نزیکەی ١٠–١٢ سەماکەری کوڕ و کچ بوون، ئێمە دانیشتووین هەموو لەسەر زەوی، ئەوانیش

بەقەد دیوارەکە.. بەس بەقەد دیوارەکە سەمایان دەکرد، ئەمە شتێکیتر چووین بۆ کۆنسێرتێك لەنووسراوەکەدا نووسرا "دێیت بۆ ئەم کۆنسێرتە دەبێ دۆشەك بێنی لەگەڵ خۆت" پاڵ ئەکەوی ئیسترخایەکی تەواو دەکەی.. چوار کەس بوون یان سێ کەس بوون جیهانێك لەدەنگی نائەلیکترۆنیان کردە ناخمانەوە، بۆ کارەکەی نیهاد کە هاتم بەڕاستی بە ڕوناکی و بە دەنگ ئەگەر لەوەی وا لە ئەڵمانیاو هۆڵەندا بینیوومە زیاتر نەبێت لەوە کەمتری نەخستە ناو ڕۆحی منەوە، بۆجارێکیتر لەرێی ئەم دانیشتنەوە من دەمەوێ دەستخۆشی لێبکەم، بەڵێ ئەکەوێتە ناو چوارچێوەی ئەزموونگەری نوێی ئێستا نەك لە ڕۆژهەلاتی ناوەندەوە، بەڵکو بەرفراوانتر لەسەر ئاستی دنیا.

**فریاد ئەحمەد:** ئەگەر باسی (ئۆدیبی زەردەشت) بکەین دەتوانین بنەماکانی ئەزموونگەریەت دەست نیشان بکەین؟ بڵێین ئەم نمایشە لەکوێدا ئەزموونگەریە؟

**حوسێن سیودین:** بەڕاستی من ئەمەوێ ڕاستیەك بڵێم کە من لەبواری سینەما زیاتر شارەزام هەندێك شارەزایم هەیە لە بەشداری کردنی بینینی شانۆگەری، لەبەر ئەوە ئەتوانم بڵێم ئەکرێ ئەو پرسیارە لە پسپۆڕێك بکرێت، بەلام بەپێی ئەو ئەزموونانەی بینیوومە ئەو شانۆ ئەزموونگەریانەی لە هۆڵەندا بینیوومە، وە ئەوەی کە لێرەش (ئۆدیبی زەردەشتم) بینی هەستم ئەکرد لە ئەمستردامم لەڕووی عالەمیەتی نمایشەکەوە، یانی لەڕووی ئەو وێنانەی کەوا لەوێ ئەیبەخشی بە بینەر و بەشداری کردنی بینەر، لەو بارەیەوە هەندێ کارم بینیووە، بەراستی وام هەست ئەکرد لەجیهانێکی هۆڵەندی لەبەردەم گروپە ئەلتەرناتیڤەکانی شانۆی ئەوێم، ئەم نمایشەی نیهاد لەگەڵ ئەواندا زۆر زۆر لە مستەوایەکی موئەسیر بوو، لەبەر ئەوە هەست دەکەم یەك شت هەیە ئایا ئەو بینەرەی هاتبوون ئایا ئەیانتوانی لەگەڵ ئەم نمایشەدا بژین؟ من بۆخۆم لە هۆڵەندا نمایشی وام بینیووە، بەلام لێرە هەندێ بینەرم ئەبینی ئەهاتنە ژوورەوە و ڕایان ئەکردە دەرەوە، یا هەبوو ڕۆژنامەنووس بوو وێنەیەکی ئەگرت و بۆ ئەوەی لەدەرەوە بە خەیاڵی خۆی شتێ بنووسێ لەسەری، بەڕای



من ئەم نمایشە ئەمەندە مۆدێرنە ئەمەندە تەجاوزی بنەماکانی شانۆی وولاتانی کردووە کە ئێستا ئەسعەد ئاماژەی پێکرد لە برێختەوە کە بیست ساڵ پێش ئێستایە، ئێمە لەم وولاتەدا شانۆ و هەموو بوارەکانی تری هونەر بوونەتە قوربانی سیاسەت، لەبەر ئەوەی ئێمە بناغەکانی شانۆمان نیە، بەراستی ئەبێ نیهاد و گروپەکەی زۆر زۆر زیاتر کاربکەن، بۆئەوەی بینەرەکە بەلای کەمی لە ئاستی بەرزی نمایشێکی بەرزی لەم جۆرە تێبگەن، بۆ ئەوەش نازانم ئەوە کێشەی ئێوەیە هەندێ دیمەن هەیە من لە سینەماوە بۆی دەڕوانم کە تۆ نمایشێك دەکەیت بەم فتیلانە کۆمەڵێ شت هەیە لەوانەیە وابزانی جەوەکە ئەپروکێ ئەگەر بێت و ڕوناکیەکی یارمەتیدەر هەبێت، کە ئێمە ئەڕۆینە سینەما هەندێ دیمەن ئەبینین، دیمەنەکە تاریکە لەبەر ئەوەی ڕوناکی شەو بەکار هێنراوە، کەهەندێ ڕوناکی هەیە مانای وانیە ڕوناك کردنەوەی هەموو جەوەکەیە، یانی ئەو جەوە زۆر ڕوناکە، من وانزیك ببومەوە واچاوم خستبووە سەری یانی لەم جەوانە گەورە بوومە وەکو ئەزموون وبینین، ئەمبینی کەچی ڕوو دەدات، ئەمە لەم ڕووەوە لەڕووی ئەوەی شانۆی ئێمە بناغە مێژوویەکەی نیە گروپە شانۆیەکانی ئێمە ئەو هەموو قۆناغە ئەبڕێت بەڕای من ئەمە ئاستێکی زۆر بەرزە کە گروپێك یا کەسێك کە پێی ئەگات، بەلام لەبەر ئەوەی لەوولاتەکەماندا ئەم شتە پێ بەپێ نەڕۆیشتۆتە پێشەوە، هەندێ کێشەش درووست دەکات بۆ بینەر و تێگەیشتن، جانازانم پێشتر دەق بدرێت بە بینەر یاوەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا تەنیا نوخبە بێت، وەك لە کۆڕەکە ئەسعەد ئاماژەی بۆ گرۆتۆفسکی کرد کە بینەرەکەی هەڵدەبژارد، ئەوەی بەدڵی نەبوایە پلیتی پێ نەدەفرۆشت، ئەگەر ئێوەش وابکەن، دەنا بەو شێوە گشتیە باوەڕناکەم، لەهەمان کاتدا بۆمن نمایشەکە بەڕاستی روحیەتی عالەمی زەردەشتیەتی تیابوو، لەهەمان کاتدا دەستکاری کردنەکەی نیهاد لەوەی ڕوناکی و جل و بەرگەکە ئەو فەزایەی کەوا لەکارەکە بوون ئەیگەڕاندینەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن، کە جیهانێکی زەردەشتیە کە روحی کرداری چاك و گفتاری چاك و ڕەفتاری چاك لێ سەندراوەتەوە، بەڵکو لەهەمان

کاتدا هەر چاویشیان دەرهێنراوە، یانی ئەو ئیحائاتانەی زۆر بە هێز بوو بۆ یەکێك کە شارەزایەکی مێژوویی لە مێژوو و فەلسەفە و بیری کۆنی خۆی هەبێت.

**فریاد ئەحمەد:** لەم نمایشەدا دیکۆر بوونی نەبوو، شوێن شوێنێکە بەهەموو ڕەهەندە مێژوویەکانی خۆی دەبێتەوە بە دیکۆر تاچەند ئەم کارە ئەزموونێکی سەرکەوتووە؟ ئایا ئیتر بۆ شانۆیەکی ئەزموونگەری دیکۆر پێویست نیە؟

**تارق ناسح:** من دیارە حەزناکەم موجامەلە بکەم شتێ هەیە ئەیڵێم وابزانم حەوت کاری تیپی ئەزموونگەریم دیووە، لەکۆی ئەم کارانە دوو کاری منی زۆر ڕاکێشاوە، یەکێکیان (هاملێتی کەرکوك) بووشتێکی زۆر جوان بوو، ئەویتریان (یادەوەری دەنگ) ئەمکارەی ئەمجارە (ئۆدیبی زەردەشت) یەکەم لەحزەم کەچوومە ژوورەوە جوانترین دیکۆر جوانترین شت بەلای منەوە ئەو شەبەکە لۆکانە بوو، لەوە جوانتر بەلای منەوە ئەزانی چیبوو سووتانی ئەو لۆکانە بوو کە کاتێ سووتا، ئەوە جوانترین لەحزەی ئەم شانۆگەریە بوو کەمن بینیم، لەدوای ئەوە دانیشتنی ئەکتەرێك لە ئەکتەرەکان (کاردۆ) لەگەڵ (دیدار مەجید) ئەوە ئەو تەقسەی لای من درووست کرد، بەڵام کە کاتێ دەنگ درووست بوو، من هەستەکەم گۆرا، گەڕامەوە بۆلای (یادەوەری دەنگ) هەستمکرد دیسان گەڕامەوە سەیری یادەوەری دەنگ دەکەمەوە، ئەتوانم بڵێم ئەو دەنگانە هەمان ئەو دەنگانە بوون کەوا لەوێ هەبوون، فریاد لە یادەوەری دەنگ خۆی تەمسیلی دەکرد، گوێم لە دەنگی یەك لە ئەکتەرەکان بوو وامزانی فریادە.. لە ڤۆڵدەرەکە ناوی فریاد نەبوو، نیهاد پێی ووتم فریادی تیا نەبوو، کەدەنگەکە درووست بوو ووتم ئەمە موفاجەئەیە فریاد هاتە ژوورەوە، عەینەن یادەوەری دەنگ بەهەمان تۆن بەهەمان هێن هاتە ژوورەوە، ئیقاع ئەو ئیقاعانەی کەوا کۆمەڵێك ئیقاع زرمە و لەزەویا بوو کە ئەکتەرەکان ئەیانکرد نەفسی ئەوە بوو کە شکۆ لە یادەوەری دەنگ دەیکرد.



**فریاد ئەحمەد:** ئەتوانین بڵێین بەکارهێنانەوەی دەنگ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەر نەهاتبوو لەگەڵ ئەزموونی پێشوو؟

**تارق ناسح:** نانا ناڵێم من هەستم ئەکرد ئەمە مەشهەدێك بوو لەدەنگەکەدا، بەڵام لە جەوی گشتیدا کەهاتمە ژوورەوە ناڵێم جوانترین لەحزە بەلای منەوە ئەو لۆکەیە بوو جوانتریش لای من سووتانی لۆکەکە، ئەوە جوانترین لەحزەبوو ئەتوانم بڵێم ئەمە گۆڕا، چونکە ئەگەر بمانەوێ و نەمانەوێ ستایلی شانۆگەریەکەی تر بەسەرمانەوە ئەمێنێ لەوەیتردا، خاڵێکیتر هەیە مەسەلەی ڕیتم مەسەلەی ئیقاع، ئێمە ئیقاع یانی ئیقاعی کەسێتیەکانمان عادەتەن لەهەموو شانۆگەریەکدا سەیر دەکەی زۆرجار ئیقاعت هەیە، تۆ لەوە گەڕێ هەندێجار ئیقاعەکە دمدمدمدم، بەڵام شانۆگەری خۆی ئیقاعێکی هەیە، سەیرەکەی ئەو ئیقاعە لەسەر ئیقاعێك دەڕوات، من لە شانۆگەریەکەی تردا هەمان ئیقاع، لەوەی هاملێتیشدا هەر نەفسی ئیقاع، ئەوە ویستم بە نیهاد بڵێم ئاگات لە ڕیتم بێت.. ئاگات لە ئیقاع بێت، بەیەك ئیقاع نەڕوات ئیشەکە، جەستە جولانەوەی ئەکتەرەکان هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکان تەمسیلی ئەکتەرەکان یەك ئیقاعە، لەو سێ شانۆگەریەدا، بەڵام ئەوەشتان لەبیرنەچێت من ئەڵێم لە (یادەوەری دەنگ) دا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ دەنگ، من یەکێ بووم ئەلەوانە نیە کەبتێك لەناو خەڵکی ئێمەدا بوونی هەیە لەڕێی یادەوەری دەنگەوە هەستم ئەکرد ئەو کەبتە دەرئەچێت.

**ئەسعەد عومەر:** من پرسیارێکم هەیە بەڕاستی، من (یادەوەری دەنگ) م نەبینیووە، حەز ئەکەم زیاتر ڕوون بێتەوە بۆئەوەی لەیەك حاڵ تێبگەم، ئەمویست یەك شت باس کەم مەسەلەی کاری پشکنینی جەستە یا پشکنینی دەنگ لە شانۆدا یا پشکنینی ئەتمۆسفێر، بۆ نمونە لەوانەیە ڕۆژێك تۆ بچیە سەر قەندیل ئەم شانۆگەریە پێشکەش بکەیت، ئەمە پرۆسەیەکە یەك ئەویتر تەواو ئەکات، یەك پرسیارێکم هەیە: لە (یادەوەری دەنگ) دا تەنها دەنگ زاڵ بوو؟ دەنگ و جەستە چۆن بەیەکەوە ئەڕۆیشت؟

**تارق ناسح:** شتێ جوان بوو

**ئەسعەد عومەر:** باشە بەڵام ئەمجارەیان ئایا ئاوێتەکردنی دەنگ لەگەڵ جەستەدا هەمان شت بوو.

**تارق ناسح:** هەمان شت بوو، بەڵام لەلایەنی شوێنەوە زۆر سەرکەوتوو بوو، قەت گلەیم نیە لەلایەنی شوێنەوە، لەلایەنی هەڵبژاردنی شوێنەوە بۆ شانۆگەریەکان زۆر سەرکەوتوو بووە، تەنها دوو شانۆگەری نەبێت من سەرکەوتوویم تیا نەبینی (خاچ) بوو لەگەڵ (سەگ و دەف) ئەوانەی دوایی لەهەڵبژاردنی شوێندا زۆر سەرکەوتوو بوو.

**فریاد ئەحمەد:** ئەگەر لە (ئۆدیبی زەردەشت) دەنگ دووبارە کردنەوەی (یادەوەری دەنگ) بێت، ئەگەر ئێمە لەسەر دەنگ قسە بکەین، چ گۆڕانێك چ جیاوازیەك چ گەڕان و پشکنینێك و دۆزینەوەیەك لە (ئۆدیبی زەردەشت) هەیە؟

**نیهاد جامی:** پێش هەموو شتێك دووسەرنجی گشتیم هەیە، ئەگەر (ئۆدیبی زەردەشت) وەك ئیشەکانی تر تێپەرییبوایە تووشی نائومێدیەکی گەورەی دەکردینەوە، بۆمن ناسین و بوونی ئەسعەد و قسەکردنی لە کۆرە ڕەخنەییەکە پێی ووتم ئەو ڕێگایەی من پێی تێدەپەڕم هەڵە نیە تەواوە، هەمیشەش ووتومە گەر شانۆ بۆ دووکەس بکەم باشترە لەوەی بۆ دووهەزار کەسی بکەم، چونکە دواجار تۆ دەتوانی بینەرەکانی خۆت بدۆزیتەوە، زۆرجار دەکرێ بینەرەکەی تۆ شانۆکار نەبێت، دەکرێ سینەماکارێك یان ڕەخنەگرێکی ئەدەبی بێت، دەکرێ بیرمەندێك بێ، خاڵی دووەم تایبەتە بەو سەرنجانەی مامۆستا تارق ووتی دیارە ئەو ڕۆژەش ئاماژەم بۆ شتێك کرد و ئێستاش دەیڵێمەوە بەبێ دیدێکی جیاواز بەبێ دەنگێکی جیاواز ئێمە ناتوانین قسە لە شانۆ بکەین، لەشانۆدا جوانیەکەی لەوەیە کەسمان لەوەیتر نەچین، بەدوای ئەوە ئینجا لەسەر قسەکانی دەڵێم ناکۆکیەك هەیە لەسەر ئاستی بینیندایە، یادەوەری دەنگ نەك مامۆستا تارق تەواوی شانۆکارانی کەرکوکی تووشی سەرسامی کرد لەبەر یەك هۆکاری سەرەکی بوو، دەنگ بوونی نەبوو یەکەمجار بوو بینەر دەنگی ئەبینی لەپاڵ جەستەدا دەربکەوێت، ئەوە بووە



هۆی ئەوەی ئەو بینەرە تووشی وروژاندنێکی گەورە بێت، ڕەنگە من نەتوانم لەهەر ئیشێکدا ئەو وروژاندنە گەورەیەت تیا درووست بکەم، ئەوە بەرەنجامی پانزە ساڵی ئیشکردن بوو، ئەوە دۆزینەوەیەکی مەزن بۆ شانۆی ئەزموونگەری کوردی، بەدوای ئەوە بڕوام بەشتێ نیە پێی بووترێ ئیقاع.. نازانم ئیقاع یانی چی؟ چونکە تۆ تێکستێکی نووسراوت نیە، تێکستێکی دەنگی نووسراویشت نیە، تۆچیت هەیە، لێرەوە دێمەوە سەر ئەو قسەیە من بەیانی حوسێن سیودین بێنمە ناو کارەکەمەوە وەك سینەماکارێك دەیهێنم، سیودین قەت ناتوانێ وەك فریاد دەنگ دەربڕێت، من زۆر پێچەوانەم لەم قسەیە لەگەڵتدا، قەت پێم وانیە دەنگێك ئەکتەرێك دەریدەخات هەمان ئەوە بێت کە یەکێکیتر دەری دەبڕێت، کاریگەری فریاد لە (یادەوەری دەنگ) دا لای من تێگەیشتنی تیۆریشی گۆڕیم، دوایی دێمە سەر ئەو خاڵەی.. ئێمە بۆ ئەڵێین جەستەی کولتوری و هاوڕێیانی لابۆری لالش بۆ دەڵێن جەستەی ئاهەنگساز، بەڵام فریاد ئەو قەناعەتەی لا درووست کردم کە جەستەی کولتوری جەستەیەکی ئاهەنگسازە، دیارە لەڕووی میتۆدی جەستەوە ئەو قسەیە تەواوە، بەڵام ئێمە بەبێ دەرەنجامی پشکنینەکانمان نەمان دەویست بە ئاسانی باوەڕ بەو تێگەیشتنە میتۆدیە بێنین، (یادەوەری دەنگ) لەدەرەنجامی پشکنینەکان فێری ئەوەی کردین دەکرێ جەستەی کولتوری جەستەیەکی ئاهەنگساز بێت، ئەوە تایبەت و تێگەیشتنی فریاد ڕەنگە لەکۆمەڵێك دەقدا باشتر بێت لەبەر ئەوەی خۆی ئارەزووی لە فەلسەفەی خۆرهەڵات هەیە، ڕەنگە ئەکتەرێکی تر ئەو تێگەیشتنەی ئەوی نەبێت کە ئەو تێگەیشتنەشی نەبێت یانی قەت دەنگ وەك ئەو نالێت، ئەوە قەت لاسایی کردنەوە نیە، چونکە ئێمە دەنگێك ناسەپێنین، خۆ ئەگەر ئێمە گۆرانی بێژێکمان لەگەڵ بێت پێی نالێین تۆ وەرە گۆرانیم بۆ بڵێ، چونکە ئەوە گۆرانی نیە لە بنەڕەتدا، ئەوە دەنگێکە گوزارشت لەناخی تۆ دەکات، بۆیە پێم وانیە دەنگی یەکێك لەوەیتر بچێت، تێبینیەکیتر لەسەر مەشقی قاچەکان دەلالەت جیاوازە، ئەوەی ئەسعەد ووتی ئایا دەنگ و جەستە بەیەکەوە

دێنەوە ئاوێتە ئەبنەوە ناو سیستمی نمایش، ئەگەر وابکەم من دەرهێنەرێکم هەموو دەرگاکان بەڕووی عەقڵی خۆم دادەخەم، بەڵام بڕوام وایە دەلالەتی جیاوازە، کە دەلالەت جیاواز بوو یانی مانا جیاوازە، کە مانا جیاواز بوو یانی تۆ گوتارێکی هاودژ جارێکیتر بنیات دەنێیتەوە، بۆیە پێویستە بپرسین جیاوازیەکان چیە؟ لە یادەوەری دەنگ دا ڕاهێنانی قاچەکان بۆ بەتاڵ بوونەوەی ناخە لەئەزموونی ژیانی خودی ئەکتەر، لێرە ڕاهێنانی قاچ بۆ بنیاتنانی سرووتە، ئەگەر بیرتان بێت هەرسێ ئەکتەرەکە بەدەوری کاردۆ دەسووڕانەوە، یەکەمجار شکۆ ووتی"موتی" لەفەرهەنگی هندیە سوورەکان ئەو دەنگە دەلالەتی (دایك) دەبەخشێت.

**ئەسعەد عومەر:** بۆ زانیاریت لە ئەڵمانیش یانی دایە.

**نیهاد جامی:** کە ووتی موتی، موتی ئەوەیە لەنێوان دەنگ و جەستە ئەلێرە یەکتری تەواو دەکەن، گوتارێك دائەمەزرێنن کە (یادەوەری دەنگ) بەهیچ شێوەیەك بەلایدا نەچووە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی لە (ئۆدیبی زەردەشت) لەڕێگەی دەنگ و قاچەوە سرووتی پاکبوونەوە دروستی ئەکات، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە جیاوازی جەوهەری هەیە لەنێوان ئەو دوو ئەزموونە، قاچ کە لە (یادەوەری دەنگ) دا دێتەوە بۆ بەتاڵ بوونەوەی جەستەیە، لەهەموو ئەزموونە کولتوریەکانی خۆی بۆ ناو ڕووبەرێکی شانۆیی، ئەلەوێ قاچ هێندەی وەزیفەی تەواوکردنی دەنگە، یانی ئەوە نیە کە جەستە قسە ئەکات دەنگ نابێت، کە دەنگ هاتە گۆ جەستە بوونی نامێنێت، نا لەوێدا هەردووکیان یەکتری تەواو دەکەن، هەردووکیان دەبنەوە پێکهاتەی گشتی، بەڵام سەرەنجام دەکرێ ئەو تێگەیشتنەی تارق دەیڵێت ئەو تێگەیشتنەش ڕەوایەتی خۆی وەربگرێت بۆ وەرگرێك، چونکە تۆ کە نمایشێکی کراوە پێشکەش دەکەیت، ئەوە ئەچێتە ئەوەی خوێندنەوەی جیاوازیشت هەبێت، ئەبێت هەمیشە ئەو خوێندنەوە جیاوازانەشمان قەبووڵ بێت، تێبینیەکیتر ئەوەیە لە کۆڕەکە سیروان ووتی لەم شانۆگەریە ڕەنگە لەسەدا دەی تێگەیشتبم، ئێمە چەند کەسی وامان هەیە هەق بەخۆی بدات و ئەو جورئەتەی



هەبێت بڵێ لەسەدا نەوەتی ئەم شانۆگەریە تێنەگەیشتووم، ئەوەش پرسیارێکە بەڕاستی پێویستی بەوورووژاندنە.

**فریاد ئەحمەد:** تیپی شانۆی ئەزموونگەری چەند چەمکێکیان فڕێداوەتە نێوەندی شانۆوە لەوانە (جەستەی کولتوری، داڕشتنەوەی پانتایی، یادەوەری لەیادکراو) بۆچی تائێستا شانۆکارێك نیە پرسیاری دەرهەق بەو چەمکانە هەبێت؟ بۆ لەلای شانۆکار نەبۆتە پرسیار کە لەجێگەی ئەکتەر جەستەی کولتوری و لەجێگەی دەرهێنەر داڕشتنەوەی پانتایی، یا چەمکی یادەوەری لەیادکراو؟

**سیروان بێلانە:** پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە بەشێوەیەکی گشتی دەمەوێ لەسەر وەڵامەکانی ئەو بەڕێزانە بوەستم، سەرەتا لەسەر قسەکانی نیهاد دەست پێدەکەم، ئێمە کەباس لە ئەزموونگەری بکەین، دەبێ باس لە دوو قۆناغی بکەین، (ئەزموونگەری تاوەکو تازەگەری) وە (ئەزموونگەری پاش تازەگەری)، چونکە ئەزموونگەری پێش تازەگەری کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەبوو، ئەسعەدیش پێم وابێ ئەزموونگەری گەڕاندەوە بۆ برێخت، بەڵام پێم وابێ زۆر پێش برێخت ئەزموونگەری بەشێوەیەکی زانستی ئیش کراوە، (سایس مانگن) کە دادوەرێکی موقاتەعەیەکی ئەڵمانیە لە ١٨٢٧ شانۆکارە و کۆمەڵێك ئیشی ئەزموونگەری دەکات، یانی سەرەتا لەپێش برێختیشەوە کاری ئەزموونگەری هەبووە، بەڵام دیارە ئەو ئەزموونگەریەی برێخت کردوویەتی جیاواز بووە، بێینە سەر قسەکانی تارق دوو سەرنجی ووت لەسەر (ئۆدیبی زەردەشت) من زۆرجیاوازیم هەیە لەگەڵ مامۆستا تارق دا ئەوەی سەرکەوتوو نەبێت لەم دووکارەی نیهاد دا شوێن بوو، شوێن هیچ لە خزمەتی ئیشەکە نەبوو، سەبارەت بە ئیشەکانی تری قسەی لەسەر کراوە نامەوێ بگەڕێمەوە سەری، لە (ئۆدیبی زەردەشت) شوێن یەکێك بوو لەوانەی کە کاریگەریەکی زۆر نێگەتیڤی هەبوو بەسەر ئەکتەردا، من بۆخۆم بوومە بەشێك لەناو ئەم شانۆگەریە، وەك بینەر بوومە بەشێك لەناو ئەم شانۆگەریە، بێئەوەی بزانم دەرهێنەر داینا‌وە من ببم بە

بەشێك یاخود ڕاستەوخۆ بوومە بەشێك تیایدا، ئەكتەر جولانەوەی سنووردار بوو، ڕەنگە لەكاتی پرۆڤەدا زۆر سەربەست بووبێت لە جولانەوەدا، بەلاّم من سنووردارم كرد لە جولانەوەكەدا، من كە سنوورێكم دانا لەپێشی ڕاوەستام، كاروخ دارێكی بەدەستەوە بوو، لەپرۆڤەدا دەستی درێژ كردووە بەلاّم لەوێدا ناچاربوو دەستی ئاوا ڕابگرێت لەبەر ئەوەی من پێشیم گرتووە، پێم وابێ ئەمە بۆ شوێن دەگەڕێتەوە، من لە (یادەوەری دەنگ) یش ئەو سەرنجەم بۆ درووست بوو، شوێنەكە شوێنێكی وابووایە كراوە بووایە، ئەو دینگانە نەبوایە، بینەر بەدەورو پشت سووڕی بخواردایەوە، هەموو دیمەنەكان ببینێت، چونكە تۆ كاتێ بەمن ئەلێیت بینەر بگەڕێت بەدوای ئەكتەردا ڕاستە هەقی خۆتە من دەبێ بگەڕێم، بەلاّم كەمن دێم دینگەیەك پێشمی گرتووە لەودیویشەوە دیوارێكیتر پێشمی گرتووە من لێم ئەڕوا، ڕەنگە من لەم شانۆگەریە كۆمەڵێك دیمەنم لەم شانۆگەریە لەدەست بڕوات نەیبینم دوایی نەتوانم قسەی لەسەر بكەم، بەلاّم لەكارەكانیتردا نا لەبەرئەوەی پانتایی كراوە بوو مەجالێكی باش هەبوو، بەلاّم من بە بۆچوونی خۆم شوێن لە خزمەتی ئەم ئیشانە نەبوو، سەبارە بەو چەمكانەش فریاد كە لەپرسیارەكەدا دەرتبڕی، ئەگەر بمبوورن ڕەنگە من زۆرجار قسە بكەم و شانۆكارانی كەركوك تووڕە ئەبن لێم، لەسەدا نەوەت و پێنجی وەللاّ ئەگەر بڵێم نەوەت و نۆشی ڕەنگە موبالەغە نەبێت هێشتا مانای ئەو چەمكانە هەر نازانن.

**فریاد ئەحمەد:** بۆ نەبۆتە جێی پرسیار؟

**سیروان بێلانە:** لەبەر ئەوەی ئەسڵەن ماناكەی نازانن ئیدی پرسیاری چیبكەن، تۆ وەرە برۆ ڕاپرسیەك بكە لەناو شانۆكارانی كەركوكدا ئەگەر لەسەدا نەوەت و پێنجی زانی جەستەی كولتوری یانی چی، وەرە بڵێ بۆ پرسیاری نەكردووە، من پێت ئەڵێم جارێ واتاكەی نازانێ چیە، بەداخەوە شانۆكارانی ئێمە ئەوەنە كەمبایەخن بە ڕۆشنبیری خۆیان، هەوڵ نادەن و خۆیان ماندوو ناكەن، بەس ئەوەنەی پێی ئەوترێ شانۆكار ڕائەوەستێ لە ئیشێكی ئاوادا كەمێك فەلسەفە ئەكات، فەلسەفە كردنیش ڕەنگە زۆرجار بە



قسەكردنیش نەبێت بە جولانەوەش فەلسەفە بكرێت، دێ ڕائەوەستێ دەستی كردۆتە گیرفانی بە لالوتێكەوە قسە ئەكات سەیرێكی ئیشەكە ئەكات و دەرچووە دەرەوە ڕۆیشت نایێ بڵێ كاكە برا ئەمە چەند ئیشە، هەرچەندە بۆ ئەمانەت كۆسرەت عەبدولرەحمان چەند جارێك لە پۆستەرەكانیدا هەندێك چەمكی بەكار هێناوە، بینیومە نووسیویەتی (پانتایی كراوە) (ڕاهێنەری كولتوری) شتێكی ئاوا وەك خۆی بیرم نیە، بەلاّم لە پۆستەر و ڤۆڵدەرەكان بینیوومە، شانۆكارەكان دێن پۆستەرێكی ئەدەیتێ دێت سەیری دەكات نووسراوە (جەستەی كولتوری) وەك تۆ ووتت پرسیارێ ناكات، پرسیارێ لەخۆی ناكات، بەرلەوەی پرسیار لە تیپی ئەزموونگەری بكات پرسیارێك لەخۆی بكات: ئەمە بۆچیە؟ تائێستا ئێمە وتوومانە نواندن.. ئەكتەرەكان.. دەرهێنان، بۆ ئەمانە گۆڕاون.. ئەمە چیە ئەمە؟ ئەگەر زاراوەیەكی تازەیە بامن بیزانم.. بابڕۆم پرسیارێك بكەم؟ ئەگەر بۆ خۆدەرخستنە ئەگەر بۆئەوەیە بڵێم من زاراوەی تازەم پێیە بابیزانم، ئەگەر زاراوەیەكی زانستیشە لەپاش تازەگەری بەكاردێت، بەلاّم بەداخەوە شانۆكارانی ئێمە وەكو ووتم من ناتوانم بە ڕەها قسە بكەم بڵێم لەسەدا سەد، بەلاّم لەسەدا نەوەت و پێنج نەوەت و نۆ هەربای ئەوەنەی تێ ئەمێنێ بەوەی ڕەها نەبم زوڵم لە چەند كەسێك نەكەم لەشانۆكاران ڕەنگە بای خۆیان بزانن، ئەگەر پرسیاریشیان نەكردبێت ئەوانەش ڕەنگە باگراوندێكیان هەبووبێت لەسەر ئەو چەمكانە.

**تارق ناسح:** ئەزانی چی پێویست بەوە ناكات سیروان، ئێمە دانیشتووینە قسە لەسەر ئەو ئیشە ئەكەین.

**حوسێن سیودین:** ئەو تێبینیانە زۆر جوان بوو بۆ زاراوە و موفرەداتی كارەكە.

**نیهاد جامی:** لەسەر ئەوەی سیروان دەیلێت، جارێ لەسەر ئەو چەمكانەی فریاد ووروژاندی، دیارە هەر هاوڕێیەك پێشی ئێمە ئەو چەمكانەیان بەكار هێناوە، كە دەكرێ زۆر چەمكی تریشیان بەكار هێنابێت، بەلاّم جیاوازی بەكارهێنانی ئێمە لەم چەمكانە لەگەڵ هەر شانۆكارێكیتر چیە؟ خاڵی

جەوهەری ئێمە لەم جیاوازیەدایە، ئێمە تیۆریزەیەکی ئەو پڕۆژەیەمان هەیە بەناوی (سۆسیۆلۆژیای شانۆ) لەوێدا پرسیاری ئەوە دەکەین: کە بۆ دەڵێین جەستەی کولتوری؟ بۆ دەڵێین داڕشتنەوەی پاتنتایی؟ دەڵێین چەمکی دەرهێنان بوونی نیە، نەك لەبەر ئەوەی ئێمە دەرهێنەر ڕەتدەکەینەوە، لەبەرئەوەی ئێمە دەقێکمان نیە تا دەریبهێنین لە شانۆدا، وەزیفەی داڕشتنەوەی پانتایی کە هەمیشە من بەم کارە هەڵدەستم، وەزیفەی خوڵقاندنەوەی بۆشاییە، دەلالەت بەخشینە لە پەیوەندی نێوان جەستە و بۆشایی و ماتریال، مەبەستمان ئەوەیە ئەو چەمکانە تەنیا لەسەر ئاستی ناونان نیە، بەڵکو وەك چەمکی ئامادەکردنی نمایشە، ئەوە میکانیزمێکە بۆ پڕۆسەی ئەزموونگەری لە شانۆدا، یانی ئێمە تێگەیشتنێکی تیۆریمان بۆی هەیە، سەرنجێکیتر لەسەر شوێن، من وەك ئێوە سەیری شوێن ناکەم کە سەرکەوتووە یان سەرکەوتوو نیە، ئاوا سەیری ئەکەم، دەچینە ئەو شوێنە ئەزموونێك ئەنجام دەدەین، ئەگەر هاتوو نمایشەکە قبووڵ کراو بوو، کەواتە شوێنەکە سەرکەوتوو بووە لە هەڵبژاردنەوە، ئەگەر بێت و جیاوازی شوێن دەست نیشان بکەین لەهەردوو ئەزموونی (یادەوەری دەنگ) و(ئۆدیبی زەردەشت) هەردوو بیناسازی هۆڵەکە وەکو یەك بوون، ئەوە نەبێت لەئیشی دواتر هۆڵەکە لەوەی پێشوو فراوانتر بوو، ئەوەش کاری جەستە و داڕشتنەوەی زەحمەتتر کرد، ئێمە لە شوێندا جیاوازیمان لەچیکرد؟ کە تائێستا گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، ئەگەر خۆم نەیرووژێنم قەت گفتوگۆشی لەبارەوە ناکرێت، شوێن لە (یادەوەری دەنگ) بریتی بوو لە تەواوی هۆڵەکە، یانی ئەکتەر دەچووە شوێنی بینەر، بینەریش دەیتوانی بچێتە شوێنی ئەکتەر، بەڵام شوێن لە (ئۆدیبی زەردەشت) دا وانەبوو، ئەکتەر هێڵێکی بۆدەست نیشان کرابوو نابێت لەو هێڵە تێپەڕێت، بەڵام بینەر بۆی هەیە سنوری خۆی ببەزێنێ و بچێتە شوێنی ئەکتەرەوە.

**ئەسعەد عومەر:** هەربۆیە تۆڕەکەشیان سووتاند.

**نیهاد جامی:** بەڵێ ئەوە چوونە ژوورەوە و دەروازەکردن بوو بۆبینەر.



**سیروان بێلانە:** من ئەکتەرم بینی لەدەرەوە هاتە ژوورەوە.

**تارق ناسح:** نانا نەهاتە ژوورەوە.

**حوسێن سیودین:** نا ئەکتەرەکان هەر لە ژوورەوە بوون.

**نیهاد جامی:** ببورە سیروان شتی وا نەبووە، ئەو دیوارەی کەسووتێنرا ئەوە دواین سنوری ئەکتەر بوو.

**سیروان بێلانە:** من تا ئەو لەحزەیەش وامزانیوە ئەکتەر لەدەرەوە هاتۆتە ژوورەوە.

**نیهاد جامی:** نانا ببورە شتی وانەبووە.

فریاد ئەحمەد: چۆن سەیری دەنگ دەکەیت لەم نمایشەدا؟ ئایا لەبەکارهێنانی دەنگ لێکچوونێك یان نزیکیەك دەبینی لەنێوان ئەو ئەزموونە و ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش؟

**ئەسعەد عومەر:** پرسیارێکی قوڕسە لەبەر ئەوەی من کارەکانی لابۆری لالشم نەبینیووە، بەڵکو تەنیا لەسەریانم خوێندۆتەوە، بۆیە ناتوانم بەراووردیان بکەم، بەڵام کاری تری لەم جۆرەم بینیووە، دەنگیش بۆمن تێگەیشتن نیە بەقەد ئەوەی ئەو دەنگە چەنێك هەست بەو دەنگە بکەم، چەنێك ئەو دەنگە دەبینم، چەنێك ئەو دەنگە دەبێت بە کۆمەڵێك ڕەنگ یان ڕەنگی جیاواز، ئەلێرەیە مەسەلەکە.. مەسەلەکە لەوە نیە دەنگەکان دەنگن ئیتر، بەڵام دەنگ چۆن ئەتوانیت بیبینیت، کەئەڵێین بیبینیت یانی هەستی پێبکەیت، ئەو دەنگە چ ڕەنگێکت لا درووست ئەکات، من ئەوها زۆرجار مامەلە لەگەڵ دەنگدا دەکەم، چەند هارمۆنی درووست ئەکات، لەبونیادی سەرجەمی کارەکەدا لەگەڵ جەستە و لەگەڵ دەوروبەر، گرۆتۆفسکیش زۆر ئەو چرایانەی لەکاتی خۆی بەکار هێناوە، ئەویشیان زیاتر بە خوێندنەوە ئاگاداریم، (کوردۆ گەلاڵی) کاتی خۆی هاتووچۆی پۆلۆنیای کردووە بۆ بینینی کارەکانی گرۆتۆفسکی، من لەسەرجەمی ئەوکارەدا هەستم بە هارمۆنیەك کرد لە دەنگ و جەستە و جولانەوە، بەڵام وەك لە کۆڕەکەش ووتم داخێکی گران کە ڕووناکیەکە کەمێك زیاتر بووایە من زیاتر شتەکانم وەردەگرت، بەڵام دەنگەکان دووبارە

بوونەوەی تیا بوو دووبارە بوونەوەی بە ئەنقەست، ئەوە بۆچیە هەندێ جار شت دووبارە دەکەیتەوە بۆ ئەوەی ئەوە بگات.

**حوسێن سیودین:** لەسەرەتاوە باسی ئەوەم کرد کە نمایشی لەمجۆرەم بینیووە، یەکێ لەوانە گروپێك هەیە لە ئەمستردام، ئەو ماڵەی بەتاڵ بێت داگیری دەکەن و چالاکی هونەری تیا ئەنجام دەدەن، ئەوان بەهۆی ئەوەی دەرەنجامی ئەو کۆمەڵگا سەرمایەداریەن، لەهونەر و لەهەستانی هەموو شتێکیاندا بەرجەستە کراون کاتێ کاری لەمجۆرە دەکەن، یەکێ لەوکارانەی تائێستا سەرنجی ڕاکێشاوم و لە مێشکمدا ماوە، بەتایبەت ئێمە باسی برێخت ئەکەین لەڕووی لابردنی دیواری چوارەم، لە (ئۆدیبی زەردەشت) سووتاندنی ئەو پەردەیە لەڕاستیدا لای من ئیماژێکی زۆر جوان بوو، بەڵام هەر بەومانایە نا کە بینەر تێکەڵی شانۆ بێت، ئەبوایە لەدەرگای یەکەم کە شتێك دەست پێ دەکات، ئەم گروپە تەماشاکەرە کە دەرگای یەکەم پەردەکە سووتێنرا، کەبەڕاستی چووینە ناو بابەتەکەوە لەو سێگۆشەیەوە من لە قووڵایدا نەمدەتوانی ببیبینم، چونکە کۆمەڵێك خەڵك لەوێ بوون، یانی شوێنەکە بەشێوەیەکی وا دابەش نەکرابوو، کە بینەرەکە بتوانێ بەدوای ڕووداو ئەوەیتر ببینێت، یانی ئێمە لەگەڵ سووتانی چووینە ناو بابەتەکەوە دوای ئەوە نەمانتوانی بڕۆین، وابزانم ئەوەش مەبەستێکە کەبتوانین بڕۆین.

**تارق ناسح:** وەڵامی شتێکم نەدایەوە، بەکارهێنانی ئەو شوێنە مێژوویانە کە نیهاد بەکاری ئەهێنێت، دەڵێت من دیکۆر بەکار ناهێنم، بەڵام ئەو بەکارهێنانە گەورەترین دیکۆرە کە بەکاری ئەهێنیت، بەلامەوە ئەو شوێنە چۆلە کە کەسی تیا ناژی ئەو دێت زیندووی دەکاتەوە، زیندووکردنەوەی ئەو شوێنانە شتێکی زۆر گرنگە، کەئەو ئەزموونانەی تیا ئەنجام دەدات، ئەوە شتێکی زۆرجوانە، ئەوە گەورەترین دیکۆرە بەلای منەوە.

**سیروان بێلانە:** لەسەر قسەکانی ئەسعەد کە باس لە دووبارە بوونەوەی دەنگ دەکەین، کەباس دەکرێ مەبەست لەیەك بەرهەم نیە، لەبەرهەمێکدا زۆر واردە کەتۆ دووبارە بوونەوەت هەبێت، بەڵام کاتێ باس لە جیاوازی ئیشێك لەگەڵ



ئیشی ڕابردوو دەکەیت، شوین خزمەتی ئەکتەر و دەرهێنەری کردووە کەئەیبەستیتەوە بە بینەرەوە لەوەوە ئەڵێم خزمەتی نەکردووە، دەنا خزمەتی ئەکتەر و دەرهێنەری کردووە، کە ئەڵێم سەرکەوتوو نەبووە بەهۆی ئەوەی دوایی بینەریش دەبێتە بەشێك لە نمایشەکە.

فریاد ئەحمەد: دەنگ و جەستە هەریەکە خۆی دەنووسێتەوە لەپێناو بونیادنانی گوتارێکی سیمیۆلۆژی لە (ئۆدیبی زەردەشت) دا، ئایا ئەو دوانە توانیان گوتارێکی سیمیۆلۆژی بنیات بنێن؟

**تارق ناسح:** بەبۆچوونی من شتێکی زۆرجوان بوو، پێتانم ووت کە جوانترین لەحزە بەلای منەوە کە لە (یادەوەری دەنگ) دا، ئەو دەنگانەی بەکارهێنا لەگەڵ جەستەکاندا شتێکی زۆرجوان بوو زۆر کاریگەری تێکردم، لەبەر ئەوەی پێش ئەوە من شەش حەوت کاری تریم دیووە دەنگی ئەمجارە دەنگ بەکارهێنرا لەگەڵ جەستەدا بەشێوەیەکی زۆر ووردبین و زۆر جوان، ئەوە زۆر سەرکەوتوو بوو.

**فریاد ئەحمەد:** من مەبەستم لە بونیادنانە مامۆستا، کە ئایا دەنگ و جەستە توانیان گوتارێکی سیمیۆلۆژی بنیات بنێن؟

**تارق ناسح:** بەڵێ

**فریاد ئەحمەد:** چۆن؟ ئەگەر بۆمانی دەست نیشان بکەیت؟

**تارق ناسح:** توانی لە خزمەت ئەو فکرەیەی نیهاد بێت، لەڕاستیەکەیدا من (یادەوەری دەنگ) جێگای سەرنجی من بووە، بۆیە هەمیشە قسەکانم لەسەر ئەو ئەزموونەیە، بەڵام لەم ئیشەدا وەك ووتم زیاتر ئەو پەردانە.. سووتانی پەردە لۆکەکان ئەوانە سەرنجمی ڕاکێشا.

**فریاد ئەحمەد:** ئێوە هەوڵتان بۆ بنیاتنانی ئەو گوتارە سیمیۆلۆژیەدا لەڕێگەی جەستە و دەنگەوە تاچەند سەرکەوتوو بوون؟

**نیهاد جامی:** تۆسەیرکە ئامادەبوونی گوتاری سیمیۆلۆژی لەئەزموونێکی وادا پەیوەستە بە ئاگاییەکی ڕەخنەیی قووڵی بینەرەوە، بوونی گوتاری سیمیۆلۆژی لەمانا فەلسەفیە زانستیەکەی تەنیا بریتی نیە لەو ئامادەیەی

لەڕێی کۆدی ئەکتەرەوە ئاراستەی وەرگر دەکرێت، گوتاری سیمیۆلۆژی لەڕێی دەنگەوە لێمان دەپرسێت: ئایا دەنگ ئەتوانێت بونیادێکی کەرنەڤاڵی دابمەزرێنێت؟ ئەگەر توانای ئەوەی هەبوو ئەوساتە دەبێ ئاماژەکان جیا بکەیتەوە، بۆ بنیاتنانی گوتاری سیمیۆلۆژی دەبێ تۆ دوو جۆر ئاماژەت هەبێت، ئامای دەنگی چیە؟ ئاماژەی جەستەیی چیە؟ بەڕاستی ئەو پرسیارەی تۆ دەیکەیت لەگەڵ خۆشەویستیم بۆ مامۆستا تارق، بەلاّم پرسیارێك نیە ئاوا بە هەرەمەکی وەلاّمی بدەینەوە، چونکە پرسیارێکە دەکرێ توێژینەوەی تیۆری لەبارەوە بنووسرێت، بۆمن دەبێ زۆر بە قووڵی قسە لەسەر ئەوە بکەم، ماتریالە دەنگیەکانی ئێمە بریتین لە چی؟ ئاهورا ئاماژەیەکی دەنگیە، ئایا گوتاری سیمیۆلۆژی بەتەنیا بەرهەم دێنێت بۆ نزا و پاڕانەوە، یا ئەتوانێت جارێکیتر هەموو بونیادە دەلالیەکانی تێکبشکێنێت بۆ ڕوناکی بەکاری بهێنێت، چونکە ئەگەر پەتاکە لە ئۆدیبی سۆفۆکلیس بریتی بێت لەوەی تاعونێك بەرپا بووە، بەلاّم دەنگی ئاهورا لەلای ئێمە توانای گۆڕینی پەتاکەی هەیە بەوەی هەرکەسێك بەردەبێتەوە کوێر دەبێت، لێرەدا دەنگی ئاهورا دەلالەتە بۆ ڕوناکی چاو.. ئاهورا بۆ من دیدگایە، ئەوەش تێکشکاندنی ماناکانی یەکەمە بۆ ئاماژە بۆ ئەوەی مانای دووەم لە ئاماژە درووست بکات کە دیدگای بینینە، لەپاڵ ئەوەدا ئێمە ئاماژەی جەستەیمان هەیە، بردنی دیدار لەلایان کارگەرەوە لەشێوەی مرۆڤی سەرەتایی، لەوێ قۆناغێکت هەیە پێی دەڵێت ئیباحەی سێکسی، لێرەدا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ قسەکەی (کیر ئیلام) کە دەڵێت "هەرشتێك لەسەر شانۆیە ئاماژەیە" کەتۆ هاتی لە میتۆدی سیمیۆلۆژیەوە لەسەر نمایش قسەت کرد، ئەبێ بەپێی ئاماژەکان نمایش بخوێنیتەوە، چونکە لەو وێنەیەدا دەرخستنی دوو قۆناغی مرۆیمان هەیە، شکۆش دێت دەیەوێ سێکسی لەگەڵ بکات، بەلاّم قۆناغی دووەم بەپێی بۆچوونی ئەنترۆپۆلۆژیستەکان قۆناغی دایکسالاریە، ئەوسا دیدار لەم قۆناغە هەردوو مرۆڤەکە بەفەرمانی خۆی دایان دەنیشێنێتەوە، لێرە ئامادەبوونی گوتاری سیمیۆلۆژی چیە؟ گوتاری سیمیۆلۆژی پێمان



دەڵێت گرێی ئۆدیب کوشتنی باوك و سێکسکردن لەگەڵ دایك لە ئۆدیبەوە دەست پێناکات، دەڵێ لەگەڵ مرۆڤی شامپازی و نیاندرتاڵ دەست پێدەکات، بیرت بێت کاتێ کاردۆ دوور خرایەوە لەسەر کورسیەکە ئەداکە گۆڕا، بەلاّم لەبنەڕەتدا بانگ بوو (اللە اکبر) بوو، گوتاری سیمیۆلۆژی لێرەدا کۆمەڵێك دەلالەتمان پێ دەڵێت، ئەوە وەزیفەی سیمیۆلۆژیایە لە شانۆدا، کە کۆمەڵێك دەلالەتی جیاوازمان پێ بڵێت، ئەو دەلالەتە جیاوازانە چیە؟ تێگەیشتنت لە شامپازیەوە بۆ دەنگی ئەللاّهو ئەکبەر دەبێ تێگەیشتنێکی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوریی بێت، بەلاّم لەگەڵ سیمیۆلۆژیای نمایشدا بخوێنرێتەوە، دیارە ئێمە لەدوای هەموو نمایشەکاندا قوربانی چەند دەستەواژەیەکی وەکو "ئەم نمایشە زۆر خراپ بوو" یا "ئەم نمایشە زۆر جوان بوو" بۆ ئەوەی ستایش و سەرزەنشت کردن بکەینە دەرەوە لەنمایش، دەبێ ڕەخنەی جدیمان هەبێت، تاڕادەی ئەوەی گەر ڕەخنەکانمان بووە هۆی بریندارکردنی یەکتریش، بەلاّم خۆ ئێمە دووژمنی یەکتری نین، ئێمە هاتووین قسە لەسەر شانۆ دەکەین، با ئاماژە بە خاڵێکی تریش بکەین باسی ستایل کرا، کە ئەو ستایلە و ستایلی (یادەوەری دەنگ)، حەزئەکەم ئەوە بۆ هەموو لایەك ڕوون بێت ئەوە ستایل نیە، ڕەنگە گەنجێکی سەرەتایی شانۆ بتوانێ بینەر ڕازی بکات بڵێت ئەوە ستایلی منە لە شانۆدا، بەلاّم ئەوەی ئەمڕۆ تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك دەیکات ستایل نیە، نە ستایلی تیپەکەیە نە ستایلی نیهاد جامیە، بەڵکو ئەوە گەڕان و پشکنینە لەپێناو دۆزینەوەدا، لەهەر شوێنێك هەست بە دۆزینەوە بکەین، دەبێ بەجێی بێلین سەرلەنوێ بەدوای نهێنی کەشفنەکراو و نەزانراو هەنگاو بنێین.

**تارق ناسح:** ئێمە ئێستا هەموو شتە جوانەکانمان خستە ڕوو ناشیرینەکانیشمان ووت، حەزئەکەم هەموو نمایشێکی شانۆیی کە ئەکرێ ئاوا بەو شێوەیە قسەی لەبارەوە بکرێت، وەك نیهاد ووتی هەموو بینەرێك دیدی خۆی هەیە.

**حوسێن سیودین:** ئێستا ئێمە کە بناغە و مێژووی شانۆی ئەزموونگەری باس دەکەین، بەڵام ئێمە کاتێ ئەچین بۆ شانۆ ئەو تیۆرانە بە ئێمە ناڵێت، شانۆکە خۆی دەبێ بەرجەستەی ئەو تیۆرە بکات، لەوەدا دەنگ لە شانۆگەری (ئۆدیبی زەردەشت) دا وا هەست ناکەم ئەوە زۆر بەجەستە بووبێت، ئایا ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ناهۆشیاری بینەر؟ بەڕای من ئەمە ڕاست نیە بینەر هەرچەندە ناشارەزا بێت، بەڵام وەستایەکی باش بێت هەر ئەبێ ئەو پەیامە بگەیەنێت، جا لەوەدا من ئێستا لەتیۆریەکەی باشتر لە نیهاد تێدەگەم.

**فریاد ئەحمەد:** من ئێستا ئەو پرسیارە دائەڕێژمەوە و ئاراستەی نیهاد جامی دەکەم: نەگەیشتنی هەندێك لەو چەمکە دەنگیانە بە بینەر لای تۆ وەك دەرهێنەر نەشارەزایی و نائاگایی بینەرە، یان لای ئێوە تێکشکاندنی ووشە مەبەستە؟

**نیهاد جامی:** خۆی یەکێك لە جوانیەکانی ئەو ئیشانە ئەوەیە کە یەکجۆر تێگەیشتن لای بینەر دروست نەبێت، دوای ئەوە دەبێ ئەوە بزانین ئێمە ووشە مان نیە، ئێمە وێنەی دەنگیمان هەیە، لەمیتۆدی سیمیۆلۆژیدا ئەگەر سەیر بکەیت کاتێ دەڵێیت شەراب، لەهزری تۆدا وێنەی شەرابت هەیە، بەڵام کاتێ دەنگێك لای ئێمە دەبیستی، ئەو دەنگە لە بنەڕەتدا وێنەیەکی ڕەها و کۆنکرێتی نیە، بەڵکو وێنەی دەنگی هەیە، ئەوەش پەیوەندی بە زانستی دەنگناسیەوە هەیە، تا ئێستا لە ڕۆشنبیری شانۆیی ئێمەدا نووسینێکمان نیە لەسەر دەنگ لە شانۆدا، تەنانەت لە ڕۆشنبیری عەرەبیشدا نووسینێکی جدی نیە، ئەوەی هەیە پەیوەستە بە ڕاهێنانی ئەکتەر ڕاهێنانی دەنگە، پڕۆسەی ئامادە بوونی دەنگ نیە لە شانۆدا، پێویستە ئەوانە جیا بکرێنەوە، بەڵام لەسەر ئەو قسانەی سیودین و سەرنجەکانی کاتێ ئێمە باس لەگوتاری سیمیۆلۆژی دەنگ بکەین هەموو ئەو سەرنجانە تێکدەشکێن، چونکە ئەوە هێندەی پێویستی بە توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی هەیە کە لەو نێوەندە شانۆییەی ئێمە ئەو گوتارە نا ئامادەیە، ئێمە خۆمان داوا لە شانۆکارەکان دەکەین کەبێن چی تێڕوانین و ڕەخنەیان هەیە لەسەر کارەکانمان بینووسن



تاوەکو خۆی لە شانۆکار بڵاو بێتەوە، دیارە لە ژمارەی پێشووی گۆڤارەکەشمان کارێکی لەو شێوەیەمان کردوو مەلەفێکی تایبەتمان بۆ تەرخان کرد.

**سیروان بێلانە:** من سەرنجم لەسەر قسەکانی تارق و نیهاد هەیە، تارق دەڵێت قسەمەکە بەشانۆکارانی ئێرە، نیهاد لەدوای هەموو ئیشەکانی کۆڕی ڕەخنەیی کردووە، من هەمیشە پێم ووتوە کۆڕ مەکە ڕەنگە لە مێزگردێکی ئاوادا سوودی لەوە زیاترە کە کۆڕ بگیرێت، چونکە ئەوانەی قسە دەکەن لە کۆڕەکان سێ چوار کەسن، ئەو سێ چوار کەسە بێنە ئێرە لە مێزگردا قسە بکەن خزمەتی زیاترە لەو کۆڕانە، ڕەنگە لەوێ کەسێکی وەك من تەنیا بۆخۆدەرخستن هەڵبستێت قسە بکات، من وەك وەرگرێك ڕەنگە زۆر شتم لە (ئۆدیبی زەردەشت) بەسەردا تێپەڕیبێت، ئەوەندە تاریك بوو هەستم نەکرد دیمەنێك هەبووە ئیباحەی سێکسی بووە، لەبەر ئەوەی تاریکیەکە وای لێکردم کۆمەڵێ شتم بەسەردا تێپەڕێت.

**ئەسعەد عومەر:** من نزیك بووم لەوەی ئەوەی باسی کرا بۆیە بینیم.

**نیهاد جامی:** ببورە سیروان ئەوەی تۆ دەیڵێیت و ئەوەی مامۆستا ئەسعەدیش دەیڵێت، تاریك بوونی هۆڵەکە ڕەنگە بۆ فیگورەکە کاریگەری هەبووبێت، بەڵام بۆ تەواوی کردە شانۆیەکە باوەڕ ناکەم کاریگەری هەبووبێت.

**ئەسعەد عومەر:** وایە، دواتر لەسەر دەنگ گرنگە چۆن دەلالەتێك بدات بەو دەنگە وەچۆن بونیاتی بکات ئەو دەنگە؟ بۆنمونە لە چین بۆ هەر شتێك وێنەیەك هەیە، چینیەك کە ئەو وێنەیە دەبینێت دەنگێك دەردەبڕێت، وەك چۆن ئێستا نیهاد ووتی کاتێ دەڵێین شەراب وێنەیەك دەبینین، کاتێ دەنگێکیش وێنەی نەبوو تۆ هەڵدەستی وێنەی بۆ دروست دەکەیت، تێکشکاندنی ئەللاهو ئەکبەرەکە کە باسی کرد بۆ ئەوەیە وێنەیەکی تری بداتێ، من لەم نمایشەدا زۆر هەستم بە ئاهورا کرد، کەتۆ دەتەوێ تێکیبشکێنی و ناتەوێ جارێکیتر تەقدیسی بکەیتەوە، من لەو فلمە دیکۆمێنتیەی کردوومە ئیستا هەمان ئەللاهو ئەکبەرم بەکار هێناوە، بەڵام زۆر

بەتێکشکاوی لەناو تەقینەوە و سووتانی خەڵك، یانی هەست ئەکەیت ئەو ئەللاهو ئەکبەرەی بەیانیان نیە، جا تێکشکاندنی دەنگ تۆ دەتوانی لە سینەماش بەکاری بێنیت.

**نیهاد جامی:** ئێمە ئیقاعمان نیە، بەڵکو ئاستی بینینمان هەیە، ئەگەر زۆرجار سەیرکەی هێلەکە ئاسۆییە، دواتر وێنەکە دەگۆڕێ دەبێ بە ستوونی، ئەوەش کاتێ پڕۆسەی شانۆ لەناو شانۆمان هەیە، کاتێ هەڵدەستن بە نمایشی ئۆدیبی سۆفۆکلیس ئیتر بۆ ئەوەی پێمان بڵێت ئەوە پڕۆسەی شانۆیە ئاستی بینین دەچێتە ستوونی، لەوێ ڕەنگە کەمتر ئەو وێنەیە بە ڕۆشنی ببینرێت، کەمەبەستیشمانە لەڕوناکیدا نەبینرێت، چونکە تاوانی کوشتنی باوکە لە ئۆدیبدا، کاتێ دارەکە ئەکات بە شمشێر لەتاریکیەکەدا لێی دەدات لەوێدا ئۆدیب باوکی دەکوژێت، بەڵام لەکوێ مەبەستە ببینرێت؟ کاتێ جۆکاستا لێرە دەردەکەوێت، کاتێ دارەکە ئەکات بە شمشێر و بەزەبری دارەکە دەسەڵات وەدەست دێنێتەوە، کە ڕێك تەئویلی فرۆیدیە، دارەکە دەبێتەوە ئەندامی سێکسی نێرینە، بۆ وەڵامی مامۆستا تارق حەزئەکەم ئەوەی پێبڵێم کە ئێمە ئیقاعمان نیە، بەڵکو ئاستی بینینمان هەیە، ئەکرێ ئاستی بینین کە گۆڕا تۆ ناوی بنێیت ئیقاع من پێی ئەڵێم گۆڕینی ئاستی بینینی وێنە، وێنە لە ڕەهەندێکەوە ئەچێتە ڕەهەندێکیترەوە.

سیروان بێلانە: ئەگەر بکرێ لەسەر بونیادی جەستە و دەنگ سەرنجێکم هەیە، ئەگەر دەنگ نەبوایە من نەمدەزانی کولتوری هندی ئامادەبوونی هەیە لەناو کارەکەدا، ئەوەی بەمن گەیشت لەڕێگەی دەنگەوە بوو، کە سرووتێکی هندی هەبوو ئەوە من لەڕێگەی دەنگەوە پێم گەیشت زانیم کولتوری هندی لەناو شانۆگەریەکەدا بوونی هەیە، کولتوری کوردی بوونی هەیە.. کولتوری یۆنانی بوونی هەیە، جولەکانیش کە من باس دەکەم جولەیەکم بەسەردا تێپەڕیووە کەباس ئەکەم ئیباحەی سێکسی ئەوە ئەوە ناگەیەنێ کە تاریکیەکە وای لێکردبم هیچم نەبینیبێت، (ئەبی هۆڵ) باوکی ئۆدیب من لەوێ وابینیم ئەو کەسێتیە دڕندە و ناشیرینە تۆ جوانت کردبوو، چونکە تۆ گەڕاندووتەوە بۆ



سەرەتای مرۆڤ کە کردووتەوە شەمپازیەك بۆ من، کەسێکی توندوتیژی وەکو باوکی ئۆدیب ئەو ڕەفتارانەی کە هەبووبێت جوان بووە ئەوە لەڕێگەی جولەوە من بینیم، یانی تاریکیەکە وای لەمن نەکرد کە ئەوە نەبینم کە ئەبی هۆل بۆوە شەمپازیەك و گەڕاوە وەکو مرۆڤێکی نیاندرتاڵ، یانی کەباس دەکەین لەهەردوو لایەنەوە لە بونیادی دەنگ و بونیادی جەستەوە پێم گەیشتووە، بەڵام ڕەنگە لەهەردوو لاوە لێم ڕۆیشتبێ، بۆ نمونە من کەسێکم بەعەیبی نازانم ئامورا مانای چیە؟ ئەوەی کەتۆ باست کرد من لە بنەڕەتدا ووشەکە نازانم.

**ئەسعەد عومەر:** ئاهورا

**سیروان بێلانە:** ئاهورا، ئەمە شەرم نیە کە من بڵێم نایزانم، بەڵام کەسمان هەیە دەڵێ تێیگەیشتم، من موغم پێگەیشت، بەڵام ئاهورا نەمزانی مەبەست چیە.. پێم نەگەیشتووە خۆ ئەوە شەرم نیە، ئەگەر بڵێم لەسەدا سەد ئیشەکەم هەموو پێ گەیشتووە نا ئەوە بینینی منە.

**فریاد ئەحمەد:** میتۆد لەم نمایشەدا تاچەند توانای ئەوەی هەبوو بونیادێکی جیاواز لە ئەفسانە ببەخشێت، یانی ئەفسانەیەکی یۆنانی چۆن بە جۆرێکی جیاواز لەڕێی ڕیتوالەوە لەم نمایشەدا بونیات بنرێتەوە؟

تارق ناسح: من هەر لەسەرەتاوە پێتم ووت، ئەمە دیمەنێك بوو لە (یادەوەری دەنگ) ئەوە بۆچوونی منە لەم ئیشەی نیهاد دا، ئیتر من ئاوا لێی گەیشتومە لە ئیشەکەدا، نیهاد ئێستا هەندێ شتیشی بۆم باسکرد، بەس من نەگەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی بڵێم ئەم ئیشە ئیشێکیتر بووە، بەس لەڕووی ئەوشتانەی کەوا باسم کرد، تەنیا لەڕووی ئەو شتانەوە دەتوانم بڵێم گۆڕاوە، لەڕوویەکیتردا هێشتا نەگەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە بڵێم گۆڕاوە.

**سیروان بێلانە:** بەیارمەتیتان جارێ ئێمە هەر چوارمان نیهادیش وەك دەرهێنەر ئایا ئێمە هەموومان کارەکەمان تا کۆتایی بینیووە؟

**تارق ناسح:** من تاکۆتایی بینیم، بەڵام یەك شتێکت پێبڵێم، بۆیە ووتم جوانترین شت کەمن هاتمە ژوورەوە ئەو هینەبوو ئەوەی سەرەتا، دواتر

دانیشتنەکەی کاردۆ و دیدار ئەو سرووتەی بۆمن درووست کرد کەمن هاتمە ناو شتێکی کولتوریەوە، بەڵام لەنیوەدا بەڕاستی من ئەو تۆز و خۆڵە وای لێمکرد تەرکیزم لەسەر شانۆگەریەکە نەبات، وام لێهات هەر دەرنەچوومە دەرەوە هەر لە ژوورەوە بووم بەس تەرکیزم نەما، تەرکیزم نەما لەسەر شتەکان، هەتاکو ئیقاعەکە کە ئیقاعەکەی کرد من تەواو بووم.

**حوسێن سیودین:** من ئەو تێبینیەی نیهادم زۆر پێ جوان بوو، لەپاش نمایشەکە ووتی "ئێمە وەختانێك سەردەمانێك لەناو ئەو فتیلە و تەپ و تۆزە ژیاین وەکو نەتەوە، بەس ئێستا نمایشێکی نیو سەعاتیمان تەحەمول نەکرد" من بەڕاستی ئەوەم زۆر پێ جوان بوو، هەق بوو تۆش تەحەمولی بکەی.

**نیهاد جامی:** زۆرجار مامۆستا تارق دەڵێت دووبارە کردنەوەی (یادەوەری دەنگ) ی تیا بوو، ئەو حوکمە ڕەهایە زۆرجار دەرەنجامی تێگەیشتنێکی قووڵە لە شانۆدا یاخود ئەگەر وابوو تۆ هەموو بونیادەکان هەڵدەوشێنیتەوە لە سێنتەری گوتار ئەدەیت بۆ ئەوەی سێنتەری گوتار هەڵوەشێنیتەوە، هەموو بونیادەکان دەخەیتە بەر لە سیستمی ڕێکخەری گوتار، ئەوە تێگەیشتنی (جاك دریدا) یە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری گوتار کە دەڵێت "چۆن دوای هەڵوەشاندنەوەی گوتار جارێکیتر بونیادەکان دەنووسینەوە" چونکە یەکێك لە تایبتمەندیە جوانەکانی بونیاد ئەوەیە وەك گوتار سێنتەری نیە، لێرەوە ئەوەی تارقی وا لێکردووە حوکمی ڕەها بدات لەژێر ئەو تێگەیشتنەوە پەیوەندی بە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری گوتار نیە، بەڵکو پەیوەندی بە ڕیتوالە کە ئەو نەیتوانیوە بونیادێکی بەشداربووی ناو ڕیتوال بێت، بە بەڵگەی ئەوەی خۆی دەڵێت تەرکیزی نەماوە و لووتی گرتووە بۆ ئەوەی نەخنکێت، ئەوەش دەمانگەیەنێ بەو دەرەنجامەی ئەو حوکمەت پەیوەندی بە لاوازی مەعریفەی تۆوە هەیە بۆ ڕیتوال، لەبەر ئەوە مەرجنیە هەموو شانۆکارێك لە چەمکی ڕیتوال تێبگات، دواتر ئەو پرسیارەی فریاد تۆ دەیڵێیت کە بەداخەوە مامۆستا تارق بەلایدا نەچوو، پەیوەندی ڕیتوال بە ئەفسانەوە، لە ئەفسانە گریکیەکە ڕیتواڵێك هەبێت پەتاکەیە، کە پەتاکە ڕوو



دەدات ئۆدیب پرسیاری ئەوە دەکات کە بزانن هۆکارەکەی چیە کاتێ قەشەکە پێی دەڵێت هۆیەکەی تۆیە چونکە باوکی خۆت کوشتووە و دایکی خۆت مارە کردۆتەوە، جوانترین ڕیتواڵ لەم ئەفسانەیە بەرهەم بێت ئەوەیە جۆکاستای دایکی خۆی دەکوژێت ئۆدیبیش چاوەکانی خۆی هەڵدەکۆڵێ، ئەو ڕیتواڵە لای ئێمە چۆن گۆڕاوە؟ کاتێ هەرسێ کوڕەکانی ئۆدیب بەرەو لای باوکیان دەڕۆن ناڵێن ئۆدیب دەڵێن موغ هاوار دەکەن ببن بە موغی زەردەشتی، کاتێ کچەکە دێت ئەو هاوار لە ئۆدیب دەکات، ئۆدیب چونکە لەسەرەتاوە بێبەش بوونێکی سێکسی تیایە بەرەولای ژنەکە ئەڕوات، سەرەنجامی کوڕەکانی وەك کاردانەوەیەکی ئەخلاقی چاوی خۆیان هەڵدەکۆڵن، بەهەمان دەرەنجامی ئۆدیب، ئۆدیبی زەردەشتی ئیفلیج بوو، بەدوای ئەو کاردانەوە ئەخلاقیەی کوڕەکانی کە کوێریان هەڵبژارد وەك باوکیان ئەوانیش ئیفلیج بوون، پێم وایە ئەوە گۆڕینی ئێمەیە، ئەو ڕیتواڵەی ئێمە دەیکەین ئەوەیە وا دەکات لە دەرەنجامەکانی ئەفسانەکە نەچینەوە، لە دەرەنجامێك دەچین بەرەنجامی ڕیتواڵی ئێمە بێت.

**سیروان بێلانە:** ویستم ڕوونکردنەویەك بدەم بەڵام دیارە نزیکە لە قسەکانی نیهادەوە بۆیە دووبارە ئەبێتەوە، لەبەر ئەوە با قسەی لەسەر نەکەم.

**فریاد ئەحمەد:** مەرجە بۆ شانۆیەکی سروت ئامێزی قسە لەسەر تێگەیشتنی بینەر بکرێت؟

**ئەسعەد عومەر:** بەبینی من ووشەی تێگەیشتن لەشوێنی خۆی نیە، بەڵکو بینەر چەند ئەو دەنگە یا ئەو ڕەنگە هەستی پێکرد، دەمەوێ لەسەر ئەو دووبارە بوونەوەیە بوەستم، بەداخەوە نەمن و نە حوسێن ئەو کارەی ڕابردوو کە باسی دەکرێت نەمانبینیووە، ئەوەی من لەم شانۆگەریە تێیگەیشتم بەتایبەت دوای ئەم دانیشتنەش نیهاد عەودالە عەودالی شت گەلێکە بەدوایدا دەگەڕێت، لەنمایشێکی لەمجۆرەدا هەرچی ناوێکی لێدەنێیت دەیەوێ شتێك هەڵێنجێنێت لە دەنگ و لە جەستە، بە بینینی من زۆر کارێکی ئاساییە لەکاتی گەڕان و پشکنیندا لەکارێکەوە بۆ کارێکیتر لێکچوون هەبێت، ئەگەر تەماشای

کەسێکی وەکو بابلۆ بیکاسۆ بکەین خەریکی پشکنینی ڕەنگەکانە، تابلۆ شینەکانی لێکچوونی تێدا هەیە، بەڵام لێکیش ناچێت، لێکچوونی تێدایە لە ڕەنگەکاندا، بەڵام لەسەرجەمی تابلۆکەدا ئەم شینەی ئێرەی تێکشکاندووە لێرە بە شێوەیەکیتر بەکاری هێناوە، بۆیە دیسان ئەڵێم من شانۆگەریەکەی پێشووم نەبینیووە، بەڵام ئەوەندەی باس دەکرێت کە دووبارە بوونەوە یا لێکچوون هەیە لەنێوان ئەم دوانەدا لەوانەیە نیهاد ئەو دەنگەی لەوێ بەکاری هێناوە لێرە هەمان دەنگی بەکارهێناوە، بەڵام وەزیفەیەکیتری پێداوە.

**نیهاد جامی:** ببوورە ئەم حالەتەمان نەبووە

**ئەسعەد عومەر:** نازانم، دەنگ لێرە بەهایەکی هەیە، ئەتوانی لێرە جارێکیتر بەکاری بێنیتەوە بەهایەکی تری پێبدەیت.

**تارق ناسح:** باسی ئەوەمکرد، بێنە ئیشێکی نیهاد بەبێ ئەوەی نیهاد خۆی لەوێ بێت، دەزانم ئەوە دەستی نیهادی تیایە، جێ دەستی نیهادی پێوەیە.

**ئەسعەد عومەر:** جائەوە باشە

**تارق ناسح:** ناڵێم، دەمن ووتم خۆ ئەمە ڕەخنە نیە، وتم خۆ ئەمە هەیە، لەبەر ئەوە لە ئیشێکەوە بۆ ئیشێکیتر خۆی شتەکان لەیەك هەر دەچن.

**فریاد ئەحمەد:** سرووتی هندیە سوورەکان و سرووتی پەرستگا زەردەشتیەکان توانیان ئۆدیبی سۆفۆکلیس بگۆڕن بۆ ئۆدیبی زەردەشت؟

**سیروان بێلانە:** لای من بەڵێ، باسیشم کرد، لەبەرئەوەی گۆڕانکاری کراوە، ئەگەر ڕیتواڵی زەردەشت کاریگەری نەبێت بەسەر ئۆدیبدا باوکی ئۆدیب نەدەگۆڕاو نەدەبووە ئەو مرۆڤە کە بگەڕێتەوە بۆ مرۆڤی سەرەتایی، بەڵام نازانم ئەفسانەی کوردی کە بەکار هێنرابێت دوور لە سرووتی زەردەشتی بوونی چیبوو، ئەمە نازانم بەڵام کاریگەری ڕیتواڵەکە بەسەر ئەفسانە یۆنانیەکە و هندیەکەدا دیاربوو کاریگەریەکی باش بوو لەبەر ئەوەی ئیشەکەی جولاند شانۆکەی جولاند کەسایەتیەکانی جولاند، بۆیە ئەڵێم بەڵێ کاریگەری هەبوو، بەڵام وەکو ئەفسانە تۆ بڵێی پەیوەندی ئەفسانە لەنێوان هەرسێ کولتورەکە، هەست ئەکەم ئەفسانەی کوردیم تیا نەبینی.



**نیهاد جامی:** شتێك نیە پێی بڵێین ئەفسانەی کوردی.

**سیروان بێلانە:** من وا تێگەیشتم.

**فریاد ئەحمەد:** کاتێ نمایشێکی شانۆیی پیادەی بنەماکانی شانۆی لەجۆری دەق و ڕوناکی و هتد نەکات و هەموو ئەمانە ڕەتبکاتەوە، پێویستت بە شانۆناسی هەیە، بەواتای زانستێك لەمە بکۆڵێتەوە، ئایا توێژینەوەی زانستێك لەناو شانۆدا پێویستی بە چ عەقڵێك هەیە بۆ خوێندنەوە؟

**نیهاد جامی:** ئەو چەمکە (شانۆناسی) پێشتریش لەگەڵ تۆ قسەم لێیکرد، ئێستا ئێمە خەریکی تیۆریزەکردنی ئەو قۆناغە ئەزموونکاریەین بەناوی (سۆسیۆلۆژیای شانۆ) لەوێ پرسیاری ئەوە دەکەین: شانۆناسی چیە؟ لە شانۆناسی هەموو کتێبە قەبەکانی شانۆ ناتوانن فریای تۆ بکەون، هەموو ئەو کتێبانەی باس لە شێوازی دەرهێنانی شانۆیی دەکەن هیچ سوودێك بە تۆ ناگەیەنن، بەقەد ئەوەی تۆ دەبێ ئەو پەیوەندیە کولتوریە بدۆزیتەوە لەنێوان (زانست و کولتور) بۆئەوەی لە دەرەنجامی ئەو پەیوەندیە زانستێکی شانۆیی بۆتۆ دروووست بکات پێی بڵێین "ئەمە شانۆناسیە" ئەوەی زۆر زۆر بەلای منەوە گرنگە و هەمیشە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم و کتێب و نووسینی لەبارەوە بنووسین ئەوەیە: پەیوەندی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری و سۆسیۆلۆژیا چیە لە شانۆدا؟ ئێمە تاچەند دەتوانین ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری تەنیا ڕەهەندە کولتوریەکەی وەربگرین لەگەڵ سۆسیۆلۆژیا (کۆمەڵناسی) چونکە لەلای ئێمە شانۆناسی لەناو کتیبەکانی شانۆوە ئیش ناکات، شانۆناسی لەناو زانستەکانەوە دێتە دەرەوە و ئەپەڕێتەوە بۆ ڕووبەرە جیاوازەکانی نمایش، ئەوەش وای لێکردووین شانۆ وەك شانۆ بناسین، ئەگەر ئەو دەستەواژەیەی گرۆتۆفسکی ڕاست بێت، گەر ڕاستیش نەبێت بۆ من وەك شانۆکارێك و بۆ تیپەکەی ئێمە تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك زۆر ڕاستە کە دەڵێت "ئێمە لەسەدەی میتا شانۆدا دەژین" واتە هەموو ئەوانەی تۆ پێی دەڵێیت شانۆ ئێمە چووینە سەدەی میتا شانۆ، کەچوویتە سەدەی میتا شانۆ واتا بەرەو زانستێکی شانۆیی ئەچین، ئەوەشیان گریمانەیەك نیە من

پێشنیاری بکەم، ڕەنگە پرۆسەی شانۆناسی تۆ وەك ناو بیلێیت تێزەکانی خۆت لەم کارەدا بنووسیتەوە، بەڵام تۆ دەتوانی قسەکانت بارگاوی بن بەتێڕوانینەکانی ئارتۆ بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ یا بۆ ژینیۆ باربا یا گرۆتۆفسکی یا پیتەر بروك، بروك هەمیشە من تووشی گومانی گەورە گەورە دەکات، سەرەتا کە دەیخوێنمەوە نازانم ئەو قسەیە چیە دەیکات، دوای کە لێی قووڵ دەبمەوەو چەند جارێك دەیخوێنمەوە تێدەگەم لەوەی دەیەوێ بیلێیت، بەتایبەت کاتێ دەبینم ئەو دووکەس زۆر بەقووڵی کاریگەریان لەسەری جێهێشتووە خۆشی ئەو کاریگەریە ناشارێتەوە، ئەوانیش (سامۆئیل بیکت) و (بڕتۆڵد برێخت) ە، کە باسی برێخت دەکات، ماوەیەکی زۆر بەوە خەریك بووم بۆ بروك بە برێخت بەو قووڵیەوە خەریکە ئەو سەرسامیەی لەکوێوە هاتووە، دوایی لەوە تێگەیشتم ئەو شانۆ فرە کولتوریەی باسی دەکات لەڕۆحی شانۆی داستانی برێخت بوونی هەیە، ئەوە یەك دوو ئەو پەیوەندیە و لادان بۆ بونیادنانی سرووت خاڵێکی زۆر زۆر جەوهەریە کە لە برێختەوە کەشفی دەکات، بەڵام چارەسەریەکانی ئەو پەیوەندیە لە شانۆدا بەهیچ شێوەیەك بەو دەرەنجامەی برێخت ناگەڕێتەوە، بۆیە تۆ کاتێ ستراتیژی ئیشکردنی گرۆتۆفسکی سەیردەکەی ئەکرێ زۆر زۆر جیاواز بیت لەو زانستە و دەرەنجام ئێمە بتوانین بەوە بگەین بڵێین ئەوە شانۆناسی ئێمەیە.

**"لێرەوە تارق ناسح لە گفتوگۆکان نەماوە وەك خۆی ووتی دەبێت بڕوات چونکە پڕۆڤەی هەیە"**

فریاد ئەحمەد: ئایا زەمینەیەکی شانۆیی هەیە بۆ شانۆیەکی فرە کولتوریی؟ ئەگەر ئۆدیبی زەردەشت بە نموونە وەربگرین.

**سیروان بێلانە:** ئەو ڕۆژەش لە کۆڕەکەدا پرسیارێکم کرد نیهاد پرسیارەکەی کردە سەر کەرکوك، من ووتم شانۆکارانی کەرکوك، ووتم تاچەند فرە کولتوری خزمەت بە ئێستای شانۆی کەرکوك دەگەیەنێت؟ ئەگەر بێینە سەر شانۆی فرە کولتوری نیهاد لە کۆڕەکە ئاماژەی پێدا سوودی لە بروك وەرگرتووە، بروك لە ١٩٧٢ لەشیراز لە ئێران کارێکی کردووە ٢٥ ئەکتەر بەکار ئەهێنێت، ٥



ئەمریکی ٣ ئینگلیزی و کامیرۆنیەك و یابانیەك فرە کولتوری لە ١٩٧٢ وە ئیشی کردووە ئەم قۆناغی تائێستا بەردەوامە ئەزانێ لەسەر ئاستی جیهان خزمەت ئەگەیەنێت، بەڵام پرسیارەکە لێرەیە لە کەرکوك بۆئەم قۆناغەی ئێستەمان فرە کولتوری خزمەت بە شانۆی کوردی ئەگەیەنێت؟

**نیهاد جامی:** تێگەیشتنی ئیمە بۆ فرەکولتوری جیاوازە، بەهۆی ئەوەی ئەو شانۆیە پێشنیارێکی بروکە، بەڵام دەرەنجامەکانی ئەوم بۆ ئەو شانۆیە قەبووڵ نیە، شانۆی فرەکولتوری لای من بریتی نیە لەکۆمەڵە ئەکتەرێکی کولتور جیاواز.

ئەسعەد عومەر: ئەبێ ئەوە جیا بکرێتەوە، قسەکەی خۆت بیرنەچێت، لە فەڕەنساش گروپێکی شانۆیی زۆر بەناوبانگ هەیە لە ئیلیمێنتەکانی کولتوری جیاواز لەلابۆرێکی گەورەدا بەیەکەوە کاردەکەن، دەبێ ئەوە جیاکرێتەوە بۆ نموونە باسی برێختم کرد ئەفسانەی یابانی وەرگرتووە هێناویەتی کردوویەتیە شانۆگەری، یان نیهاد ئۆدیبی گریکی وەرگرتووە لەگەڵ هندیە سوورەکان و لەگەڵ زەردەشتیەت تێکەڵی کردووە ئەمە بابەت تێکەڵی کردووە نەك ئەکتەرەکان.

**نیهاد جامی:** ئەو جیاکاریە زۆر گرنگە، دواتر ئایا بۆ کەرکوك پێویستیەکە شانۆی فرە کولتوریمان هەبێت، پێم وایە بەڵێ.. نەك لەبەر ئەوەی زەمینەی شاری کەرکوك لەبارە، نا بەڵکو لەبەر ئەوەی زەمینەی ئیشکردنی من لە شانۆ لەکەرکوك لەبارە، زۆرجار پرسیاری ئەوە لەمن دەکرێ بۆ لەهەولێر لەماوەی ١٠ ساڵدا پێنج کاری شانۆیم کردووە، لە کەرکوك لە ٢٠٠٦ (٢) کارم کردووە لە ٢٠٠٧ (٤) کارم کردووە ئەوە سەرەتای ٢٠٠٨ ئەو کارەم کردووە لەوانەیە هەر ئەمساڵ (٤) ئیشی تریش بکەم، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو ئەکتەرانەی لەگەڵمدا کار دەکەن چاوەڕوانی پادداشت نین، خۆشم ناچم نووسراوی ڕەسمی بکەم بۆ ئەوەی هۆڵم پێبدەن، قەلاّ کە ئەچمە ناوی هەموو کون و کەلەبەرەکانی شارەزام، قشڵەیە ئەچمە ناوی، ئەوانە وات لێدەکەن تۆ لەشانۆدا بەردەوام لەگەڕاندابیت، دوایی من چیبکەم ئەوە ڕاستە چوار مانگ

دانیشم بۆ ئەوەی بڵێن کەم ئیش دەکات، ئیتر زەمینەی ئەم شانۆ فرە کولتوریە بۆمن لەبارە، لەوانەی بۆ برادەرێکیتر لەبار نەبێت.

سیروان بێلانە: بروك کە من ئەو نموونەیەم هێناوە تەنیا جنسیەکانی کۆ نەکردۆتەوە، بەڵکو ڕیتواڵی ئەو وولاّتانەی کۆکردۆتەوە، گفتوگۆیان کردووە دەرەنجام گەیشتوونەتە ئەوە ئۆرگاست ئەنجام بدەن، ئەوانە کە نمایشی کردووە وەکو کولتور نەك وەکو جنسیات.

ئەسعەد عومەر: من مەبەستم ئەوەبوو جیاوازیەکە بکرێت، لەلایان نیهاد ئەمەی دووەمیان نیە، هەرچەندە پێکهاتەی کۆمەڵاّیەتی شاری کەرکوك لەبارە، بەڵاّم لەم کارەیدا نەمبینی تورکمان یان عەرەبی تیا بێت.

**نیهاد جامی:** ناشتی وانیە، ئەوە جیاوازیەکەیە پیویستە دەست نیشانی بکەین.

فریاد ئەحمەد: کارەکتەر بەمانای کەسێتی درامی لەم ئەزموونەدا بوونی نیە، ئایا نەبوونی کارەکتەر توانیویەتی ئەلتەرناتیڤێکی شانۆیی بدۆزێتەوە؟

**ئەسعەد عومەر:** دەمەوێ پێش ئەوەی لەسەر وەلاّمی ئەم پرسیارە بوەستم، نموونەیەکی تر بێنمەوە، لە ئەمستردام شانۆیەکی هاوینە هەیە لەناو دارستانێکدا دەکرێت، هەموو ساڵێك کار دەکرێت لەم دارستانە، گروپێکیان هەیە، جارێکیان شانۆگەری (ماکبێس) ی شکسپیریان پێشکەش کرد، ماکبێس ئەسوڕێت دەوری ماکبێس، ئەکتەر یەك کارەکتەر نیە، لەهەر دەورەیەکدا وەکو چۆن باسکە هەیە، هەرجاری یەکێکیان ئەبێت بە ماکبێس تەنانەت کچەکانیش ئیتر ئەسووڕێت، (هاملێت) م بینی لە ئەمستردام، تەنها هاملێت نیە دەڵێت "من هەم یان نیم ئەمەیە گرفتەکە" مامیشی وا دەڵێت.. دایکیشی وا دەڵێت.. پاسەوانی بەردەرگاکەش وادەڵێت، یانی کارەکتەرێك نیە بەتەنیا ئەوە لەشانۆی کلاسیکدایە هەرکەسێك دەورێك دەبینێ، بەلاّم لە شانۆی نوێدا جا هەر ناوێکی تری لێ ئەنێیت.. بوونی یەك ئەکاتەر بۆیەك کارەکتەر هەڵدەوەشێتەوە، هەموویان بەیەکەوە دەبنە کارەکتەرەکەو بەتۆ شتێك ئەڵێن، ئینجا چۆنی ناو دەنێیت لێرانە کە دەڵێی ئۆدیب کاتێ مرۆڤێك



تەناسوخ دەکات دەگەڕێتەوە دەبێ بە نیاندرتالێك یا زەردەشتێك لەیەکەوە بۆ یەکێکیتر باز دەدات، یا نەبوونی ئەکتەر بۆ کارەکتەرێکی دیاری کراو خزمەت بە شانۆگەریەکە دەگەیەنێ بەپێچەوانەوە کە زەرەری هەبووبێت.

**نیهاد جامی:** دەمەوێ قسەکەی ئەسعەد تەواو بکەم لەم ئیشەی کە ئەو دەیلێت کە بۆ ئێمە زۆر زۆر گرنگە کە بە ئاگایشەوە ئەوە دەکەین لە بێئاگاییەوە نایکەین، لەهەموو نمایشێکی پێرفۆرمانسی ئێمەدا کارەکتەر بوونی نیە، چونکە فیگورمان هەیە، ئامادەبوونی فیگور لەکارەکەدا ئامادەبوونی خۆیەتی نەك کارەکتەرێك، هەموو فیگورەکان بەیەکەوەش دەبنەوە کارەکتەرەکە، ئێستا بیر لە پڕۆژەیەکی نوێ دەکەمەوە بەناوی (وەهای ژەنی زەردەشت) کە لەناونیشانی کتێبەکەی نیتچە وە وەرگیراوە (وەهای گوت زەردەشت) ئەم پارچە مۆسیقایە لەلایان مۆسیقاژەن هێمن حەمە جەزا وە دانراوە، بیر لەو کارە دەکەمەوە، سێ کارەکتەر هەرسێکیان هەڵدەستن بە کەسایەتی زەردەشت، هەرسێکیشیان کچن، نمایشەکە کوڕێکی تیا نابێت نوێنەرایەتی زەردەشتیش دەکەن، خۆ زەردەشت نە مۆسیقاژەن بووە وە نەکچیش بوو، لەم نمایشە پێرفۆرمانسیانەدا تۆ هێندەی کێشەکە دەخەیتە ڕوو، هێندە بەرەو لای ئەوە ناچیت کێ بە کارەکتەرەکە هەڵدەستێت، لە نمایشی (ئۆدیبی زەردەشت) سەرەتا کارگەر ئۆدیب بوو، کاردۆ کارەکتەرەکەی لێ وەردەگرتەوە.

ئەسعەد عومەر: ئەوانەی باست کرد من زۆر بەڕوونی بینیم، لەسەر مەسەلەی کچەکانیش کە سێ کچ ببنەوە زەردەشت، لەهۆڵەندا من دەقێکی شانۆیم لەلایان دەرهێنەرێکی جەزائیریم بەدەست گەیشت بەناوی (کەریم ترەیگی) لەدەقەکەیدا سێ ئەکتەرن دەیانەوێ تەمسیلی (عیسا و موسا و محەمەد) بکەن، کە دێتە سەر موحەمەد جورئەت ناکەن کەسیان بیکەن، بەلاّم سێ ئەکتەرەکە سێ ئەکتەری کچن، وەك ئەوەی تۆ دەتەوێ کاری تیا بکەی، دەقەکەم لایە نیازمە بیکەمە کوردی و بیدەینە یەکێك کە کاری لەسەر بکات.

**نیهاد جامی:** جاوەکو ووتم ئێمە کارەکتەرمان نیە، ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ئەزموونی پێشووش (یادەوەری دەنگ) دوو کوڕ و کچێك هەبوو، هیچ لەم دوو کوڕە کوڕ نەبوون کچەکەش کچ نەبوو، هەرسێکیان وەکو یەك لەنێوان ئۆبجێکت و سۆبجێکت یەکتریان وەردەگرت و تەسلیم دەکردەوە، ئەوانە زۆرجار لەوێ تووشی ڕەشبین و نائومێدیمان دەکەن کە قسە لە پرۆسەی شانۆ خۆی ناکرێت، کاتێ نمایشەکە تەواو بوو قسەکردنەکە هێندەی لەسەر دووکەڵ و خنکان و ئاگر بوو، قسەکردن نەبوو لەسەر شانۆیەکە خۆی، تەنانەت لە کۆڕەکەش هەندێ برادەر پرسیاری ئەوەیان کرد بۆ لەباتی ئەو شووشە چرایانە مۆمت دانەناوە، ئەزانی دەلالەتەکە چەند ئەگۆڕێ؟ لەوکاتەدا بیرت لەوە نەکردەوە ئەو دەلالەتە چۆن ئەگۆڕێت، جارێ واز لەوە بێنە کە ئەو چرایە پەیوەندی بە ڕۆحی کوردی و ماڵی کوردیەوە هەیە کە بەدوای ڕاپەڕینی نەوەت و یەك ئەو چرایە هاتە ناوماڵەکانمان، ئێمە کاتێ ویستمان ئازادی وەدەست بێنین لە ڕاپەڕیندا ڕوناکیمان لەدەستدا، ئەو سەلاجە و موجەمیدەیەی تۆ هەتە لەسەردەمی بەعسدا کە ئەبێ بە ڕاپەڕین کارەبا نامێنێ دەبی بیکەیت بە دۆلابی جل و بەرگ، ئەکرێ مناڵەکانت پیسایی تیا بکەن و وەك ئاودەست سەیری بکەن، کە ئازادی وەدەست دێنیت کۆمەڵێك شتی تر لەدەست دەدەیت، بەڵام بەداخەوە هەندێك کەس نەك لەسەر شانۆ قسە بکەن، بەڵکو گەر تەنیا لە ئەزموونی تایبەتی خۆیەوە قسە بکات خۆی لەم نمایشە بە نزیك دەبینێت، لێرەوە هەندێك پێیان وایە ئەوکارانە واقعی نین، بەڵام ئەوە من وا سەیری واقیع دەکەم، سەرەنجام واقیع چیە؟ واقیع بریتی نیە لە گواستنەوەی دیمەنە سادەکانی ناو ژیان، لەو بارەیەوە پیتەر بروك قسەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێت "واقعیەت بریتی نیە لەدیکۆرێکی لاسایی کەرەوەیەکی ڕووت بۆ شانۆ" لەم گۆشە نیگایەوە هەست ئەکەم کارەکانی من زۆر واقعین، بەهۆی ئەوەی لە واقعی ئەم شارە قسە دەکەن، بەڵام واقیع ئەوە نیە کە ماڵت هەبوو دەبێ جاجمێك دابنێی، دەنا ئێمە لە



ژیانی ئاسایی خەڵکەوە دوور نین، جیاوازیەکە لەوەدایە ئێمە ئەو ژیانە چۆنە ئەبینین؟ تەنها لەو جیاوازیەوە دەست پێدەکەین.

**سیروان بێلانە:** نەبوونی کارەکتەر بەرهەمی قۆناغی پاش تازەگەری نیە، بەڵکو لە قۆناغی تازەگەریشدا هەبووە.

**فریاد ئەحمەد:** لەم نمایشەدا سینۆگرافیا چیبوو؟ ئایا سینۆگرافیا توانیبووی زمانێکی ناتەبا و جیاواز لەشانۆدا بخوڵقێنێت؟

**سیروان بێلانە:** ئەگەر ئێمە بەو مەفهومەی زۆربەی شانۆکارانی کەرکوك کە سینۆگرافیا ڕوناکی و مۆسیقاو جلو بەرگ و دیکۆرە واتە سینۆگرافیا نەبوو لەم ئیشە، بەڕاستی ئەوە تێگەیشتنێکی هەڵەیە کە زۆربەی شانۆکاران وا لە سینۆگرافیا تێدەگەن، بەڵام نا لەم کارەدا من سینۆگرافیام بینی، سینۆگرافیا بەو مانا زانستیەی کە من لێی تێدەگەم هەقم بەوان نیە چۆن لێی تێدەگەن، بەڕاستی سینۆگرافیا لەم نمایشەدا کاریگەری هەبوو بوونی هەبوو لەبەر ئەوەی بە تێگەیشتن کراوە، کەتۆ سینۆگرافیایەك دانێی لە خزمەتی ئیشدا بێت و بتەوێ گۆڕانکاری بکات کە تێگەیشتن هەبوو بەڵێ سینۆگرافیا ڕۆڵی بینیووە.

**فریاد ئەحمەد:** داڕشتنەوەی پانتایی شانۆ خوڵقاندنەوەی سینۆگرافیا بوو لەڕێگەی جەستە و ئاگر و دەنگەوە، ئایا سینۆگرافیا توانی پەیوەندیەکی نوێ لەنێوان ئەکتەر و بینەر درووست بکات؟

**حوسێن سیودین:** وەکو ووتم لێرە شانۆم زۆر نەدیووە، ئەو شانۆگەریەی لێرە بینیم (ئۆدیبی زەردەشت) لەیەکێ لەشانۆگەریەکان ئەچوو کە لە ئەمستردام بینیوومە، لەبەر ئەوە هەستم ئەکرد پەیوەندیەکی زۆر زۆر هونەری درووست کردووە، تەنیا کەموکورتیەکی هەبوو ئەویش هۆکارێکی ڕوناکی یارمەتیدەر هەبێت، ئەوە مانای وانیە تۆ ئەو ڕوناکیەی داتناوە بیکوژیت، ئەگەر ئەو ڕوناکیە هەبوایە بۆ ئەوەی بینەر زیاتر پەیوەندیەکی هونەری و ئیستاتیکی لەگەڵ نمایشەکەدا درووست بکات، چونکە من وەکو تابلۆ ئیشەکەم ئەبینی، لەگەڵ دەسپێکردن ئاگرکردنەوەکە شکۆ هەر تابلۆیەك بوو لەلای منەوە،

ئەوانیتریش هەروا تابلۆ بوون، بەلآم تابلۆکان لەناو تەپ و تۆز و تاریکیدا وەکو دەرهێنەر خۆشی دانی پیانا ئەوە کەموکورتیەکی کارەکەی بووە، لەبەر ئەوەی هۆکارێکی ڕوناکی یارمەتیدەر نەبووە، ئەوەش بۆ ئەوەیە کە تابلۆکە جوانتر ببینین، بەلآم بەڕاستی من زۆر نزیك ئەبوومەوە لەبەر ئەوەی لەمجۆرە نمایشە زۆر حەز ئەکەم، کۆمەڵێك شتی تەقلیدی جێهێشتووە وەکو باستان کرد، دواتر کارێکە زیاتر نیگاییە سینەمای تۆبۆگرافیە داڕشتنەکە.

**فریاد ئەحمەد:** بەشێك لە بینەران توانایان نەبوو لەناو سرووت ئامادەبن، بەهۆی دووکەڵ و ئاگر و هەر شتێکیتر لەهۆڵەکە نەمانەوە، ئایا چی وا دەکات بینەرێك توانای قبووڵ کردنی سرووتێکی شانۆیی نەبێت؟

**سیروان بێلانە:** من بە نیهادم ووت لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو برادەرانەی لەوێ بوون، ڕەنگە تاکە زەرەرمەند لەم هۆڵەدا من بووم، چونکە من یەك چاوم هەیە.. چاوێکم نابینێت ئەوە ڕۆیشتووە، ئەوەی تریش دکتۆریش پێی ووتوم کە دووکەڵ زۆر کاریگەری بۆی هەیە، بەلآم من کە هاتوومە وەکو شانۆکارێك بۆ ئەوەی بەشداری بکەم لە شانۆیەك، سرووتێك کە قبوولم کرد دەبێ بمێنمەوە.

**حوسێن سیودین:** ڕوونکردنەوەیەکی بچووك ئەدەم، وەڵلآهی ئەوەی ئەیلێی زۆرجوانە، لەفیلمی (ژیانی ڤان کوخ) دا کیر دۆگلآس و ئەنتۆنی کوین تەمسیلی تیا دەکەن، ڤان کوخ لەیەك وەزعێکی ژیانیدا ڕاهیبە، بەلآم لەتەنیشتیەوە کانەیەکی خەڵوزی هەیە، ئیتر ئەو دەڕوات بۆ یارمەتی بەلآم قسەکەر نیە، ئەڕواتە ژوورەوە یارمەتیان ئەدات کە دێتەوە دەرەوە دێتەوە کەنیسەکەی خۆیەوە دوو قەشەی گەورەتر دێن سەیری دەکەن کە تۆچۆن قەشەی پات قووڕە و ئەمانەیە ئەبێ بەشەڕیان، فڕێیان ئەداتە دەرەوە، ئەڵێت "من بەس قەشە نیم لەکەنیسەدا" مەبەستم بەڕاستی جوانیەکە لەوێیە کەتۆ لەوێ بیت، پێم سەیرە زۆر لە خەڵکم ئەبینی کە فیعلەن بە قات و ڕیباتەوە هاتوون لەبواری هونەردا زۆر لەپێشەوەی خەڵکدان، بەلآم وایان ئەکرد ئەچوونە دەرەوە جا پێم سەیر بوو بەڕاستی.



**سیروان بێلانە:** جا بۆ تەواوکردنی قسەکانی حوسێن، کەسێك بەمەبەستی ئەوە هاتبێت شانۆ ببینێت، دیارە ناڕواتەوە، ئەوەشی بۆ ئەوە هاتبێ دڵی نیهاد و ئەکتەرەکان ڕازی بکات بەدڵنیاییەوە لە شانۆکە نامێنێتەوە ئەڕواتە دەرەوە، بینەرێك کەلەوێ ناتوانێ دوو دەقە و سێ دەقە تەقەبوولی ئەوە بکات دەرئەچێتە دەرەوە، کۆمەڵێ شت هەبووە بۆ ئەو یارمەتیدەر بووە بۆئەو بۆ نموونە درووست کردنی دەمامك لەڕێگەی جل و بەرگەکانتانەوە، من بۆ خۆم دەمامکی خۆم داوە، وام کردووە ڕاوەستاوم سەیری ئیشەکەم کردووە، ئەی ئەو ئەکتەرە بەستەزمانانە چیبکەن، لەماوەی نیو سەعاتدا ئەدایان کردووە دووکەڵەکە هەمووی ڕووبەڕووی ئەوان بۆتەوە، کە نەتوانن وەك بینەر خۆیان دەمامك بدەن، ئەوە بەهەڵەیەك دائەنێم بۆ تیپی شانۆی ئەزموونگەری ئەبێ لە ئێستا بەدواوە بزانێت بۆ ئیشەکانی کێ بانگ ئەکات، لەبەر ئەوەی نیهاد خۆی ئەڵێت لای من بینەر ئەو کاریگەریەی نیە دوو کەس بێت و هەزارکەس وەك یەکە، بۆیە ئەبێ لە ئێستە بەدواوە بزانی ئەو کەسانەی کە بانگیان دەکەیت کێن.

**نیهاد جامی:** ئەمویست قسەیەك بکەم سیروان نیوەی کرد، لەمەولا ئەگەر ئێمە خەڵکانێکمان بانگ نەکرد بۆکارەکانمان با گلەیی نەکەن، چونکە دوای نمایشەکە من یەکەم کەس بووم لەهۆڵەکە چوومە دەرەوە، هەموو ئەوانەم بینی کە پێشتر گلەییان کردبوو بۆ بانگهێشتیان ناکەین بۆ کارەکانمان، هەموویان بانگ کرابوون ئەو پیاوە بەڕێز و قات لەبەرانە، تێگەیشتم ئەوانە ئەکرێ بینەری هەموو شتێك بن، میوانی هەمیشەیی بەردەم کامێراکانی تەلەڤزیۆنەکان بن لەژێر وێنەکانیان ناویان بنووسرێت و وەك ڕۆشنبیر بناسرێن، وەك داهێنەر بیان بینین، بەلآم هەرگیز بینەری شانۆیی ئێمە نین، ناتوانن بینەری کارەکانی ئێمەبن، سەیرە ئەوانەی چوونە دەرەوە هەندێکیان لێدوانە تەلەڤزیۆنیەکانیانم دیووە دەڵێن "پیتەر بروك ئاوا سرووت دەکات" یەکێك لەبنەماکانی سرووت بۆنە کە تۆ ناتوانی قبووڵی بکەیت، بۆ باسی بروك

دەکەیت تۆ ناتوانی بینەری سرووتێکی شانۆیی بیت، بۆیە لە کۆتایدا بینـەری ئێمە ژمارەی لە ٣٠ کەس تێناپەڕێت.

**ئەسعەد عومەر:** بەڵام خۆشی لە کۆتایدا ئەم جۆرە شانۆ ڕیتواڵـە یا پۆست مۆدێرنە خۆی بۆ نوخبەیە بەڕاستی، نەك هەر لێرە لەهەموو جیهان، کـاتێ لـە چیاکانی ئەلب نمایشێك دەکرێت خەڵکی نوخبە بەرەو ڕووی دەچن.

**نیهاد جامی:** خـۆ گرۆتۆفسـکیش هـەروا دەڵێـت دەسـت نیشـانی بینەرەکـەی دەکات بە ٢٥ کەس

ئەسعەد **عومەر:** گرۆتۆفسکی خۆی تەماشای بینەری دەکرد، بینـەرێکی بـەدڵ نەبوایە نەیدەکردە ژوورەوە.

**سیروان بێلانە:** بەڵام کێشەی ئێمە لەم شارە ئەوەیە تۆ کەسێك بە نوخبە تـێ دەگەی دواجار دەردەکەوێ نوخبە نیە.

**فریاد ئەحمەد:** من پرسـیارەکانم تـەواو بـوو ئەگـەر ئێـوە قسـەیەکتان مابێـت بیکەن.

**نیهاد جامی:** سوپاس بۆ هەموو بۆچوون و ڕەخنەکانتان، ئەگەر نمایشەکان بۆ نوخبە بن دیارە بوونی گفتوگۆکانیش بازنەیەك بێت بۆ نوخبـە ئێمـە دەزانـین دواجار ئاسۆیەك دەکەینەوە بەرەو ڕووی ئەوانەی دەیانەوێ دیـدی ڕەخنـەیی خۆیـان بخەنـە ڕوو، جـارێکیتریش بـەناوی گۆڤـاری شـانۆکار سـوپاس بـۆ ئامـادەبوونی ئێـوە و بـۆ بەتەنگـەوە هـاتنی بازنـەی ڕەخنـەیی لەسـەر ئـەو ئەزموونە شانۆییە، سوپاس بۆ هاوڕێیانی تیپی شانۆی ئاشتیش کـە هەمیشـە دەرگای ئۆفیسەکەیان شوێنی گفتوگۆ و دانیشتنەکانی ئێمە بووە.



***نیهاد جامی***

*** لەدایکبووی ١٩٧٢/٣/٥ لە گەڕەکی حەمام عەلی بەگی شاری کەرکوك**

*** دامەزرێنەری تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك**

*** سەرنووسەری گۆڤاری شانۆکار**

*** خاوەنی خەڵاتی باشترین دەرهێنەری شانۆیی وەرگرتووە لە فێستڤاڵی شانۆی یەکەمی هەولێری وەزارەتی ڕۆشنبیریی ١٩٩٥**

*** سیانزە ساڵە وەك دەرهێنەر و ڕەخنـەگر بەشداری لە بزووتنـەوەی شـانۆ کـردووە، لـە زۆربـەی ڕۆژنامـە و گۆڤارەکـان ووتـار و ڕەخنـەی شـانۆیی نوسـیووە. ئـەم کارانەشـی بـۆ شـانۆ دەرهێنـاوە: لەهـەولێر (لەماڵێکـدا/١٩٩٥، ئەفسـانەی ڕێگـای هـات و نـەهات/١٩٩٧، سەفەرەکانی پەشیمانی/١٩٩٩، عەبا/٢٠٠٠، لیدی ماکبێس/٢٠٠٠،**

یادەوەری جەستە/٢٠٠٥) ئەو بەرهەمانەشی لە کەرکوك نمایش کردووە (پڕۆڤەیەکی شانۆیی لە چاوەڕوانی گۆدۆ/٢٠٠٦، خاچ/ ٢٠٠٦، سەگ و دەف/٢٠٠٧، زولێخا لە خەونی یوسفدا/٢٠٠٧، هاملێتی کەرکوك/ ٢٠٠٧، یادەوەری دەنگ/٢٠٠٧، ئۆدیبی زەردەشت/٢٠٠٨، حیکایەتی لم/٢٠٠٨، ئەنتیگۆنای قەلاَ/ ٢٠٠٨)

**بەرهەمە چاپکراوەکانی**

* خودی کوردی لەنێوان کەسێتی دووفاقی و تراژیدیای ئەنفالدا/ ٢٠٠٤
* ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتی/ ٢٠٠٦
* لەبارەی شێخ زاناوە (بەهاوبەشی: زیرەك عەبدوللاَ) ٢٠٠٧
* نائومێدیەکانی شانۆ/٢٠٠٨
* ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری/ ٢٠٠٨
* پەراوێزەکانی شانۆ/ ٢٠٠٨

**لەژێر چاپدا**

* شانۆی پۆست مۆدێرنیتی (لەلایان دەزگای شەفەق چاپ دەکرێت)

**بەرهەمی داهاتوو**

شانۆناسی: کتێبێکە دوو توێژینەوەی گرتۆتە خۆی بەناوەکانی:

* سیمیۆلۆژیای شانۆناسی
* شانۆی پۆلیڤۆنی